# مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

تێری ئیگلتۆن

# مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە:

**عەبدولخالق یەعقووبی**

ئەم وەرگێڕانەم پێشکەشە بە «هۆنیا» –جوانترین
ناوی دنیا–
–وەرگێڕ–

ناوی کتێب: مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی
نووسینی: تێری ئیگلتۆن
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: عەبدولخالق یەعقووبی
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٧٠٩
پیت لێدان: سەهەند سەرتیپ + کاروان نادر
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارە ١٨٢ ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

بۆ ناسینی پێشینەو پرسەکانی ڕەخنەی مارکسیستی، ئەم کتێبە باشترین و پوختترین دەسپێکێکە من تا ئێستا بینیبێتم.

فریدریك جیمسۆن(Fredric Jameson)

ناو بەدەرەوەترین ڕەخنەگری ئەدەبی و خەباتکاری ئاکادیمیك... شۆڕشگێڕێکی مارکسیستی هەڵکەوتە و هەڵسووڕ.

ڕۆی فۆستێر، ڕۆژنامەی
گاردییەن (Roy Foster, The Guardian)

مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی بەشێوەیەکی سەرسووڕهێن کامڵ و بێ کەموکورییە. ئیگلتۆن توانیویەتی باسوخواسە سەرەکییەکانی ڕەخنەی مارکسیستی لە ڕۆژئاوا چڕ بکاتەوە، پوختەیەکی زۆر بەکەڵك لەسەر دۆخ و کاری ڕەخنەگران بەدەستەوە بدات، ڕوانگە و پرسگەلی ئەم بوارە بەڕوونی ئاشکرا بکات، و لە هەمان کاتدا بۆچوونی خۆیشی بهێنێتە ئاراوە و دواجار بەئاماژەکردن بۆ خاڵە گرینگ و بڕیاردەرەکانی داهاتوو کۆتایی بەباسەکەی بهێنێت.

پەیوەستی ئەدەبی ڕۆژنامەی تایمز
(The Times Literary Supplement)

## ئاماژەیەکی وەرگێڕ

مارکس لەو ناوانەیە کە نەوەی من، ئەو نەوەیەی سالآنی گەنجیی خۆی لە تەپوتۆزی شەڕی نێوان بنیاد گەراییی دینی و دیموکراسی خوازیی سیکولاریکی دوا سالآنی هەزارەی پێشوودا بە با دەدا، -پێشم وایە بۆ یەك دوو نەوەی پێش منیش کەموزۆر هەر وا بووە- بەردەوام دەیبیسین و بێ بڕانەوە بە گوێماندا دراوە کە گۆیا هەتا بڵێی ناوێکی گرینگ و شایانی ئەوەیە لێی تێ بگەین و شوێنی لێ وەرگرین، تەنانەت هەندێك زێدەڕەوانە و پێداگرانە پێیان وایە پێویستە شوێن پێی هەڵگرین. بەلآم زۆر کەم هەڵکەوتووە کە ئەم پێشنیار و ڕێنوێنییانە لە دەرەوەی گوتارێکی وەعزئامێز و خوتبە خوێنانە و حیزبچییانەدا بێت، و هەر بۆیە نەوەی من کە لە کوردستانی ڕۆژهەلآت باوەڕێکی قووڵی بە هێنانە ئارای شۆڕشێکی بەربلآو لە بواری کولتوور و ئەدەبیات و تەنانەت هزری سیاسیشدا هەبوو نەیدەزانی بۆ هەلآیساندنی ئاگری ئەم شۆڕشە ڕوو لە چ مارکسێك بکات، مارکسی سەر زمانی نیمچە چەپ و چەپە تۆخ و توندەکانی کورد کە باوەڕێکی ئەوتۆیان بە گوتاری ناسیونالیزمی کوردی و مافی ئازادیی تاکەکەسی نەبوو، یان مارکسی نێو نووسراوەکانی سۆسیالیستە ئایین پەروەرەکانی خۆماڵی و ناخۆماڵی کە بایی تۆزێك مافی گەلانی کەمینەیان بەلاوە گرینگ نەبوو و تەنیا لە خەمی بووژاندنەوەی شکۆی ئاینێکی دەسەلآت لە کیس چوودا بوون، ئەویش لە سەردەستی شۆڕشێکی پڕ کەفوکوڵی پرۆلیتاریایی چەوساوەی دەستی زۆردارانی مێژوو، و بەپشت بەستن بە هێزی خۆیان گوتەنی لەبڕان نەهاتووی هەستی ئایینی و ڕۆحی مەزهەبی. مارکس هەر جارەی کونێکی پێ دەکراو هەر وەختەی ئۆینێکی پێ دەردەهێنرا. بۆیە نەوەی من زۆر مارکسی بە گوێدا دراوە و

گەلێ مارکسی پێ نیشان دراوە، بەڵام زۆر کەم دەرفەتی ئەوەی بووە- بەتایبەت بە زمانی کوردی - خۆی ڕاستەوخۆ مارکس و بابەتی جێی متمانەی پێوەندداری بە مارکس بخوێنێتەوە و دادوەریکردنی لە سەر مارکس لەسەر بنەمای ڕامان و ڕاڤەی خۆی بێت. هیوادارم وەرگێڕانی ئەم کتێبە دەرەتانێك بێت بۆ پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە و هانەیەکیش بێت بۆ شێلگیرانە تر کارکردن لە بواری تیۆری و ڕەخنەی ئەدەبیی کوردیدا.

عەبدولخالق یەعقووبی

پاییزی ٢٠٠٧

## پێشەکی بۆ چاپی مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی لە کۆمەڵە دەقە کلاسیکییەکانی ڕاتلیج

ئەم  کتێبە یەکەم جار ساڵی ١٩٧٦، ڕێك لەو سەروبەندەی کە مێژووی ڕۆژئاوا خەریکی وەرچەرخانی ئاراستەی خۆی بوو، بڵاوبووەوە. گەرچی ئەو کات نەماندەتوانی بەم باس و بابەتە بزانین، بەڵام لە نێو چاخێکی ڕادیکالیزمی سیاسی لە بەردەم  نوقمبوون لە نێو چاخێکی سەلەفییەتی سیاسیدا بوو. مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی لە نێو کەف و کوڵی کۆمەڵێك هزر و هەستی شۆڕشگێڕانەوە سەری هەڵێنا کە لە دوایین ساڵانی دەیەی١٩٦٠ تا ساڵانی نێوەڕاستی دەیەی ١٩٧٠ی خایاند. بەڵام لەگەڵ دەرکەوتنی قەیرانی نەوت لە سەرەتای دەیەی ١٩٧٠، کە ڕەنگە ئەو کاتەیە کە ئەو بوونە ئوستوورەییيەی ناسراو بە ″دەیەی شەست″ دواجار لە گەڕ کەوت، ئابووریی ڕۆژئاوا لە نشێوێکی ڕژددا نوشوستی هێنا، ئەو قەیرانە ئابوورییەی کە لە بریتانیا بڕیار وابوو ببێتە هۆی نۆژەنکردنەوەی بنەڕەتیی سەرمایەداریی ڕۆژئاوایی کە بە تاچریسم ناوی دەرکردووە، هێرشێکی کوشندەی بۆ سەر بزاڤی کرێکاری و ئاسوودەییی کۆمەڵایەتی و دیموکراسی و ئاستی ژیانی چینی کرێکار و هزرگەلی سوسیالیستی بەدوا داهات. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا ئەکتەرێکی پێشووی دەرەجە سێی گەمژە کە خاوەن کۆمەڵێك باوەڕی دەستی ڕاستی سەرەتایی بوو خزایە نێو کۆشکی سپییەوە. شەپۆلی بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی ئەو وڵاتە ژێردەستانەی کە لە ساڵانی دوای جەنگی جیهانی دووەم لە ئاسیاوە دەستی پێ دەکرد و تا ئامریکای لاتینی تەی کردبوو دواجار دامرکایەوە. جیهان لە نێو چنگی شەڕی سارددا سست و بێ هێز کەوت.

کەواتە، پاش چەند ساڵێك کە بەسەر بڵاوبوونەوەی ئەم کتێبەدا تێ پەڕی،

سەرلەبەری ئەو فەزا کولتوورییەی کە ئەم کتێبە وزەی خۆی لەوێوە وەرگرتبوو لە ڕەگوڕیشەوە گۆڕانی بەسەر داهات. تیۆری، لە بواری کولتووری و ئەدەبیدا، بەدرێژایی دەیەی ١٩٨٠ هەروا بەرەو پێشەوە دەچوو، بەڵام مارکسیزم بەنیسبەتی فێمینیزم، پاش پێکهاتە خوازی و تا ڕادەیەك دواتر پاش مۆدێرنیزم هەمووکات لە ڕیزی دواوە دادەنرا. سێزدە ساڵ پاش ئەوەی ئەم کتێبە بۆ یەکەم جار بڵاو بووەوە باڵی سۆڤیەت بەشێوەیەکی شەرمهێنەرانە لێك هەڵوەشایەوە و لە سۆنگەی کێشەگەلی ناوەکی، پێشبڕکێی چەکوچۆڵ و سەرەتیی ئابووریی ڕۆژئاوا پشووی بڕا. بەم چەشنە، مارکسیزم – کە خواستی گشتی لە باڵی ڕۆژهەڵات سەرەونخوونی کردووە و سیاسەتگەلی ڕاست و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕۆژئاوا وەدەری ناوە – بەڕای زۆر کەس هەنووکە بەدڵنیاییەوە مردووە. کەواتە ئایا ئەم تۆژینەوەیە تەنیا خاوەنی گرینگایەتییەکی مێژووییە؟ من دیارە خوازیارم بەکۆمەڵێك هۆی جۆراوجۆر وا بیر نەکەمەوە.

لە لایەکەوە، ئەو شتەی لە یەکێتیی سۆڤیەت تەفروتوونا بوو هەر ئەوەندە مارکسیستی بوو کە لە تەفتیشی باوەڕدا، دینی مەسیحی وابێت. لە لایەکی ترەوە، هزرگەلی مارکسیستی گەلێ پتر لە کردە و پراکتیکی سیاسیدا ژیاون. سەر سووڕهێنەرە کە پێمان وابێ چونکە چین خەریکە بۆ جیهانی سەرمایەداری دەگەڕێتەوە، یان دیواری بێرلین تێکڕووخاوە، تێڕوانینەکانی برێشت و لوکاچ و ئادۆرنۆ و ڕیموند ویلیامز چیتر جێگای باوەڕکردن و پشت پێ بەستن نین. سەیریی باسەکە لەوەدایە کە ئەم شێوە تێبینییە پیشاندەری جۆرە تێڕوانینێکی میکانیستی بۆ پێوەندیی نێوان کولتوور و سیاسەتە کە مارکسیزمی ″سووکو چرووك″ لە سۆنگەیەوە بە تاوانبار لە قەڵەم دەدرێت. میراتی ڕەخنەگرانەی مارکسیزم میراتێکی فرە بەپیت و پێز و پڕ بەهرەیە، و وەك هەر شێوازێکی ڕەخنەگرانەی تر دەبێ ئەم میراتە بەو پێودانگە هەڵسەنگێنن کە تا چ ئەندازە بۆی هەیە

شوێنەواری هونەری شی بکاتەوە و شەنوکەویان بکات، نەك ئەوەی ئەم پرسیارە بێنینە گۆڕێ کە ئایا هیوا و ئومێد و خواستە سیاسییەکانی لە مەیدانی کردەوەدا وەدی هاتوون یان نا. بۆ وێنە، ئێمە نایەین حاشا لە ڕەخنەی فێمینیستی بکەین لەسۆنگەی ئەوەی پیاوسالاری هێشتا پشووی نەبڕاوە و نەفەسی نەچنراوە، بەڵکو بەپێچەوانە، هەر ئەم شتە خۆی دەلیلی پەسند و قبووڵ کردنێتی.

بەڵام وانییە بڵێین کە تەنیا لە چوارچێوەیەکی بایەخداری لێکۆڵینەوەی کولتووری و ئەدەبیدایە کە مارکسیزم هەر وا لەسەر ژیانی خۆی بەردەوامە. ئەوەندە بەسە چاو بکەینەوە و بڕوانین کە ″مانیفێستی کۆمۆنیست″ تا چ ئاست و ئەندازەیەك لە پێشگۆییی خۆیدا سەرکەوتوو بووە. مارکس و ئێنگلس جیهانێکیان وێنا دەکرد کە تێیدا هێزە گڵۆباڵەکانی بازاڕ دەسەڵات دەگرنە دەست، بێ ئاوڕدانەوە لەوەی چ خەسارگەلێکی ئینسانییان بەرهەم هێناوە و مەودای نێوان هەژار و دەوڵەمەند تا چەندە بەشێوەیەکی بەرچاو و تاقەت هەڵنەگر فراوان بووەتەوە، و لە نێو سەقام نەگرتووییەکی سیاسیی بەربڵاو دا، کۆمەڵانی دەست کورت و بێ مایە ڕوو بەڕووی تاقمێك نوخبەی نێونەتەوەییی دەوڵەمەند و بەدەسەڵات دەبنەوە. دیارە زۆر پێویست بەگوتن ناکات کە ئەم دۆخە ئەو جیهانەی سەردەمی ویکتۆریانەی نێوەڕاست نییە، بەڵکو وێنەیەکی ڕاست و وریاکەرەوەی بارودۆخی جیهانی خودی خۆمانە. مارکس پێشبینیی ئەمەی دەکرد کە کۆمەڵانی خەڵك لە هەمبەر ئەم دۆخە تاقەت ناهێنن، و لە ڕاستیشدا تاقەتیان نەهێناوە. بەدڵنیاییەوە بەو چەشنەی کە مارکسیزم بەشێوەی نەریتی پێش بینی دەکرد، چینی کرێکار لە ڕیزی پێشەوەی ئەم خۆڕاگرییەدا جێ ناگرن. لانی کەم لە دۆخی ئێستادا وا وێ دەچێ داماوەکانی سەر گۆی زەوی، لە بڕی پرۆلتاریای ڕۆژئاوا، بنیادگەرانی ئیسلامی بن – و وێڕای ئەو هەموو خەتەر و مەترسییانەی کە دەیهێننە گۆڕێ. سەرەڕای ئەمانە، وێ ناچێ کە

پێکهاتەی گشتیی ڕوانگەی مارکس، پاش سەدەیەك و نیو کۆن و لە کارکەوتە بوو بێت، و ئەگەر بنیادگەرایی ئیسلامی پتر هێمای نەخۆشییەکانی سەرمایەداریی جیهانی بووە تا ئەوەی بڵێی ڕێگاچارەیەك بۆ ئەم نەخۆشییانە، کەواتە هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤی کلاسیك – سوسیالیزم پتر لە هەر کاتێکی تر زەروور و پێویستە. ئەوەی ڕاستی بێت، بنیادگەرایی خزاوەتە نێوبۆشاییەکەوە کە شکستی باڵی چەپ دروستی کردووە. ئەگەر چەپ دەرەتانی ئەوەی دەبوو کە بۆ پێڕاگەیشتن بەو کەم و کوڕییانەی کە تاقمێك مێشك وشکی لەم دەستە بار دێنن و پەروەردە دەکەن بەڵێنی خۆی بەجێ بێنێ، دەکرا بڵێین کە ناوەندی جیهانیی بازرگانیش لە وانەیە هەر وا ڕێك و ڕاست بەپێوە ڕادەوەستا. (ئاماژەیەکە بۆ هێرشەکەی ١١ی سێپتامبر – وەرگێڕ –).

لە ڕاستیدا، مارکسیزم لە سەردەمی ئێمەدا تووشی گەورەترین شکستی مێژووی پڕ هەوراز و نشێوی خۆی هاتووە. بەڵام بۆ؟ ئایا لەبەر ئەوەی ئەو سیستەمەی کە مارکسیزم دژی ڕاوەستاوە بەچەشنێك گۆڕاوە کە ئیتر ناکرێ بناسرێتەوە و بەم جۆرە تیۆرییەکانی مارکسیزمی لە برەو خستووە؟ لە ڕاستیدا، ڕێك پێچەوانەی پرسەکە ڕاستە. لە سۆنگەی ئەوەی سیستەم بەهێزتر و هەمەلایەنترە – چونکی وەك ڕەوتی باو، ئەم سیستەمە، سیستەمی بازرگانییە، گریمان پتر لە جاران، چەپی سیاسی لە کردنەوەی گرێ پوچکەکاندا دۆش داماوە. لەم حاڵەدایە کە تاقمێك لە پەژیوانانی چەپ گەرا بۆیان هەیە لەسەر دەستی ئەم بڕیارە کە تیۆرییەکانیان هەڵەیە بەسانایی پاساوێکی عەقڵانی بۆ ئەم شکستە دابتاشن. هەڵبەت ڕەخنەی مارکسیستی ئەوەندە ناتوانێ هەروا بۆ خۆی بەستێنی ئەم شکستە بەراوەژوو بکاتەوە. ئەوەی ڕاستی بێت، ڕەخنەی مارکسیستی بەشێکە لەو شتەی کە پێی دەڵێن ماتریالیزمی کولتووری و دیعایەی ئەوە دەکات کە کولتوور، دواجار، ئەو شتە نییە کە پیاوان و ژنان

لە تەکیدا ژیان دەبەنە سەر. بەڵام لە هەمان کاتدا ناشێ کولتوور وەپشت گوێ بخرێ، هەر ململانێیەکی سیاسیی گرینگ، هەروەکو ململانێیەکە لە مەیدانی هزرەکاندا. ئەم کتێبەش وەك بەجێهێنانی ئەرکێك لەم خەباتە لە یەکێك لەو بوارە سەرەکییانەی زانستگەلی ئینسانیدا نووسراوە.

تێری ئیگلتۆن

٢٠٠٢

## پێشەکی

مارکسیزم بابەتێکی زۆر پڕ پێچوپەنایە، و ئەو بەشەشی کە بەرەخنەی ئەدەبی مارکسیستی نێوبانگی دەرکردووە بەهەمان ڕێژە پڕ پێچوپەنایە. لەم سۆنگەیەوە، لەم تۆژینەوە کورت و پوختەدا جگە لە هێنانە ئارای چەند بابەتێکی بنەڕەتی و هەندێك پرسیاری سەرەکی کارێکی ترمان لە دەست نایەت. (ئەم کتێبە هەروا کورت و پوختە چونکە لە سەرەتاوە بەمەبەستی کۆمەڵێك تۆژینەوەی سەرەتایی نووسراوە). مەترسی کتێبگەلێکی لەم دەستە ئەوەیە کە بۆ ئەوانەی ئاشنایەتییان لەگەڵ ئەم چەشنە بابەتانە هەیە جاڕز کەر، و بۆ ئەوانەش کە هەر هیچ لەم بابەتانە نازانن سەرەگێژە هێنەرن. دیارە من لافی ئەوە لێ نادەم کە ئەم کتێبە شاز و نوێ یان بێ خەوش و پڕ بەپێستە، بەڵام هەوڵم داوە کە ئەم دەقە لانی کەم نە جاڕزتان بکات و نەسەرتان لە گێژەوە بێنێ. هەوڵم داوە تا ئەو جێگایەی دەگونجێ بابەتەکە ڕوون بکەمەوە، گەرچی بەلەبەر چاوگرتنی گیروگرفتەکانی، ئەم ئەرکە ئاسان نانوێنێ. هەر چۆنێك بێت هیوادارم ئەگەر گیروگرفت و کەند و کۆسپێك لەم کارەدا هەیە لە سۆنگەی بابەتی کتێبەکەوە بێت نەك شێوازی نووسینی کتێبەکە.

ڕەخنەی مارکسیستی، ئەدەبیات لەسەر بنەمای بارودۆخی مێژوویی بەرهەم هێنەری ئەو ئەدەبیاتە شرۆڤە دەکات، و هەر بەم چەشنە بۆ ناسینی ئەم ڕەخنەیە ئاگادار بوون لە بارودۆخە مێژووییەکەی پێویستە. بۆ وێنە، هەوڵی نووسینی شەرحێك لەسەر ڕەخنەگرێکی مارکسیستی لە چەشنی لوکاچ بەبێ تاوتوێ کردنی ئەو هۆکارە مێژووییانەی کە پێکهێنەری ڕەخنەی ئەون بەئاشکرایی هەوڵێکی نەزۆك و نیوەچڵە. کەواتە، بەبایەخترین میتۆد و ڕەوشت بۆ باسکردنی ڕەخنەی مارکسیستیی تاوتوێ

کردنی ئەو ڕەخنەیەیە لە سەردەمی مارکس و ئێنگێلسەوە تا ساتە وەختی ئێستا. لەم ڕێگایەوە بۆمان هەیە گۆڕانکارییەکانی ئەم ڕەخنەیە هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییە مێژووییەکان بخەینە ڕوو. سەرەڕای ئەمە، بچووکیی ئەم کتێبە بەردێکە لە سەر ڕێگای ئەم کارە. هەر بۆیە من، چوار بابەتی ڕەخنەی مارکسیستیم هەڵبژاردووە و کۆمەڵێك نووسەرم لە ژێر ڕووناکیی ئەم بابەتە هێناوەتە بەر باسوخواسان، و گەرچی ئەم کارە تا ڕادەیەکی زۆر پیشاندەری تێکچڕژاوی و سڕینەوەیە، بەڵام هەروەتر نیشاندەری ڕێژەیەك لە ڕێکوپێکی و لێکدانەبڕاویی ناوەکیی بابەتەکەشە.

من لەم کتێبەدا وەك "بابەت"ێك باسی مارکسیسزمم کردووە، و ئەم مەترسییە ڕاستەقینەیە لە ئارادا هەیە کە کتێبگەلێکی لەم جۆرە ڕێك بەم چەشنە یارمەتیدەری ئاکادیمیزە کردنی کێشە و پرسەکان بن. شکی تێدا نییە هێندەی پێ ناچێ کە ڕۆژێك دێت و دەبینین ڕەخنەی مارکسیستی بەهاسانی لە نێوان تێڕوانینگەلی فرۆیدی و ئوستورە ناسی بۆ ئەدەبیاتدا گیر دەخوات، هەر وەك چۆن تا ئێستا هەر "تێڕوانین"ێکی ئاکادیمی هاندەرتر بەواتای زەمینەیەکی ئامادەتر و مەیدانێکی خۆشتری توژینەوە بۆ غارغارێنی خوێندکاران بووە. جا بەر لەوەی شتێکی لەم چەشنە ڕووبدات، باشترە ڕاستییەکی سادە و ساکار وەبیر خۆمان بێنینەوە. مارکسیزم تیۆرییەکی زانستییە دەربارەی کۆمەڵگای ئینسانی و تیۆرییەکە لەمەڕ کردەی گۆڕان لە نێو ئەم کۆمەڵگایانەدا و مەبەستمان لەم وتەیە بەشێوەیەکی دیاریکراو تر ئەمەیە کە ئەو گێڕانەوەیەی کە مارکسیزم پێشکەشی دەکات چیرۆکی ململانێی ژنان و پیاوانە بۆ ڕزگار کردنی خۆیان لە کۆت و بەندی کۆمەڵێك شکڵ و شێوازی دەسنیشانکراوی ستەم و چەوسانەوە. چ شتێکی ئەکادیمیکی لەمەڕ ئەم ململانێیانە لە ئارادا نییە، و فەرامۆشکردنی ئەم هەقیقەتە بۆمان بە گران تەواو دەبێ. ئەوەی کە خوێندنەوەیەکی مارکسیستی بۆ "بەهەشتی ونبوو" یان "میدل

مارچ″ چ پێوەندییەکی بەم ململانێیەوە هەیە دیارە دەمودەست ئاشکرا نابێ، بەڵام ئەگەر دەڵێین بەستنەوەی ڕەخنەی مارکسیستی بە ئارشیوەکانی زانکۆ کارێکی هەڵەیە لەو سۆنگەیەوەیە کە کاری گرینگی مارکسیزم، با نەڵێین کارە سەرەکییەکەی، پێکهێنانی گۆڕانکارییە لە کۆمەڵگە ئینسانییەکاندا. ڕەخنەی مارکسیستی پاژێك لە پێکهاتەی گەورەتری شیکارییەکی تیۆریکە کە ئامانجی، ناسینی «ئایدۆلۆژییەکانە»: واتە ئەو هزر و هەست و بەهایانەی کە مرۆڤەکان لە ڕێگایانەوە کۆمەڵگەکانی خۆیان لە سەردەمانی جۆراوجۆردا تەجرەبە و تاقی دەکەنەوە. هەندێك لەم هزر و هەست و بەهایانە دیارە تەنیا لە چوار چێوەی ئەدەبیاتدا دەستمان پێیان ڕادەگات. تێگەیشتن لە ئایدۆلۆژییەکان بەواتای تێگەیشتنێکی قووڵتر و چروپڕتر لە ڕابوردوو و هەنووکەش، و تێگەیشتنێکی لەم چەشنە یارمەتی بەخشی ڕزگاربوونمانە. بەم باوەڕەوەیە کە من ئەم کتێبەم نووسیوە: ئەو کتێبەی کە من بەخوێندکارانی وانەی ڕەخنەی مارکسیستی زانکۆی ئاکسفۆرد پێشکەشی دەکەم، ئەو خوێندکارانەی کە دانە بەدانەی بابەتەکانی ئەم کتێبەیان تا ئەو ئەندازەیە لەگەڵ من خستووەتە بەرباس کە لە ڕاستیدا بەنووسەرانی هاوبەشی ئەم کتێبەیان دەهێنمە ئەژمار.

## ١
## ئەدەبیات و مێژوو

## مارکس، ئێنگێلس و ڕەخنە

ئەگەر دەبینین کارل مارکس و فریدریش ئێنگێلس لەچاو نووسراوە گەلی ئەدەبی پتر لە بواری سیاسەت و ئابووریدا ناو و ناوبانگیان هەیە، ئەمە لەو سۆنگەیەوە نییە کە ئەوان ئەدەبیاتیان پێ گرینگ نەبووە. وەك چۆن لیئۆن ترۆتسکی لە "ئەدەبیات و شۆڕش" (١٩٢٤)دا دەبێژێ، ئەوە ڕاستە کە "زۆرینەی خەڵکی ئەم گۆی زەوییە وەك شۆڕشگێڕان بیردەکەنەوە و وەك کۆمەڵێکی بێ فەرهەنگ هەست بە شت دەکەن"، بەڵام مارکس و ئێنگێلس ناچنە ڕیزی ئەم کەسانەوە. نووسراوەکانی مارکس، کە خۆی لە تافی لاویدا شیعری لیریکی دەهۆنییەوە، و دەقێکی شانۆییی سەروا دار و ڕۆمانێکی گاڵتە جاڕانەی نیوە چڵ کە شوێنی لە لارێنس ستێرن وەرگرتبوو لە پاشی بەجێ ماوە، تێکەڵ بەمانا و ئاماژە گەلی ئەدەبییە. مارکس بابەتێکی دەسنووسی تاڕادەیەك دوور و درێژی نیوەناتەواوی دەربارەی هونەر و دین نووسی، و بەهیوا بوو کۆوارێکی تایبەت بەڕەخنەی شانۆ دابمەزرێنێ، و توێژینەوەیەکی تێروتەسەل لەمەڕ بالزاك و نامیلکەیەك دەربارەی جوانی ناسی بنووسێ. هونەر و ئەدەبیات پاژێك لەو کەشوهەوایە بوون کە مارکس وەك ڕۆشنبیرێکی ئەڵمانیی فرەزان لە سوننەتی کلاسیکی کۆمەڵگای خۆی تێیدا هەناسەی دەدا. ئاشنایەتی وی لەگەڵ ئەدەبیات، لە سۆفۆکلێسەوە تا چیرۆکی ئیسپانیایی، و لە لۆکێرتیوسەوە تا چیرۆکە بازاڕییەکانی ئینگلیسی دەگرتەوە، کۆڕی کرێکارانی ئەڵمانی کە لە سەر دەستی ئەو لە برۆکسل دامەزرا حەوت شەوێکی بۆ لێکدانەوە و تاوتوێکردنی باسو خواسگەلی هونەری تەرخان دەکرد، و مارکس خۆی تەماشاچیی تامەزرۆی شانۆ بوو، شێعری بەدەنگی بەرز بۆ بیسەران دەخوێندەوە و

هەموو چەشنە شوێنەوارێکی ئەدەبیی بەشەوقەوە دەخوێندەوە، لە پەخشانی ئاگوستینەوە بیگرە تا دەگاتە گۆرانییە قورس و بە پێچوپەناکان. مارکس لە نامەیەکیدا بۆ ئێنگێلس شوێنەواری خۆی وەك «گەشتێکی هونەری» ناودێر دەکات. مارکس، وەك چۆن بۆ شێوازی ئەدەبیی خۆی، بەگشتی بۆ پرس و مەسەلەکانی شێوازی ئەدەبی سەرنج و وردبینییەکی فراوانی بوو. یەکەم نموونە گەلی نووسراوەکانی قۆناغی ڕۆژنامەوانی ئەو بە قازانجی ئازادیی ڕادەربڕین باسوخواسان دێنێتە ئاراوە. جیا لەمانە، دەکرێ هەست بەگوشار و قورساییی چەمکگەلی جوانی ناسی لەو دیوی هەندێ لە بە بڕشترین بابەتەکانی هزری ئابووری ئەو بکەین کە لە شوێنەواری قۆناغی پوختەیی و کارامەییی خۆیدا بەکاری دێنێ[١].

سەرەڕای ئەمانە، مارکس و ئێنگێلس هێندە ئەرکی گرینگتریان لەسەر شان بوو کە پێ ڕانەدەگەیشتن چوارچێوەی تیۆرییەکی جوانی ناسیی کامڵ و پڕ بەپێست چێ بکەن. قسە و باس و بیر و باوەڕی وان لەسەر هونەر و ئەدەبیات پڕژ و بڵاو و کوتە کوتەن، و لە بری ئەوەی کۆمەڵێك بیروڕای[٢] پەروەردەی پوخت و پاراو بن، هەڵگری هەندێك ئاماژەی کەم و کورتن. ئەمە یەکێك لە هۆیەکانی ئەم ڕاستییەیە کە بۆچی ڕەخنەی مارکسیستی بۆی نییە تەنیا بەدووپاتکردنەوە و جوونەوەی ڕووتی قسە و گوتەی دامەزرێنەرانی مارکسیزم ڕازی بێت. هەروەتر هەر لەم سۆنگەیەوەیە کە ڕەخنەی مارکسیستی بۆی نییە خۆی لە چوارچێوەی ئەو شتەی کە لە ڕۆژاوا بە(کۆمەڵناسیی ئەدەبیات) نێوبانگی دەرکردووە ببەستێتەوە. کۆمەڵناسیی ئەدەبیات پتر سەرقاڵی ئەو شتەیە کە دەکرێ پێی بڵێن کەرەسەکانی بەرهەمهێنان، دابەشکردن و دانوستان و ئاڵ وگۆڕ لە کۆمەڵگایەکی تایبەتدا. ئەوەی کە کتێب چۆن بڵاودەبنەوە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نووسەران و بەردەنگان، و ئاستی خوێنەواری و زانیاری، و چلۆنایەتیی کۆمەڵایەتیی (چێشکە) بە چ چەشنێکە. کۆمەڵناسیی ئەدەبیات هەروەکو

دەقگەلی ئەدەبی لە بابەت گونجاویی (کۆمەڵناسانەوە) هەڵدەسەنگێنیٚ و هەوڵ دەدات لە ڕێگای شالاٚو هێنان بۆ شوێنەواری ئەدەبی ئەو ناوەڕۆکانەی کە مێژوونووسانی کۆمەلاٚیەتی هۆگرییان پێوە هەیە لەم دەقانە یەکلا کاتەوە. لەم بەستێنەدا کۆمەڵێك ئاسەواری بەنرخ بەرهەم هاتوون، و کۆمەڵناسیی ئەدەبیات بەگشتی لایەنێکی ڕەخنەی مارکسیستی پێکدێنیٚ، بەلاٚم وانییە بڵێین کۆمەڵناسیی ئەدەبیات خۆی لەزاتی خۆیدا بەتایبەت مارکسیستی یان بەتایبەت ڕەخنەگرانەیە. کۆمەڵناسیی ئەدەبیات، ئەوەی ڕاستی بێت، زۆربەی کات گێڕانەوەیەکی دەستەمۆکراو و ترسنۆکانەی ڕەخنەی مارکسیستییە و بەکەڵکی بەرخۆریی ڕۆژاوا دێت.

ڕەخنەی مارکسیستی تەنیا بریتی نییە لە «کۆمەڵناسیی ئەدەبیات» و تەنیا بەچۆنێتیی بلاٚوبوونەوەی ڕۆمانەکان و قسەکردن لە سەر چینی کرێکارەوە سەرقاڵ نابێت. ئامانجی ڕەخنەی مارکسیستی (ڕوونکردنەوەی)ی بەرهەمی ئەدەبییە بەشێوەیەکی کامڵتر و مەبەست لەم کارەش سەرنجی ورد بەخشینە بە شکڵ و شێوە و شێواز و مانا و چەمکەکانی بەرهەمی ئەدەبی. بەلاٚم هەروەتر ڕەخنەی مارکسیستی لەم شێوە و شێواز و مانایانە وەك کۆمەڵێك داهات و داهێنراوی مێژوویی تایبەت تیٚ دەگا. هانری ماتیسی شێوەکار ڕۆژی خۆی گوتبووی سەر لەبەری هونەر ڕەنگ و ڕووی ڕۆژگاری مێژوویی خۆی پێوە دیارە، بەلاٚم هونەری مەزن ئەو هونەرەیە کە ئەم ڕەنگ و ڕووە بەقووڵترین و کاریگەرترین شێوەی خۆی تێیدا دەقی گرتبێت. زۆر یەك لە خوێندکارانی هونەر شتێکی تر فێربوون: گەورەترین هونەر هونەرێکە بیٚ زەمان کە سنووری بارودۆخی مێژوویی خۆی دەبەزێنیٚ. ڕەخنەی مارکسیستی لە هەمبەر ئەم بابەتە قسەی بۆ گوتن زۆر پێیە، بەلاٚم شیکردنەوەی «مێژوویی» ئەدەبیات هەڵبەت دیارە لە مارکسیزمەوە دەستی پیٚ نەکردووە. زۆریەك لە هزرڤانانی بەر لە مارکس هەوڵیان دابوو کە شوێنەواری ئەدەبی بەپێی ئەو مێژووەی کە ئەم شوێنەوارەی تێدا بەرهەم هاتووە ڕاڤە بکەن[٥]، و یەك لەم هزرڤانانە،

فەیلەسووفی ئایدیالیستی ئەڵمانی گێئۆرگ ویلهێلم فریدریش هێگێلە کە کاریگەرییەکی بەبڕشتی لەسەر هزری جوانی ناسیی مارکس داناوە. کەواتە، ڕەسەنایەتیی ڕەخنەی مارکسیستی لەوەدا نییە کە خاوەنی ڕووکرد و ئاراستەیەکی مێژووییە بۆ ئەدەبیات، بەڵکو لە تێگەیشتنی شۆڕشگێڕانەیەتی بۆ مێژوو خۆی.

## ژێرخان و سەرخان

تۆوی ئەم تێگەیشتنە شۆڕشگێڕانەیە لە کۆپلەیەکی بەناوبانگی کتێبی (ئایدۆلۆژیی ئەڵمانی) (٦٦ – ١٨٤٥)–ی مارکس و ئێنگێلس دا دەوەشێندرێ:

> بەرهەمهێنانی هزر و چەمك و ئاگاییەکان لە قۆناغی یەکەمدا لەگەڵ دانوستانی مادیی مرۆڤ، زمانی ژیانی ڕاستەقینە، تێك تەنراون. وێنا کردن، بیرکردنەوە و دانووستانی مانەویی مرۆڤەکان لێرەدا وەك دەرکەوتی ڕاستەوخۆی هەڵسوکەوتی مادیی مرۆڤەکان خویا دەبێ... ئێمە بۆ گەیشتن و تێگەیشتن لە مرۆڤی جەستەیی لەو شتانەی مرۆڤ بەزمان دەیانڵێن، وێنای دەکەن و خەیاڵیان بۆی دەچێت، یان لە مەڕ مرۆڤەکان بەو شێوەیەی وەسف دەکرێن یان بیریان لێ دەکرێتەوە، یان دێنە نێو خەیاڵ و وێنا دەکرێن دەست پێ ناکەین، بەڵکو دەسپێك و سەرەتای ئێمە مرۆڤی بەڕاستی چالاك و هەڵسوورە... ئاگایی، سنووری ژیان دیاری ناکات: ئەوە ژیانە چوارچێوە بۆ ئاگایی دادەنێ.

کۆپلەی پڕ بەپێستتر لەمە دەکرێ لە پێشەکیی کتێبی "هەنگاوێك بەرەو ڕەخنەی ئابووریی سیاسی" (١٨٥٩)دا بدۆزرێتەوە:

مرۆڤەکان لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵایەتیی ژیانی خۆیاندا دەچنە نێو دنیای کۆمەڵێك پێوەندیی دیاریکراوەوە کە جیا لە خواست و ویستی ئەوانە وناشکرێ خۆی لێ ببوێرن، ئەمەش هەمان پێوەندیگەلی بەرهەمهێنانە کە لەگەڵ قۆناغێکی دیاریکراوی گەشەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنانی ماددییان دەگونجێن. سەر لە بەری ئەم پێوەندییانەی بەرهەمهێنان پێکهاتەی ئابووری کۆمەڵگا، واتە ئەو بنەما ڕاستەقینەیە پێکدێنێ کە لەسەر بناغەی سەرخانێکی حقووقی و سیاسی دادەمەزرێ و ئەم سەرخانە لەگەڵ هەندێ شێوەی دیاریکراوی ئاگاییی کۆمەڵایەتیدا جووت دەبێ. شێوەی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددی، ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی وفیکری بەگشتی سنووردار و خاوەن مەرج دەکات. ئەوە ئاگایی مرۆڤەکان نییە کە بوونی ئەوان دەسنیشان دەکات، بەڵکو بەپێچەوانە، بوونی کۆمەڵایەتیی ئەوانە کە ئاگاییی وان ڕەنگرێژ دەکات.

بەگوتەیەکی تر، پێوەندیی کۆمەڵایەتیی نێوان مرۆڤەکان بەشێوەی بەرهەمهێنانی ژیانی ماددیی ئەوانەوە بەستراوەتەوە. «هێزەکانی بەرهەمهێنانی» دیاریکراو- بۆ نموونە ڕێکخراوەی کار لە سەدەکانی نێوەڕاستدا – بوونی پێوەندیی کۆمەڵایەتیی ڕەعیەت و ئەربابی بەپێویست دەزانی کەبە فیۆدالیزم ناودێر کراوە. لە قۆناغی دواتردا، پەرەسەندنی شێوە نوێیەکانی ڕێکخراوەی بەرهەمهێنان لەسەر بناغەی کۆمەڵە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتیی گۆڕان بەسەر داهاتوودا دامەزراوە – ئەمجارەیان ئەم پێوەندییان لە نێوان چینی سەرمایەداری خاوەن ئامرازی بەرهەمهێنان و چینی پرۆلیتێرییە کە سەرمایەدار هێزی کاری ئەو بۆ وەدەسهێنانی سوود و دەستەبەر کردنی قازانجی خۆی دەکڕێتەوە.

ئەم (هێز) و (پێوەندی)یانەی بەرهەمهێنان سەرجەم ئەو شتە پێکدێنن کە مارکس بە(پێکهاتەی ئابووریی کۆمەڵگا) ناودێری دەکات، یان بە زمانی دەستەواژە مارکسیستییەکەی بەگشتی وەك (ژێرخان) یان (بنچینە)ی ئابووری باسیان دەکرێ. لەم ژێرخانە ئابوورییە، لەهەر سەردەمێکدا، سەرخانێك سەر هەڵدێنێ و ئەو سەرخانە بریتییە لە کۆمەڵێك شکڵ و شێوەی دیاریکراوی حقووق و سیاسەت و جۆرە دەوڵەتێکی دەسنیشانکراو کە ئەرکە سەرەکییەکەی ڕەوایی دان و شەرعیەت بەخشین بە دەسەڵاتی ئەو چینە کۆمەڵایەتییەیە کە ئامرازی بەرهەمهێنانی ئابووریی لەدەستدا هەیە. بەڵام سەرخان شتێکی پتر لەمە لەخۆ دەگرێ: سەرخان خاوەن «کۆمەڵێك شکڵ و شێوەی دیاریکراوی ئاگاییی کۆمەڵایەتی»شە «ئاگاییی سیاسی، دینی، ئەخلاقی، چێشکەیی و هتد» کە مارکسیزم ناوی دەنێ (ئایدیالۆژی). ئەرك و کارکردی ئایدیالۆژیش شەرعیەت دان بە دەسەڵاتی چینی زاڵی کۆمەڵگایە. لە دوا ڕاڤەدا، هزرگەلی زاڵ بەسەر کۆمەڵگادا[٦].

کەواتە، هونەر لە دیدی مارکسیزمەوە پاژێکە لە «سەرخان»ی کۆمەڵگا. هونەر (بەو شەرت و مەرجانەی کە لەمەودوا بۆی قایل دەبین) پاژێکە لە ئایدیالۆژیی کۆمەڵگا – بە وتەیەکی تر هونەر ڕەگەزێکی ئەو پێکهاتە پڕپێچوپەنایەی تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییە کە بارودۆخێك ئامادەی دەکات کە لە سۆنگەیەوە چینێکی کۆمەڵایەتی کە هەوساری چارەنووسی چینێکی تری لەدەستدایە، یان لە بەرچاوی زۆربەی کەسانی کۆمەڵگا «سروشتی» بنوێنێ یان هەر بەهیچ کلۆجێك نەیاتە بەر چاو. کەواتە، تێگەیشتن لە ئەدەبیات پێویستی بە تێگەیشتن لە پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتیی هەمەلایەنە کە هونەر بە پاژێکی ئەو پرۆسەیە لەقەڵەم دەدرێ. وەك چۆن گێئۆرگی پلێخانۆڤ، ڕەخنەگری مارکسیستی ڕووسی دەڵێ: «زەینییەتی کۆمەڵایەتیی هەر سەردەمێك لەسەر دەستی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو سەردەمە سنووردار دەکردرێ. ئەم واتایە لە هیچ شوێنێکدا بە ئەندازەی مێژووی

هونەر و ئەدەبیات خۆی ئاشکرا ناکات.»(٧) ئاسەواری ئەدەبی لە ڕێگای ڕازو ڕەمزەوە ئیلهام ناکردرێن، یان ناکرێ لەسەر بنەمای دەروونناسیی داهێنەرانیان شی بکرێتەوە. ئەم ئاسەوارە شێوەگەلی تێگەیشتن و شێوازەکانی تایبەتی تێڕوانینن بۆ دنیا، و هەر بەم چەشنەش پێوەندییان بەو شێوازە زاڵەی تێڕوانین بۆ دنیا هەیە کە هەمان (زەینییەتی کۆمەڵایەتی) یان ئایدیالۆژیی هەر سەردەمێکن. ئەم ئایدیالۆژییەش لە جێی خۆیدا بەرهەم و دەسکەوتی ئەو پێوەندییە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەیە کە مرۆڤەکان لە کات و شوێنێکی تایبەتدا دەچنە ناوییەوە. لەم ڕێگایەوەیە کە ئەم پێوەندییە چینایەتییانە تاقی دەکرێنەوە، شەرعیەت پەیدا دەکەن و بەردەوام دەبن. سەرەڕای ئەمانە مرۆڤ لە هەڵبژاردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خۆیدا سەربەست و خاوەن خواست نییە، مرۆڤەکان لەسەر بنەمای پێداویستیی ماددی و لە سۆنگەی ماهییەت و قۆناغی گەشەسەندنی شێوەی بەرهەمهێنانی ئابوورییان ناچار و بەزۆر دێنە نێو تۆڕی ئەم پێوەندییانەوە.

کەواتە بۆ تێگەیشتن لە «شالیر» و «دونسیاد» یان «ئۆلیس» ناشێ تەنیا خۆمان بەڕاڤەی هێما و توێژینەوەی مێژووی ئەدەبییەوە ببەستینەوە و پێویستە هەندێ پەراوێز دەربارەی ئەو ڕاستییە کۆمەڵگاناسییانەی کە پێوەندییان بەو دەقانەوە هەیە پێیان زیاد بکرێ. بۆ ئەم مەبەستە سەرەتا دەبێ لەو پێوەندییە پڕپێچوپەنا و ناڕاستەوخۆیانە تێ بگەین کە لە نێوان ئەم ئاسەوارە و ئەو جیهانە ئایدیالۆژیکانەی کە ئەم بەرهەمانە تێیاندا سەقامگیر بوون لە ئارادا هەیە. ئەم پێوەندییانە نەك هەر بەتەنیا لە نێو «ناوەڕۆك» و «کەڵکەڵە»کانی دەق، بەڵکو هەروەتر لە نێو شێواز، ریتم، ئیماژ، چۆنێتی (وەك دواتر باسی دەکەین) لە نێو شێوە یان فۆرمی دەقیشدا خۆ دەنوێنێ و خویا دەبێت. بەڵام هەر بەم چەشنە ناتوانین لە ئایدیالۆژی تێ بگەین، مەگین ئەوەی لەو ئەرك و وەزیفەیە تێ بگەین کە

ئایدیالۆژی بەگشتی لە کۆمەڵگادا وەئەستۆی دەگریٚ و بەڕیٚوەی دەبات: تیٚگەیشتن لەوەی چۆن چۆنی ئایدیالۆژی خاوەن پیٚکهاتەی تیٚگەیشتنی دیاریکراو و لە لایەنی میٚژووییەوە ڕیٚژەییە کە هیٚزی چینیٚکی تایبەت مسۆگەر و پتەو دەکات. ئەمە کاریٚکی سادە و ساکار نییە، چونکە ئایدیالۆژی هەرگیز ڕەنگدانەوەی ڕووتی هزرگەلی چینی دەسەڵاتدار نییە، بەپیٚچەوانە، ئایدیالۆژی هەمیشە دیاردەیەکی پڕ پیٚچوپەنایە کە بۆی هەیە جیهان بینییە نەیار و تەنانەت دژ بە یەکەکانیش تیٚکەڵ بەیەك بکات. بۆ ناسینی ئایدیالۆژی دەشیٚ پیٚوەندییە ناسراوو تایبەتەکانی نیٚوان چینە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگا شرۆڤە بکەین و بۆ ئەم مەبەستەش دەبیٚ لە جیٚگە و پیٚگەی ئەم چینانە لە هەمبەر شیٚوە و چۆنیٚتیی بەرهەمهیٚنان تیٚ بگەین.

ئەم شتانە بۆ ئەو خویٚندکارەی کە پیٚی وایە ئەرکی ئەو تەنیا باسکردنە لەسەر گەلاڵەی چیرۆك یان لیٚکۆڵینەوەیە لە کەسایەتیی داستان، لەوانەیە وەك ئەرکیٚکی ئەستەم بیٚتە بەرچاو. لەوانەشە وا بنویٚنیٚ ئەم کارە تیٚکەڵ کردنی ڕەخنەی ئەدەبییە لەگەڵ هەندیٚ کۆرسی لە چەشنی سیاسەت و ئابووری کە دەشیٚ لیٚك جیا بن. سەرباری ئەمانە، ئەم کارە بۆ شیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی پڕ بە پیٚستی هەر بەرهەمیٚکی ئەدەبی گرینگ و پیٚویستە. بۆ نموونە دیمەنی گەورەی کەنداوی پلاسیدۆ-ی ڕۆمانی (نۆسترۆمۆ)ی جۆزیٚف کۆنراد لەبەر چاو بگرن. بۆ هەڵسەنگاندنی دەسەڵاتی هونەریی ئەم شویٚنەی ڕۆمانەکە – ئەو کاتەی دیکۆ (Decoud) و نۆسترۆمۆ (Nostromo) لە تاریکاییی ڕووتدا لەسەر کەڵەکی بەرەو نوقمبووندا لیٚك جیادەبنەوە – پیٚویستە ئەم دیمەنە وەك گەشتیٚك بە وردی لە نیٚو تیٚڕوانینی خەیاڵ ئامیٚزی ڕۆمانەکەدا جیٚ بکەینەوە. ناشیٚ ڕەشبینیی بنەڕەتیی ئەم تیٚڕوانینە (کە هەڵبەت بۆ تیٚگەیشتن دەبیٚ "نۆسترۆمۆ" ویٚڕای چیرۆکەکانی تری کۆنراد لەبەر چاو بگرین) تەنیا لەسەر دەستی هەندیٚ هۆکاری (دەروون ناسی) لە

زاتی کۆنراد خۆیدا شی بکەینەوە، چونکە دەروون ناسیی تاکەکەسیش خۆی بەرهەم و دەسکەوتێکی «کۆمەڵایەتی»یە. ڕەشبینیی جیهان بینیی کۆنراد بەشێوەیەکی کەموزۆر هەڵاواردەیی ڕەشبینیی ئایدیالۆژیکیی باوی سەردەمی ئەو لە قاڵبی بەرهەمێکی هونەری دەدات، تێگەیشتنێکە لە مێژوو وەك بابەتێکی پڕوپووچ و بازنەیی، لە تاکە کەسەکان وەك کەسانێکی دوورە دەست و تەنیا، لە بەها ئینسانییەکان وەك بابەتێکی ڕێژەیی و دژە عەقڵ کە ئاژاوەی قەیرانێکی بنەڕەتی لە ئایدیالۆژیی چینی بورژوازیی ڕۆژاوا دەنێتەوە کە کۆنراد خۆی بە هاوبەڵێنی دەزانێ. لە مێژووی سەرمایەداریی ئیمپیریالیستیی سەر لەبەری ئەم قۆناغەدا دەکرێ هۆگەلێکی زۆر بۆ ئەم قەیرانە ئایدیالۆژیکە دەسنیشان بکرێت. هەڵبەت کۆنراد مێژووی تەنیا وەك کەسێکی نامۆ و نەناسراو لە چیرۆکەکەیدا نەنواند، هەر نووسەرێك وەك تاکەکەس لە کۆمەڵگادا جێگە و پێگەیەکی هەیە و لە دیدگای تایبەتی خۆی ئاوڕ لە مێژووی گشتی دەداتەوە و بە پێوەرگەلی تایبەت بەخۆشی لەو مێژووە تێ دەگات. بەڵام تێگەیشتن لەم خاڵە ئەستەم نییە کە جێگە و پێگەی تاکەکەسی کۆنراد وەك شاربەدەرێکی ئەعیانی و ئاریستوکراتیکی لەهێستانی و تەواو دەروەستی موحافیزە کاریی ئینگلیسی چۆن چۆنی قەیرانی ئایدیالۆژیکی بۆرژوایی ئینگلیسی بۆ ئەو توندتر و بەتەوژمتر دەکات.

هەروەتر دەکرێ لەم سۆنگەیەوە تێ بگەین کە بۆچی دیمەنی کەنداوی "پلاسیدۆ" هێندە وردەکاریی هونەریی تێدایە. باش نووسین تەنیا لە سۆنگەی «شێواز»ەوە نییە، باش نووسین هەروەتر وابەستەی ڕوانگەیەکی ئایدیالۆژیکە کە بتوانێ لە بارودۆخێکی دیاریکراودا بچێتە نێو دڵی ڕاستییەکانی ئەزموونی مرۆڤەوە. ئەمە کارێکە بەدڵنیاییەوە دیمەنی کەنداوی پلاسیدۆ دەرەقەتی دێت، ئەوەش لەو ڕووەوە نییە کە نووسەری ئەم ڕۆمانە بە ڕێکەوت خاوەنی شێوازێکی زۆر باشی نووسینە، بەڵکو لەم سۆنگەیەوەیە کە بارودۆخە مێژووییەکەی ئەگەر و ئیمکانی ئەوەی پێ

دەبـەخشێ کـە بـەتـێڕوانینگەلێکی لـەم چـەشنـە بگـات. جـا لـەوە دا کـە ئـەم تێڕوانینانـه لـه دیدی سیاسییەوە ″پێشکەوتن خوازانە″ یـان ″کۆنـەپـەرستـانـە″ بن (تێڕوانینی کۆنراد شکی تێدا نییە کۆنە پەرستانەن) مەسەلەیەکی ئەوتۆ نـیـیـە – وەك چـۆن زۆربـەی نـووسەرانـی گـەورەی جـێی پـەسنـدی سەدەی بیستەم وەکی ئیتس، ئیلیۆت و لارێنس موحافیزە کارانێکی سیاسین و هەر کـامـیـان لاچـاوێکیشیـان لـە فـاشیزم بـووە. ڕەخنـەی مـارکسیستـی لـە بـری پاساودانەوەی ئەم ڕاستییە، دێت تاوتوێ دەکات و باسی ئەم خاڵە دێنێتە گـۆڕێ کـە لـە نـەبـوونـی هـونـەری بـەڕاستـی شۆڕشگـێڕانـەدا تـەنـیـا موحافیزەکاریی ڕادیکاڵ، کە وەك مارکسیزم دژی بەها وشك و ڕزیوەکانی کۆمەڵگای بورژوازییی لیبرال خەبات دەکات، بۆی هەیە ئەدەبیاتێکی فرە گرینگ بەرهەم بێنێت.

## ئەدەبیات و سەرخان

هـەڵـەیـە ئـەگـەر بڵێین ڕەخنـەی مـارکسیستـی بـەشێوەیـەکـی میکـانیکـی لـە (دەق)ەوە بـەرەو (ئـایـدیـالـۆژی) و لـە ئـایـدیـالـۆژیـیـەوە بـەرەو ″پێوەندییە کـۆمـەڵایـەتییـەکـان″ و پـاشان بـەرەو هـێزگـەلی بـەرهـەمـهێنـان دادەگـەڕێ. ڕەخـنـەی مـارکسیستـی پـتر بـە ″یـەکێتیی″ ئـەم ″ڕووبـەرانـە″ی کۆمـەڵگـاوە سەرقـاڵـە. ئـەدەبـیـات بـۆی هـەیـە بـەشێك لـە سەرخـان بێت، بـەڵام بـەتـەنـیـا ڕەنگدانەوەی بێ هەڵوێستی ژێرخانی ئابووری نییە. ئێنگێلس لە نامەیەکدا بۆ جۆزێف بلوخ (1936 -1871) ساڵی ١٨٩٠ ئەم خاڵە ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ:

> بـەپـێی بـۆچـوونـی مـاددە گـەرایـانـەی مێژوو، ڕەگـەزی گرینگ و دیاریکەر لە مێژوودا دواجار بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوەی ژیـانـی ڕاستـەقینـەیـە. نـە من، نـە مـارکس هـەرگیز شتێکی زیاتر لەمەمان نەگوتووە. کەواتە، گەر کەسێك ئەم قسەیە بەم شێوەیە لە

ڕاستە ڕێی خۆی لابدات کە ڕەگەزی ئابووری تاکە هۆکاری دیاریکەرە، ئەوە ئەم سۆسیال دیموکراتی ئەڵمانی وتەیەی ئێمە بێ ماناو سەڵت و پڕوپووچ دەکات.

دۆخی ئابووری بەردی بناغەیە. بەڵام ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی سەرخان – شێوە سیاسییەکانی خەباتی چینایەتی و پاشهاتەکانی، ئەو ڕێکخراوانەی کە چینی سەردەست پاش ململانێیەکی سەرکەوتوو دایاندەمەزرێنێ و هتد (وەك شێوە حقووقییەکان)– و پاشان تەنانەت ڕەنگدانەوەکانی ئەم خەباتە ڕاستەقینانە لە نێو زەینی خەباتکاراندا: تیۆریگەلی سیاسی و حقووقی و فەلسەفی، هزرگەلی دینی و گۆڕانکاریی دواتر ئەمانە و بوونیان بە کۆمەڵێك داموەزگای بونیادگەرا هەروەکو لەسەر گەڕیانی خەباتگەلی مێژوویيدا شوێن دادەنێن و زۆر جار لە مەڕ دیاریکردنی شێوەکانیان خاوەنی گرینگایەتییەکی بنەڕەتی و لەڕادە بەدەرن.

ئێنگێلس دەخوازێ حاشا لە هەر چەشنە هاوڕێکییەکی میکانیکی و تاك بە تاك لەنێوان ژێرخان و سەرخاندا بکات، ڕگەزەکانی سەرخان بێ بڕانەوە لەسەر ژێرخانی ئابووری شوێن دادەنێن. تیۆریی ماددە گەرایانەی مێژوو ئەم قسەیە قبووڵ ناکات کە هونەر بۆی هەیە هەر بۆ خۆی گەڕیانی مێژوو بەراوەژوو بکاتەوە، بەڵام لەسەر ئەم خاڵە پێ دادەگرێ کە هونەر دەتوانێ ڕەگەز و هۆکارێکی چالاك و هەڵسووڕ بێت لە بەراوەژوو کردنەوەیەکی لەم چەشنەدا. ئەوەی ڕاستی بێت، مارکس لە کاتی تاوتوێکردنی پێوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخاندا، هونەر وەك وێنەی پڕ پێچوپەنایی و ناڕاستەوخۆبوونی ئەم پێوەندییە بە نموونە دێنێتەوە:

دەربارەی هونەرەکان دیارە کە قۆناغگەلێکی دەسنیشانکراوی پرۆپاراویی هونەرەکان بەگشتی هاوڕێکییەکی لەگەڵ گەڕیانی گشتیی باڵقبوونی کۆمەڵگا و دوا بەدوای ئەو بنەمای ماددی و پێکهاتەی گشتیی، وەك هەندێ کەس دەڵێن، ڕێکخراوەی کۆمەڵگاوە نییە. بۆ وێنە، با یۆنانییەکان لەگەڵ مۆدێرنەکان یان هەروەکو شێکسپیر پێکەوە هەڵسەنگێنن. تەنانەت هەموو کەس دەزانێ کە لەگەڵ سەرهەڵدانی هونەر بە واتای وردی وشە، شێوە گەلی دیاریکراوی هونەر، با بڵێین بۆ نموونە حەماسە، چیتر بۆی نییە لەو حاڵەتە مێژوو سازەی جیهانی و کلاسیکدا بخولقێندرێ، بە وتەیەکی تر هەندێ شێوەگەلی گرینگی نێو گۆڕەپانی هونەرەکان تەنیا لە قۆناغێکی نابالقبووی هونەریدا ئیمکان هەڵگرە. ئەگەر ئەم خاڵە دەربارەی پێوەندیی نێوان چەشنگەلی جۆراوجۆری هونەرەکاندا ڕاست بێت، کەواتە نابێ هێندە جێگای سەرسووڕمان بێت کە دەربارەی پێوەندیی سەر لەبەری ئەم گۆڕەپانە لەگەڵ باڵقبوونی گشتیی کۆمەڵگاشدا وەڕاست بگەڕێت. قورسی و ناخۆشیی کارەکە تەنیا لە ڕێسامەند کردنی گشتیی ئەم دژوازییانە دایە. بەڵام هەر کە ئەم دژوازییانە دەسنیشان کران ئیتر ڕوون دەبنەوە[٩].

مارکس لێرەدا ئەوشتە تاوتوێ دەکات کە پێی دەڵێ: «پێوەندیی ناهاوسەنگی گەشەسەندنی هێزە ماددییەکان... لەگەڵ بەرهەمهێنانی هونەری». مانای ئەم گوتەیە ئەمە نییە کە گەورەترین دەسکەوتی هونەری پاڵیان بە باڵاترین قۆناغگەلی پێشکەوتی هێزەکانی بەرهەمهێنانەوە داوە، وەك چۆن نموونەی یۆنانییەکان بە ئاشکرایی سەلماندی کە ئەوان توانییان لە کۆمەڵگایەکی لە باری ئابوورییەوە گەشەنەسەندوو دا هونەرێکی گەورە بەرهەم بێنن.

ئـیـمـکـان و ئـەگـەری لـە دایکبوون و سەرهـەڵدانـی هـەندێ شێوەگـەلـی هونـەریی گـەورەی وەك حـەمـاسە تـەنیـا لـە کۆمـەڵگـایـەکی گـەشە نـەسـەندوودا دەگونجێ. بـەم پێیە لە سۆنگەی چی مـارکس پرسیار دەکات کە بۆچی ئێمە هـێشتـاش هـۆگـری ئـەم شێوانـەیـن، سەربـاری ئـەو مـەودا مێژووییـیـەی لەنێوان دایە؟

بـەڵام تێگـەیشتن لـەوەی هـونـەرە یـۆنـانـییـەکـان و حـەمـاسە پێوەندییـان لـەگـەڵ هـەندێ شێوەی دیـاریکراوی گـۆڕانکاری کۆمـەڵگا دا هـەیە کارێکی ئـەستەم نییە. ئـەستەمیی کارەکە لەمە دایە کە هونـەرەکان هێشتاش چێژی هونـەرییـان پێ دەبـەخشن و هـەندێ جار بە پێوەر و نموونـەیـەکی دوورە دەست لە قـەڵـەم دەدرێن.

بـۆچـی هـونـەری یـۆنـانـی هـێشتـاش چـێژی جـوانـی نـاسانـەمـان پێ دەبەخشێ؟ ئـەو وەڵامـەی کە مـارکس بـەم پرسیـارەی دەداتـەوە لە بـەردەست ڕاڤـەکـارانی نـەیـار و دژ وەك وەڵامێکی لـەرزۆك و بێ بنچینە ڕەخنـەی توندی لێ گیراوە:

مرۆڤ نـاتوانێ سەرلـەنوێ بگـەڕێتـەوە بۆ سەردەمـی منداڵی مـەگین ئـەوەی لاسایی منداڵان بکاتـەوە. بـەڵام ئـایا مرۆڤ لە ساکاری و بـەستـەزمـانیی منداڵان چێژ وەرنـاگرێ، و نـاشێ هـەوڵ بدات ئـەم هـەقیقـەتـە لە ئـاستێکی بـاڵاتـردا دووپـات بکاتـەوە؟ ئـایا تـایبـەتمـەندیی ڕاستـەقینـەی هـەر سەردەمێك لە سروشتـی مـنـداڵانـی ئـەو سەردەمـەدا خـویـا نـابـێ؟ بـۆ نـابـێ مـنـداڵـیی مـرۆڤ، ئـەم جـوانـتـریـن و قـەشـەنگـتـریـن قـۆنـاغـی پێشکەوتنە، وەك دەورانێك کە هـەرگیزاو هـەرگیز نـاگـەڕێتـەوە، سیـحـرو ئـەفسوونێکی هـەرمـان بـخـاتـە گـەڕ؟ هـەندێ منداڵ

> هـەن سەرکێشن و هـەنـدێکیـان زوو پـێ دەگـەن. زۆریـنـەی خـەڵکـانـی کـۆن سەر بـەم تـاقـمـە لـە منداڵانن. یـۆنـانـییـەکان منـداڵانـێکـی سروشتـی بـوون. سیـحـر و ئـەفسوونـی هـونـەری یـۆنـانـیـیـەکـان دژ بـە قـۆنـاغـی گـەشە نـەسەنـدووی ئـەو کۆمەڵگایە نەبوو کە ئەم هونەرە لە باوەشیدا باڵای دەکرد. ئەم هونەرە پتر بەرهەمی ئەم دژوازییەیە و بە شێوەیەکی لێکدانەبڕاو پێوەندیی بەم ڕاستییەوە هەیە کە ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییە کاڵ و نەگەیشتوویەی کە ئەو هونەرە تێیدا سەری هەڵدا و تەنیا بۆی هەبوو لەودا سەرهەڵبدات ئیتر هەرگیز ناتوانێ بگەڕێتەوە.

ئەمە لەو پاژە هەستەکییە نامادە گەرایانەیە کە ڕەخنەگرانی نەیار بە خۆشحاڵییەوە هێرشی دەبەنە سەر و (دەڵێن): کەواتە هۆگریی ئێمە بۆ هونەری یۆنانی لەسۆنگەی ئاواتی گەڕانەوەیە بۆ سەردەمی منداڵی. بەڵام تەنیا ئەو کاتە بۆمان هەیە ئەم پاژە بەم شێوەیە هەڵسەنگێنین کە یەکسەر لە بەستێن و زەمینەی خۆی جیای بکەینەوە – ئەم قسانەی مارکس لە زمان پێشنووسی دەسنووسەکانی ساڵی ١٨٥٧ دەگێڕینەوە کە ئیمڕۆکە بە گروندریسە (Grundrisse) ناوبانگیان دەرکردووە. هەر کە ئەم قسانە بگەڕێنەوە بۆ نێو زەمینەی سەرەکیی خۆیان مانای ڕاستەقینە دەسبەجێ ئاشکرا دەبێ. مارکس دەخوازێ پێمان بڵێ کە یۆنانییەکان نەك لەسۆنگەی دۆخی گەشەنەسەندووی کۆمەڵگای خۆیان بەڵکو بەهۆی ئەم گەشەنەسەندووییە دەیانتوانی هونەری گەورە بەرهەم بێنن. لە کۆمەڵگا گەلی کۆن و کەوناردا کە هێشتا تووشی پرۆسەی ″دابەشکردنی کار″ی جیاکەرەوەی ناسراو بەسەرمایەداری، و زاڵ بوونی (چەندایەتی) بەسەر (چۆنێتی)ی سەرچاوە گرتووی لە بەرهەمهێنانی کاڵایی، و پێشکەوتی دانەسەکناو و بەردەوامی هێزەکانی بەرهەمهێنان نەهاتوون، (ئەندازە)

یان هارمۆنییەکی دیاریکراو بۆی هەبوو لە نێوان مرۆڤ و(سروشت)دا وە دەست بێت – ئەم هارمۆنییە ڕێك پشت ئەستوورە بە سرویشتی (سنووردار و بەرتەسکی) کۆمەڵگای یۆنانی. جیهانی «منداڵانە» لەو سۆنگەیەوە سەرنجڕاکێشە کە لە سنوورێکی ڕێسامەندی دیاریکراودا دەپشکوێت – ئەو ئەندازە و سنوورانەی کە کۆمەڵگای سەرمایەداری لەبەر خواستی سنوور بەزێنی بۆ بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی وەحشییانە پێشێلی دەکات. لە لایەنی مێژووییەوە، پێویستە کە سنوورەکانی کۆمەڵگایەکی بەرتەسکی لەم چەشنە لەسەر دەستی پەرەسەندنی هێزەکانی بەرهەمهێنان تێك بڕمێن، بەڵام ئەو کاتەی مارکس باسی «هەوڵدان بۆ خولقاندنەوەی هەقیقەتی ئەم کۆمەڵگایە لە قۆناغێکی باڵاتر دا» دەکات، بەئاشکرایی لە کۆمەڵگای کۆمۆنیستیی داهاتوو دەدوێت، ئەو کۆمەڵگایەی کە تێیدا سەرچاوە بێ سنوورەکان دەکەونە بەردەست ئەو مرۆڤانەی کە ئەگەر و ئیمکانی گەشەکردن و پەرەسەندنیان بێ سنوورە(١٠).

کەواتە، لە نێو دڵی چوارچێوە دانان و ڕێسامەندییەکانی مارکس لە گروندریسە دوو پرسیار هەڵدەقوڵێ. پرسیاری یەکەم لە پێوەندی نێوان «ژێرخان» و «سەرخان» دەکۆڵێتەوە، و پرسیاری دوویەم باسی پێوەندیی هەنووکەیی ئێمە بەهونەری ڕابردووەوە دەکات. سەرەتا با پرسیاری دووهەم تاوتوێ بکەین: چۆن چۆنییە کە ئێمە خەڵکانی مۆدێرن هێشتاش لە بەرهەمە کولتوورییەکانی کۆمەڵگاکانی پێشوو، کۆمەڵگاگەلێکی سەرلەبەر جیاواز لە کۆمەڵگاکانی سەردەمی خۆمان، چێژ وەردەگرین؟ بەواتایەك، ئەو وەڵامەی کە مارکس دەیداتەوە جیاوازییەکی لەگەڵ ئەم پرسیارە نییە کە دەڵێ: ئەوە چۆنە کە ئێمەی خەڵکی سەردەمی نوێ لە بەرامبەر قارەمانێتیی کەسانێکی لە چەشنی بۆ نموونە سپارتاکووس هەڵوێستمان هەیە؟ ئێمە لە هەمبەر سپارتاکووس یان پەیکەرە یۆنانییەکان هەڵوێست وەردەگرین چونکە مێژوومان ئێمە بەو کۆمەڵگایانە

دەلکێنێتەوە، ئێمە لەو کۆمەڵگایانەدا قۆناغی گەشەنەسەندووی ئەو هێزانە دەبینینەوە کە ئێمە سنووردار و مەرجدار دەکەن. سەرەڕای ئەمە، ئێمە لەم کۆمەڵگایانەدا ڕواڵەت و ئیماژێکی سەرەتایی لە «ئەندازە»ی نێوان مرۆڤ و سروشت دەدۆزینەوە کە سەرمایەداری ناچارەکی لە نێوانی دەبات، و سۆسیالیزم دەتوانێ لە ئاستێکی زۆر زۆر بالاتردا بیخولقێنێتەوە. بە وتەیەکی تر، دەشێ لە چوارچێوەیەکی زۆر بەربلاوتر لە مێژووی هاوچەرخمان، بیر لە «مێژوو» بکەینەوە. پرسی پێوەندیی دیکێنز بەمێژووەوە، تەنیا لە پێوەندیی ئەو بەئینگلیستانی سەردەمی ویکتۆریا دا کورت نابێتەوە، چونکی ئەو کۆمەڵگایە خۆشی حاسڵ و بەرهەمی مێژوویەکی دوور و درێژە کە کەسانێکی لە چەشنی شیکسپیر و میلتۆن دەگرێتە خۆ. تێڕوانینێکی لەم دەستە بۆ مێژوو تێروانینێکی نامۆ و بەرتەسکە کە مێژوو تەنیا وەك «چرکەساتی هاوچەرخ» پێناسە دەکات و لە شتەکانی تر وەك «بابەتی گشتی» دەڕوانێ. بێرتۆلد برێشت یەکێك لە وەڵامەکانی پرسی ڕابردوو و ئێستا –مان دەداتەوە. بەباوەڕی برێشت: «ئێمە پێویستیمان بەوەیە کە هەستی مێژوویی بگۆڕینە سەر چێژی هەستەوەریی ڕاستەقینە. ئەو کاتەی شانۆکانی ئێمە سەردەمانی تر دێننە سەر سەکۆ پێیان خۆشە مەوداکان بسڕنەوە، کەلێنەکان پڕ بکەنەوە و گوێ لە جیاوازییەکان بخەوێنن. بەڵام بەم شێوەیە چ بەڵایەك بەسەر ئەو چێژە دادێت کە ئێمە لە بەراورد و مەودا و ناوێکچووییەکان وەری دەگرین – کە لە هەمان کاتدا چێژێکە لەو شتەی لێمان نزیکە و شایانی ئێمەیە؟»(١١).

پرسێکی تر کە گروندریسە دەیهێنێتە گۆڕێ پرسی پێوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخانە. مارکس زۆر ڕوون و ئاشکرا باسی ئەوە دەکات کە ئەم دوو لایەنەی کۆمەڵگا پێوەندییەکی هاوچەشن و هاوسەنگیان پێکەوە نییە، ئەو دوو سەماکەرە نیین کە دەست لە نێو دەستی یەکتردا سەمای مینوئێ –ی هارمۆنی و هاوئاهەنگی لە سەرتاسەری مێژوو بخەنە بەر

چاوان. هەر ڕەگەزێکی سەرخانی کۆمەڵگا– هونەر، ماف، سیاسەت، دین – خاوەن کێش و هەوای گۆڕانکاری و گەشەسەندنی تایبەتی خۆیەتی بەچەشنێك کە ناکرێ ئەم تایبەتمەندییە تا ڕادەی دەربڕینی ڕووتی خەباتی چینایەتی یان بارودۆخی ئابووری کورت بکرێتەوە. وەك چۆن ترۆتسکی دەبێژێ هونەر خاوەن «ڕێژەیەکی بالای سەربەخۆیی»یە، هونەر بەهیچ شێوازێکی سادە و ساکاری تاك بەتاك وابەستەی شێوازی بەرهەم هێنان نییە. سەرباری سەرلەبەری ئەمانە، مارکسیزم لە هەمان کاتدا باس لەوە دەکات کە، لە دوایین شرۆڤەدا، ئەم شێوازەی بەرهەم هێنانە کە چارەنووسی هونەر دیاری و دەسنیشان دەکات. چۆن چۆنی دەکرێ ئەم دژوازییە ئاشکرایە شی بکەینەوە؟

با نموونەیەکی ئەدەبیی دیاریکراو لەبەر چاو بگرین. «مارکسیزمی ڕەشۆکی» لەوانەیە وای لێکبداتەوە کە مانای شیعری «وێرانە خاکی» تی. ئێس. ئیلیۆت ڕاستەوخۆ لەسەر دەستی هۆکار گەلی ئایدیالۆژیك و ئابووری دیاری دەکرێ – واتە بۆشایی و شەکەتیی ئایدیالۆژیایی بورژوایی کە لە قەیرانی سەرمایەداریی ئیمپیریالیستیی ناسراو بەجەنگی جیهانی یەکەم سەرچاوە دەگرێ. مانای لێکدانەوەیەکی لەم چەشنە ئەوەیە کە ئەم شێعره وەك «ڕەنگدانەوە»ی ڕاستەوخۆی ئەو بارودۆخە شی بکەینەوە، بەڵام ئەم شیکردنەوەیە بەڕاشکاوی چاوی لە حاند سەرلەبەری ئەو زنجیرە «ئاست»ە دەقووچێنێ کە لە نێوان دەق خۆی و ئابووریی سەرمایەداریدا وەك «نێو بژیکەر» کار دەکات. بۆ وێنە، ئەم دیدە دەربارەی دۆخی کۆمەڵایەتیی ئیلیۆت خۆیدا شتێکی ئەوتۆمان بۆ ڕوون ناکاتەوە – ئەو نووسەرەی کە پێوەندییەکی تەمومژاوی لەگەڵ کۆمەڵگای ئینگلیس هەیە، کۆچەرێکی ئەمریکاییی «فیودال»ە کە دەبێتە کارمەندێکی بەشان و شکۆی ناوەندی ئابووریی لەندەن و سەرباری ئەمانە لەبری ئەوەی لەگەڵ کەسانی بورژوا – بازرگانی ئایدیالۆژیی ئینگلیسی هاوسۆزی بکات زۆر زۆر تێکەڵ بەکۆڕ

و كۆبوونەوەكانی موحافیزەكارانە و سوننەتییەكان دەبێت. ئەم دیدە شتێك دەربارەی شكڵ و شێوە گشتیترەكانی ئایدیالۆژی بەئێمە نابێژێ – نە باسی پێكهاتەكەی دەكات، نە لە ناوەڕۆك و پێچوپەنا دەروونییەكانی دەدوێت و نەخۆ لەقەرەی ئەوە دەدات كە چۆن چۆنی سەرلەبەری ئەمانە لەسەر دەستی پێوەندیی چینایەتیی فرە پڕ پێچوپەنای كۆمەڵگای ئینگلیسیی ئەو كات پێك دێت. ئەم تێڕوانینە تێڕوانینێكە دەربارەی شكڵ و زمانی شێعری وێرانە خاك بێدەنگە و ناتوانێ بۆمان ڕوون بكاتەوە كە بۆچی ئیلیۆت سەربارى ئەوەی موحافیزەكارێكی سیاسیی زێدەڕەو بوو شاعیرێكی پێشەنگیش بوو و لە هەندێ تەكنیكی تەجرەبیی «پێشەنگ» ی سەر بە پاشەكەوتی مێژووی شكڵە ئەدەبییەكانی بەردەستی خۆی سوودی وەردەگرت، هەروەتر ناتوانێ ئەوەشمان بۆ ڕوون بكاتەوە كە لەسەر چ بنەمایەكی ئایدیالۆژیكی ئەم كارەی دەكرد. ئێمە لەم تێڕوانینەوە دەربارەی ئەو بارودۆخە كۆمەڵایەتییەی كە ئەوكات بوو بە هۆی سەرهەڵدانی شێوەگەلێكی تایبەتی «ڕۆحانییەت» ی نیمچە مەسیحی، نیمچە بوودایی شتێك فێرنابین، ئەو ڕۆحانییەتەی كە ئەم شێعرە پشتی پێی ئەستوورە، یان شتێك دەربارەی دەوری جۆرێكی دیاریكراوی مرۆڤناسیی بورژوایی (فریزێر) و فەلسەفەی بورژوایی ئایدیالیزمی ئێف. ئێچ. برادلی، كە شێعری ئیلیۆت شوێنی لێ وەرگرتووە، لە پێكهاتن و دەقگرتنی ئایدیالۆژیكی ئەم قۆناغە دا بەئێمە نالێ. ئەم تێڕوانینە دەربارەی هەڵوێستی كۆمەڵایەتیی ئیلیۆت وەك هونەرمەند، یان ئەرك و دەوری ئێلیتێكی (نوخبە) زانای وشیار و ئەزموونگەر كە بەرهەمەكانی لە كۆوارگەلێكی تایبەتدا بڵاو دەكاتەوە (لە قاڵبی هەندێ ڕۆژنامە و كۆواری بچووكدا) یان دەربارەی جۆری بەردەنگانی ئەم بەرهەمانە، و هەروەتر ئەو تاو و تەئسیرەی كە ئەم بەردەنگانە لەسەر شێواز و تەكنیكەكانی ئەم شیعرە دایدەنێن ڕوونكرنەوەیەك بەدەستەوە نادات. بەم چەشنە، ئێمە شتێك دەربارەی

پێوەندیی نێوان ئەم شێعرە و ئەو کۆمەڵە تیۆرییە جوانی ناسانەیەی کە پێوەندییان بەم شیعرەوە هەیە و ئەوەی کە ئەم جوانی ناسییە چ دەورێك لە ئایدیالۆژیی ئەو کات دەگێڕێ، و ئەوەیکە چۆن چۆنی بینای خودی شێعری پێکدێنێ، نازانین.

بۆ هەر چەشنە تێگەیشتنێکی پڕ بەپێستی شیعری «وێرانە خاك» دەشێ ئەم هۆکارانە شان بەشانی هۆکارەکانی تر لەبەر چاو بگرین. باس لەسەرئەوە نییە کە ئەم شیعرە تا ڕادەی دۆخی سەرمایەداریی هاوچەرخ «دابەزێنین»، بەڵام باس لەسەر ئەوەش نییە کە هێندە پێچوپەناگەلی ورد و ژیرانە بەکاربێنین کە هەرشتێکی بەناوی توندوتیژیی سەرمایە داری بە کردەوە لە بیر بچێتەوە و فەرامۆش بکرێت. بەپێچەوانە: سەر لەبەری ئەو هۆکارانەی ریزم کردن (هەڵوێستی چینایەتیی نووسەر، شکڵە ئایدیالۆژیکەکان و پێوەندییان بەشکڵە ئەدەبییەکانەوە، «رۆحانییەت» و فەلسەفە، تەکنیکگەلی داهێنانی ئەدەبی و تیۆریی جوانی ناسی) ڕاستەوخۆ پێوەندییان بە مۆدێلی ژێرخان/ سەرخان –وە هەیە. ئەوشتەی ڕەخنەی مارکسیستی بەدوایدا دەگەڕێ ئاوێتە کردنی تاقانەی ئەو ڕەگەزانەیە کە شێعری «وێرانە خاك» پێکدێنن.(١٢) ناکرێ هیچ کام لەم ڕەگەزانە لە یەکتردا بتوێنەوە، و هەر کام خاوەن سەربەخۆییەکی ڕێژەیین. لە ڕاستیدا دەکرێ شیعری «وێرانە خاك» بەشێعرێك لە قەڵەم بدرێ کە لە قەیرانی ئایدیالۆژیی بورژواییەوە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام لەنێوان ئەم شێعرە و ئەو قەیران یا بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەی کە ئەم شێعرەی پێکهێناوە هیچ بەراوردێکی سادەو ساکار لە ئارا دا نییە. («وێرانە خاك» وەکو شێعرێك، هەڵبەت خۆی وەك دەسکەوتی فلانە قەیرانی ئایدیالۆژیکیی تایبەت «ناناسێنێ» چونکی ئەگەر وای کردبا چیتر «وێرانە خاك» نەدەبوو. ئەوەی پێویستە ئەمەیە کە ئەم قەیرانە وەرگێڕدرێتە سەر زمانێکی گشتگیر (Universal) – واتە تێگەیشتن لەو بەشە لە دۆخی مرۆڤێکی نەگۆڕ و سەقامگرتوو کە هەم میسرییەکانی ڕۆژگاری کەونارا،

هـەمیش مرۆڤـی مۆدێرن دەگرێتـە خۆی.) کەواتـە، پێوەنـدیـی نێوان شیعری «وێرانە خاك» لەگەڵ مێژووی ڕاستەقینەی سەردەمەکەی پێوەندییەکی فرە «نێو بـژیکـەرانەیە» (Mediated) و لـەم ڕوانـگـەیـەوە دەکرێ ئـەم شیـعرە وەك هەموو بەرهەمە هونەرییەکانی تر بێتە ئەژمار.

## ئەدەبیات و ئایدیالۆژی

فریدریش ئێنگێلس لە کتێبی «لودویگ فۆیرباخ و کۆتاییی فەلسەفەی کـلاسیکـی ئـەڵمـان» (١٨٨٨) بـۆمـان ڕوون دەکـاتـەوە کە هـونـەر زۆر بـە پیتترو «پڕ پێچوپەنا» تر لە تیۆری سیاسی و ئابوورییە چونکە کەمتر خاوەن ڕوخساری ئایدیالۆژیکیی ڕووتە. لێرەدا گرینگە لە مانای وردی «ئایدیالۆژی» لە دیدی مارکسیزمەوە تێ بگەین. ئایدیالۆژی لە قۆناغی یەکەمدا بریتی نییە لە کۆمەڵێك فێرکاری، ئایدیالۆژی باسی ئەو شێوازە دەکـا کـە لـە سۆنـگـەیـەوە مرۆڤـەکـان دەورەکـانـی خـۆیـان لـە کـۆمـەڵـگـای چینایەتیدا دەگێڕن، ئایدیالۆژی دەربڕی ئەو بەها و هزر و ئیماژانەیە کە مرۆڤەکان بەئەرکە کۆمەڵایەتییەکانیانەوە گرێ دەداتەوە و بەم شێوەیە پـێش بـەنـاسینـی ڕاستـەقـینـەیـان بـۆ کـۆمـەڵـگـا دەگرێ. بـەم ڕاڤـەیـە بێت، «وێرانـە خـاك» بـەرهـەمـێکـی ئـایـدیـالـۆژیکـیـیە: ئـەم شێعرە نـیشانـدەری مرۆڤێکە کە لەسەر دەستی شێواز گەلێك بەو ئەزموونەی خۆی دەگات کە پێش بە تێگەیشتنی ڕاستەقینەی بۆ کۆمەڵگا دەگرێ، ئەو شێوازانەی کە دواجار درۆینن. هەرچی هونەرە لە تێڕوانینی ئایدیالۆژیکییەوە بۆ جیهان ئاو دەخواتەوە، بەوتەی پێلخانۆڤ بەرهەمێکی هونەری بەدی ناکرێ کە سەرلـەبـەر لـە نـاوەڕۆکـی ئـایـدیـالـۆژیکـی بـێ بـەری بێت. بـەڵام ئـامـاژەی ئێنگێلس وا دەگەیەنێ کە پێوەندیی نێوان هونەر لەگەڵ ئایدیالۆژی پڕ پـێچـوپـەنـاتـرە لـە پـێوەنـدیـی نـێوان حـقـووق و تـیۆریـی سیـاسـی لـەگـەڵ ئـایـدیـالـۆژی کـە بـەرژەوەنـدییـەکـانـی چـینـی دەسەڵاتـدار زۆر ڕوونـتـر و

ڕاشکاوانەتر دەنوێنن کەواتە، پرسەکە ئەمەیە کە پێوەندیی هونەر لەگەڵ ئایدیالۆژی چۆناوچۆنە.

ئەم پرسیارە پرسیارێکی سانا نییە. لێرەدا دەکرێ لە هەمبەر ئەم پرسیارە دا دوو هەڵوێستی زێدەڕەوانە و دژواز ڕەچاو بکرێ. یەکیان ئەوەیە کە ئەدەبیات «چ نییە جگە» لە ئایدیالۆژی لەقالبێکی هونەریی دیاریکراو دا – بەگوێرەی ئەم تێڕوانینە شوێنەواری ئەدەبی تەنیا دەرکەوت و دەمامکی ئایدیالۆژییەکانی سەردەمی خۆیانن. ئەم شوێنەوارە دەستبەسەر کراوانی «وشیاریی درۆین» و توانای ئەوەیان نییە لەو بەندە ڕاکەن و بەهەقیقەت بگەن. ئەم هەڵوێستە تایبەت بەڕەخنەی «مارکسیستی ڕەشۆکی» یە، ئەو ڕەخنەیەی تێ دەکۆشێ لە ئاسەواری ئەدەبی تەنیا وەك ڕەنگدانەوەی ئایدیالۆژییەکان بڕوانێ. بەم شێوەیە، ڕەخنەیەکی لەم چەشنە لە لایەکەوە ناتوانێ بۆمان شی بکاتەوە کە بۆچی هەندێ دەقی ئەدەبی بەکردەوە لەگەڵ پێش گریمانەکانی ئایدیالۆژیکی سەردەمی خۆیان ململانێ دەکەن، لە لایەکی ترەوە پێچەوانەی پرسەکە پەنجە بۆ ئەم ڕاستییە ڕادەکێشێ کە هەندێ دەقی ئەدەبی لەگەڵ ئایدیالۆژیی بەرامبەر خۆیان ململانێ دەکەن و ئەو ئایدیالۆژییە دەکاتە پاژێك لە پێناسەی هونەری ئەدەبی. ئیرنێست فیشێر لە کتێبێکی خۆیدا کە ناوی بۆنداری «هونەر لەهەمبەر ئایدیالۆژیدا» (١٩٦٩)ی بۆ هەڵبژاردووە، پێی وایە هونەری ڕەسەن هەمیشە سنوورەکانی ئایدیالۆژیکی سەردەمی خۆی دەبەزێنێ و ئەو ناسیاری و ئاشناییە لەمەڕ ڕاستییەکان بۆ ئێمە دەستەبەر دەکات کە ئایدیالۆژی لە بەرچاومانی ون دەکات و لێمان دەشارێتەوە.

بەباوەڕی من ئەو دوو تێڕوانینە زۆر ساویلکانەن. لویی ئالتوسێر تیۆری داڕێژی مارکسیستی فەرەنسەیی بەشێوەیەکی وردبینانە تر (نەك پڕ بەپێستتر) باسی پێوەندیی نێوان ئەدەبیات و ئایدیالۆژی دێنێتە گۆڕێ[١٣]. ئالتوسێر پێی وایە ناکرێ هونەر تا ئاستی ئایدیالۆژی دابەزێنرێ.

بەوتەیەكی تر، هونەر «پێوەندییەكی تایبەتی» لەگەڵ ئایدیالۆژیدا هەیە. ئایدیالۆژی نیشاندەر و دەربڕی ئەو شێوازە تەمومژاوییانەیە كە لە سۆنگەیانەوە مرۆڤەكان جیهانی ڕاستەقینە تاقی دەكەنەوە، كە هەڵبەت چەشنە ئەزموون و تاقیكارییەكە كە ئەدەبیاتیش پێمان دەدات. وێ دەچێ هونەر پتر لە ژیان دەچێت لە بارودۆخێكی تایبەت تا شیكردنەوەی چەمكییانە لەو بارودۆخە. سەرباری ئەمە، هونەر لە ڕەنگدانەوەی ڕووت و بێ تاو و تەئسیری ئەم ئەزموونە تێ دەپەڕێ و بەرزتر دەفڕێ. هونەر لە چوارچێوەی ئایدیالۆژیدا جێ دەگرێ، با ئەو حاڵەتەش هەروەتر هەوڵ دەدات لێی دوور بكەوێتەوە و بگاتە ئەو شوێنەی كە دەرفەتی ئەوەمان پێ بدات كە «هەست» بەئایدیالۆژی بكەین و «تێی بگەین»، ئەو ئایدیالۆژییەی كە هونەر سەرچاوەی لێ گرتووە. هونەر بەم كارەی ئەو تواناییەمان پێ نابەخشێ كە بەو هەقیقەتە بزانین و «بیناسین» كە ئایدیالۆژی لێمان دەشارێتەوە، چونكی بەبۆچوونی ئالتوسێر «ناسین» بەواتای وردی وشە بریتییە لە ناسینی زانستی – بۆ وێنە ئەو چەشنە ناسینە بۆ سەرمایەداری كە كتێبی «سەرمایە» ی ماركس بەدەستەوەی دەدات تا «ڕۆژگاری تفت و تاڵ» ی چارلز دیكێنز. جیاوازی نێوان زانست و هونەر لەوە دا نییە كە هەركامیان بەبابەتێكی جیاوازەوە سەرقاڵن، بەڵكو جیاوازییان لەوە دایە كە ئەم دوو بوارە بابەتێكی تاك بەشێوەگەلی جیاواز شی دەكەنەوە. زانست دەربارەی دۆخێكی دیاریكراو، ناسیاری و مەعریفەیەكی چەمكیمان پێ دەدات، بەڵام هونەر ئەزموونێك لەم دۆخەمان پێ دەبەخشێ كە هاوسەنگی ئایدیالۆژییە. سەرەڕای ئەمە، هونەر لەم ڕێیەوە هەلی ئەوەمان بۆ دەرەخسێنێ كە سروشتی ئەم ئایدیالۆژییە ببینین، و بەم شێوەیە بەرە بەرە پەلكێشمان دەكات بەرەو تێگەیشتنی كامڵ و پڕ بەپێستی ئایدیالۆژی كە بریتی بێت لە ناسین و مەعریفەی زانستی.

ئەوەی كە ئەدەبیات چۆناوچۆن ئەم كارە بەڕێوە دەبات خاڵێكە كە

یەكێك لە هاوكارانی ئالتوسێر، پیرماشێری، كاملتر باسی كردووە. ماشێری لە كتێبی «تیۆریی بەرهەمهێنانی ئەدەبی» (١٩٦٦) دا لە نێوان ئەو شتەی كە خۆی «وەهم» ی پێ دەڵێ (لە دیدی ئەوەوە هەر لە بنەڕەتەوە بەمانای ئایدیالۆژی) و «چیرۆك» دا جیاوازی دادەنێ. وەهم– واتە ئەزموونی ئایدیالۆژیكی ڕۆژانەی مرۆڤەكان– ماكێكی سەرەتایی و دەسپێكە كە نووسەر كەڵكی لێ وەردەگرێ، بەڵام لە كاتی كاركردن بەو ماكە دەیگۆڕێت و دەیكاتە شتێكی جیاواز و شكڵ و پێكهاتەی پێ دەبەخشێ. هونەر لە ڕێگای بەخشینی شكڵێكی دیاریكراو بەئایدیالۆژی و سەقامگیر كردنی لە سنوورەكانی چیرۆكێكی تایبەتدا دەتوانێ لە ئایدیالۆژی دوور بكەوێتەوە و بەم چەشنە پاوان و بەربەستەكانی ئەم ئایدیالۆژییە بۆ ئێمە ئاشكرا بكات.

بە بۆچوونی من هەم تێڕوانینی ئالتوسێر، هەمیشە ماشێری لە هەندێ لایەنی بنەماییەوە تەمومژاوی و نادیارە، سەرباری ئەمە ئەو پەیوەندییەی كە لە نێوان ئەدەبیات و ئادیالۆژیدا باسی لێ دەكەن گەلێ پڕ مانا و واتا هەڵگرە. بەباوەڕی ئەم دوو ڕەخنەگرە، ئایدیالۆژی شتێكی پتر لە كۆمەڵێكی بێ شكڵ و شێوازی وێنە و ئیماژ و وێنای هەڵپەسێردراو نییە، ئایدیالۆژی لە هەر كۆمەڵگەیەكدا خاوەن هاوڕێكی و یەكێتیی پێكهاتەیی تایبەتیی بەخۆیەتی. هەر لەسۆنگەی بوونی هاوڕێكییەكی ڕێژەییی لەم چەشنەیە كە ئایدیالۆژی بۆی هەیە ببێتە بابەتی شیكردنەوەی زانستییانە، و لەو سەرەوە كە دەقی ئەدەبی «سەر بەئایدیالۆژین» بۆیان هەیە هەروەتر ببنە بابەتی شیكردنەوەیەكی زانستیانەی لەم چەشنە. ڕەخنەی زانستی هەوڵ دەدات بەرهەمی ئەدەبی لەسەر بنەمای پێكهاتە ئایدیالۆژیكییەكەی، كە بەرهەم پاژێك لەو پێكهاتەیە لە قەڵەم دەدرێ و سەرباری ئەمە خۆی لە قالبی هونەردا دەنوێنێ، شی بكاتەوە: ئەم ڕەخنەیە تێ دەكۆشێ پرەنسیپ و ئەسڵێك بدۆزێتەوە كە هەم بەرهەم بەئایدیالۆژییەوە گرێ بدات، هەمیش

ببێتە هۆی دوور کەوتنەوەی  بەرهەم لە ئایدیالۆژی. لە ڕاستیدا، ڕێك ئەمە ئەو کارەیە کە نەرم و نیانترین ڕەخنەی مارکسیستی کردوویەتی، دەسپێکی ماشێری شیکردنەوە هەرە باشەکانی لێنینە لە تۆلستۆی.(١٤) با ئەو حاڵەش، گەیشتن بەڕەخنەیەکی لەم دەستە پێویستی بەتێگەیشتن لە بەرهەمی ئەدەبییە وەك پێکهاتەی «فۆڕمی»، و ئەمەش هەر ئەو پرسەیە کە هەنووکە باسی لێ دەکەین و پێوەی سەرقاڵ دەبین.

# ٢

# فۆڕم و ناوەڕۆك

## مێژوو و فۆڕم

جۆرج لوكاچ ڕەخنەگری ماركسیستی هەنگاری (مەجار) لە نامیلكەی تافی لاویی خۆیدا، «گەشەسەندنی درامی مۆدێرن» (١٩٠٩)دا دەڵێ: «ڕەگەزی بەڕاستی كۆمەڵایەتی لە ئەدەبیاتدا، فۆڕمە.» ئەمە لەو چەشنە تێڕوانینانە نییە كە بشێ لە ڕەخنەیەكی ماركسیستی چاوەڕوان بكرێ. لە لایەكەوە، ڕەخنەی ماركسیستی هەموو كات بەشێوەیەكی سوننەتی و نەریتگەرایانە دژی هەر چەشنە فۆرمالیسمێكی ئەدەبی بووە و سەرنجدانی زاتی بەتایبەتمەندییە تەكنیكییە ڕووتەكان كە مانای مێژوویی لە ئەدەبیات دەستێننەوە و ئەدەبیات تاڕادە و ئاستی جۆرە گەمەیەكی جوانی ناسانە دادەبەزێنێ، دەداتە بەر پەلاماری بێ ئامانی خۆی. ئەوەی ڕاستی بێت، ڕەخنەی ماركسیستی قامك لەسەر پێوەندیی نێوان (پیشە سالاری) تێكنۆكراسییەكی ڕەخنەگرانەی لەم چەشنە و هەڵسوكەوت و ڕەفتاری كۆمەڵگا سەرمایەدارییە پێشكەوتووەكان دادەنێ[1]. لە لایەكی ترەوە، ڕێژەیەكی بەرچاوی ڕەخنەی ماركسیستی بەكردەوە سەرنجێكی كەمیان داوەتە پرسی فۆرمی هونەری، و ئەم بابەتەیان بەقازانجی گەڕانێكی كەللەڕەقانە بەدوای ناوەڕۆكی سیاسیدا وە ئەستۆی پاشە ڕۆژیان خستووە. ماركس خۆی لەسەر ئەو باوەڕە بوو كە ئەدەبیات دەبێ یەكێتی نێوان فۆرم و ناوەرۆك ئاشكرا بكات، و هەندێ لە شیعرە لیریكییەكانی سەردەمی لاوی خۆی بەهۆی هەستە هەوسار پچڕاوە پڕ مەترسییەكانی سووتاند، بەڵام لەهەمان كاتیشدا گومانی لەو شێعرانە دەكرد كە لە داگەڕانیان بەرەو فۆڕمدا زێدەڕەوییان دەكرد. ماركس لە وتارێكیدا لە ڕۆژنامەیەك، لە هەڕەتی گەنجیدا دەربارەی گۆڕانییەكانی تەونكەرانی سیلیسی دەڵێ كە ئەو كارانەی ڕوویان تەنیا لە شێوازی

ڕووتە «ناوەڕۆکێکی لادەرانە» بەرهەم دێنن و ئەمەش لە جێی خۆیدا مۆری «سووکوچرووکی» بەنێو چاوانی فۆڕمی ئەدەبییەوە دەلکێنێ. بەوتەیەکی تر، مارکس تێگەیشتنێکی دیالیکتیکیی بۆ ئەو پێوەندییە بەرباسانە هەبوو: فۆڕم، بەرهەم و حاسڵی ناوەڕۆکە، بەڵام لە شێوەی پێوەندییەکی دوو لایەنەدا لەسەر ناوەڕۆك شوێن دادەنێ. ئەم بۆچوونە سەرەتاییەی مارکس دەربارەی یاسای تاقەت هەڵنەگری فۆڕمالیستی لە «راینش زاتیۆنگ» دا – «فۆڕم بەهایەك هەڵناگرێ مەگین ئەوەی فۆڕمی ناوەڕۆکی خۆی بی». – بۆی هەیە هەر بەم چەشنە دەربارەی بیر و باوەڕە جوانی ناسییەکانیشدا بەڕاست دابنرێ.

مارکس لە بۆچوونیدا بۆ یەکێتیی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆك ئەمەگداری ئەو نەریتە بوو کە لە هێگێل بەمیراتی بردبوو. هێگێل لە «فەلسەفەی هونەرە جوانەکاندا» (١٨٣٥) لەسەر ئەوە بوو کە «کەمایەسیی فۆڕم لە کەمایەسیی ناوەڕۆکەکەیەوە سەرچاوە دەگرێت.» ئەوەی ڕاستی بێت، بەڕای هێگێل مێژووی هونەر بۆی هەیە بەگوێرەی پێوەندییە بگۆڕەکانی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆك بنووسرێ. هونەر نوێنەر و پیشاندەری قۆناغە جۆراوجۆرەکانی گەشەسەندنی ئەو شتەیە کە هێگێل ناوی دەنێ «ڕۆحی جیهان» (World-Spirit) «ئایدیا» یان «ڕەها»، ئەمە هەمان «ناوەڕۆك»ی هونەرە کە بەشێوەیەکی بەردەوام هەوڵ دەدات بەو چەشنەی کە شایانە لە فۆڕمی هونەریدا خویا ببێت و دەربکەوێت. لە یەکەم قۆناغی گەشەسەندن و کامڵ بوونی مێژووییدا، «ڕۆحی جیهان» ناتوانێ بەو چەشنەی کە شایانە دەرکەوتنێکی فۆڕمی هەبێت: بۆ نموونە، پەیکەر تاشیی ڕۆژگاری کەونارا ئەم خاڵەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆناوچۆن «ڕۆح» هێندە لە ژێر گوشار و تەوژمی وزەی زۆری ماك و ماددە هەستەکی و دەروونییەکاندایە کە ناتوانێ ئەم ماکانە لە پێناوی مەبەستەکانی خۆیدا قاڵب ڕێژی بکات. لە لایەکی ترەوە هونەری کلاسیکی یۆنان بەچەشنە یەکێتییەکی هارمۆنیکی نێوان ناوەڕۆك و فۆڕم، بابەتی ڕۆحی و بابەتی ماددی دەگات:

لـێرەدا، لـە مـاوەیـەکـی مـێژوویـیـی کـورتـدا، «نـاوەڕۆك» سەرلـەبـەر قـاڵب و چـوارچـێوەی گـونجاوی خـۆی وە دەست دێنـێ. سەربـاری ئـەمـە، لـە جـیـهـانـی مۆدێرن و لە نموونەنی هەرە باڵای خۆی لە ڕۆمانتیزمدا، بابەتی ڕۆحی بابەتی هەستەکی قووت دەدات و ناوەڕۆك فۆڕم دەبەزێنێ و مەیدانی پێ چۆڵ دەکات. فۆڕمە ماددییەکان لە هەمبەر باڵاترین پلەی گەشەسەندن و کامڵ بوونی ڕۆحدا پاشەکشێ دەکەن، ڕێك وەك چۆن هێزە بەرهەم هێنەرەکانی مارکس هەندێ قاڵبی کلاسیکیی دەگمەن وەلادەنێن کە پێشتر تێیدا گیریان خواردبوو.

هەڵەیە گەر پێمان وابێت مارکس جوانی ناسیی هێگێلی یەکجێ قبووڵ کردووە. جوانی ناسیی هێگێل ئایدیالیستی، زۆر سادە پەسند و تەنیا تا ڕادەیەك دیالیکتیکییە، و هەر چۆنێك بێت مارکس لە زۆر جێگادا لە بابەت پرس و کێشەکانی جوانی ناسی دیاریکراو لەگەڵ هێگێل لە باری بیر و بـۆچـوونـەوە جـیـاوازی هـەیـە. بـەڵام ئـەم دوو هـزرڤـانـە لـەم بـاوەڕەدا یـەك دەگـرنـەوە کـە فـۆڕمـی هـونـەری لـە خـووخـدەی سـەیـر و سەمـەرەی کـەسـی هـونـەرمـەنـددا کـورت نـابـێتـەوە. جۆری ئـەو (نـاوەڕۆك)ەی کـە فـۆڕمـەکـان دەخوازن دەری ببڕن بەشێوەیەکی مێژوویی فۆڕمەکان دیاری دەکەن. ئەم فۆڕمانە هەروا کە ناوەڕۆك دەگۆڕدرێ دەگۆڕدرێن، گۆڕانکارییان بەسەر دادێ، تێك دەشکێندرێن و تووشی گۆڕانکاری شۆڕشگێڕانە دێن. بەم مانایە، «نـاوەڕۆك» پـێش «فـۆڕم» دەکـەوێ، وەك چـۆن لـە دیـدی مـارکسیـزمـەوە گۆڕانکاری لە «ناوەڕۆك» ی مادیی کۆمەڵگا، واتە شێوازی بەرهەمهێنانی، «فۆڕم» و شکڵەکانی سەرخانی کۆمەڵگا دیاری دەکات. فیریدریك جیمسۆن لە کتێبی «مارکسیزم و فۆڕم» (١٩٧١)دا پێمان دەڵێ کە «فۆڕم خۆی چ نییە جگە لە بەڕێوەبردنی ناوەڕۆك لە پانتاییی سەرخاندا.» لەهەمبەر وەڵامی توند و تیژی ئەو کەسانەی کە دەبێژن فۆڕم و ناوەڕۆك هەموو کات لێك دانەبڕاون – و هەر چەشنە جیاکردنەوەیەك ساختەچییانەیە و دەسکردە– دەبێ دەسبەجێ بگوترێ بەڵێ هەق بەدەست ئێوەیە و هەڵبەت

«بەکردەوە» فۆڕم و ناوەڕۆك لێك جیانابنەوە. هێگێل خۆی ئەم خاڵە دەسەلمێنێ و دەڵێ: «ناوەڕۆك چ نییە جگە لە گۆڕانی فۆڕم بۆ سەر ناوەڕۆك، و فۆرم چ نییە جگە لە گۆڕانی ناوەڕۆك بۆ سەر فۆڕم.» بەڵام هەر چەندە فۆڕم و ناوەڕۆك بەکردەوە لێك جیانابنەوە، لە دیدی تیۆریکەوە لێك جیان. لەم سۆنگەیەوەیە کە بۆمان هەیە باس لە پێوەندیگەلی بگۆڕی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆك بکەین.

بەو حاڵەشەوە، تێگەیشتن لەم پێوەندییانە کارێکی سادە و ساکار نییە. ڕەخنەی مارکسسیتی بەو چاوە لە فۆڕم و ناوەڕۆك دەڕوانێ کە بەشێوەیەکی دیالیکتیکی پێکەوە پێوەندییان هەیە، و سەرباری ئەمە دەخوازێ کە لە دوا ڕاڤەی دیاریکردنی فۆڕمدا، سەرەتی بدات بەناوەڕۆك[٢]. ڕالف فاکس باسی ئەم خاڵە بەچەشنێکی پڕ پێچوپەنا بەڵام ڕێك و ڕاست لە کتێبی «ڕۆمان و خەڵك» (١٩٣٧)دا دێنێتە ئاراوە. ئەو لەسەر ئەو باوەڕەیە کە «ناوەڕۆك فۆڕم بەرهەم دێنێ، فۆڕم و ناوەڕۆك یەکن، و گەرچی سەرەتی (تقدم) ئی ناوەڕۆکە، بەڵام فۆڕمیش لەسەر ناوەڕۆك شوێن دادەنێ و هیچ کات نەزۆك و بێ تاوو تەئسیر نییە.» ئەم تێڕوانینە دیالیکتیکە بۆ پێوەندیی نێوان فۆڕم/ ناوەڕۆك ڕووبەڕووی دوو هەڵوێستی دژواز و نەیار دەبێتەوە. لە لایەکەوە، قوتابخانەی فۆرمالیستی هێرشی دەکاتە سەر کە نموونە هەرە بەرچاوەکەی فۆڕمالیستە ڕووتەکانی دەیەی ١٩٣٠ –ن و لەسەر ئەو باوەڕەن کە ناوەڕۆك هەرئەوەندەیە کە کارکردی فۆڕمە. بەڕای ئەمانە ناوەڕۆکی شیعرێکی تەنیا لەو سۆنگەیەوە هەڵدەبژێرێ کە جوانکاری و باری هونەریی شیعرەکە بەهێز دەکات[٣]. بەڵام هەروەتر ڕەخنە لەم بۆچوونەی «مارکسیزمی ڕەشۆکی» دەگرێ کە فۆڕمی هونەری تەنیا جۆرە پسپۆڕی و سەنعەتکارییەکە کە لە دەرەوە بەسەر ناوەڕۆکی شێواوی مێژوو خۆیدا دادەسەپێنرێ. هەڵوێستێکی لەم چەشنە دەکرێ لە کتێبی «کۆمەڵێك توێژینەوە لەسەر کولتوورێکی بکوژ» (١٩٣٨)ی کریستۆفێر کارۆل– دا

بدۆزرێتەوە. کارۆل لەم کتێبەدا لە نێوان ئەو شتەی کە خۆی – پێی دەڵێ: «بوونی کۆمەڵایەتی» – واتە مایە و هەوێنی غەریزی و ژیانی ئەزموونی مرۆڤ – و شێوەکانی ئاگایی و وریاییی کۆمەڵگادا فەرق و جیاوازی دادەنێ. شۆڕش ئەو کاتە ڕوو دەدات کە ئەم شکڵ و شێوانە، کە هەنووکە کۆن و فەرتووت و بێ کەڵك کەوتوون، بەدەستی گەڕیانی تەڤگەڕ و ئاژاوەچییانەی خودی «بوونی کۆمەڵایەتی» تێدەشکێنرێن. بەوتەیەکی تر، کادۆل «بوونی کۆمەڵایەتی» (ناوەڕۆك) وەك شتێکی لە زاتی خۆیدا بێ شکڵ، و شکڵەکانیش وەك شتێك لە زاتی خۆیاندا سنوور دانەر و بەرتەسك کەرەوە لەبەر چاو دەگرێ. بەزمانێکی تر، لە تێگەیشتنێکی پڕ بەپێست دەربارەی ئەم پرسە بەرباسە بێ بەرییە. ئەو شتەی کادۆل پەی پێ نەبردووە ئەمەیە کە «فۆڕم» تەنیا ماکی کاڵ و کرچی «ناوەڕۆك» بەرهەم ناهێنێ، چونکە لە ڕوانگەی مارکسیزمەوە ئەم ناوەڕۆکە (جاچ کۆمەڵایەتی بێت، چ ئەدەبی) لەوە پێش شکڵ دەگرێ. ناوەڕۆك خاوەن پێکهاتەیەکی مانادارە. تێڕوانینی کادۆل هەر ئەوەندە شێوە و شکڵێکی تری ئەو بۆچوونە ڕەخنەگرانە هیچەکە و پووچەکە بورژوازییەیە کە دەڵێ هونەر «ئاژاوەی واقیع دادەمرکێنێتەوە» (مانای ئایدیالۆژیکی بێ شکڵ و شێوە و ئاژاوە گەرایانەی بینینی واقیع چییە؟) بەپێچەوانە، فیریدریك جیمسۆن باسی «مەنتقی ناوەکیی ناوەڕۆك» دەکات و پێی وایە کە شکڵ و فۆڕمە کۆمەڵایەتی یان ئەدەبییەکان بەرهەم و حاسڵە گۆڕانکاریکەرەکانی Tranformative ناوەڕۆکن.

بە لەبەرچاو گرتنی ئەم تێڕوانینە بەرتەسکە بۆ پێوەندیی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆك جێگای سەرسوڕمان نییە کە ڕەخنەگرانی مارکسیستیی ئینگلیسیی دەیەی ۱۹۳۰ زۆر جار تووشی ئەم هەڵەیەی «مارکسیزمی ڕەشۆکییانە» دەبن کە بۆ سەر ئاسەواری ئەدەبی لە سۆنگەی ناوەڕۆکی ئایدیالۆژیان، هێرش دەبەن و ئەم ناوەڕۆکە ڕاستەوخۆ بە خەباتی

چینایەتی یان بواری ئابووری دەبەستنەوە[٤]. لە هەمبەر مەترسییەکی لەم چەشنەدایە کە لوکاچ وریا و ئاگادارمان دەکاتەوە. وە خۆگرانی ڕاستەقینەی ئایدیالۆژی لە هونەردا، لە بری ئەوەی ناوەڕۆکی ئەزموون هەڵگر بێت، فۆڕمەکانی بەرهەمی هونەرین. ئێمە تاو و تەئسیری مێژوو لەسەر بەرهەمی ئەدەبی ڕێك بەشێوەی ئەدەبی دەبینین و نەك بەشێوەی فلانە فۆڕمی زاڵ بەڵگەیەکی کۆمەڵایەتی.

## فۆڕم و ئایدیالۆژی

مەبەست لەوەی کە دەڵێن فۆڕمی ئەدەبی ئایدیالۆژیکە چییە؟ لێئۆن ترۆتێسکی لە قسەیەکی پڕ واتا و لە کتێبی ئەدەبیات و شۆڕشدا دەبێژێ: «فۆڕمی نوێ لە ژێر گوشاری نیازێکی دەروونی و خواستێکی دەروونناسانەی دەستەجەمعیدا دەدۆزرێتەوە و، ئاشکرا دەبێت و گەشە دەستێنێ کە وەك هەرشتێکی تر... ڕەگ و ڕیشەی کۆمەڵایەتیی خۆی هەیە و هەر ئەمەیە کە پێوەندیی نێوان فۆڕم و ناوەڕۆك دیاری دەکات.« کەواتە، گۆڕانکاریی گرینگ لە فۆڕمی ئەدەبیدا لە سەرچاوەی گۆڕانکاریی گرینگ لە ئایدیالۆژیدا ئاو دەخواتەوە. ئەم فۆڕمانە شێوازگەلێکی نوێی تێگەیشتنی واقیعی کۆمەڵایەتی و –وەك دواتر باسی دەکەین– پێوەندگەلێکی نوێ لە نێوان هونەرمەند و بەردەنگدا دێنێتە ئاراوە. ئەگەر چاو لەو نموونە جوان ڕیز بەستوانەی وەکی سەرهەڵدانی ڕۆمان لە ئینگلستانی سەدەی هەژدەهەم بکەین، بابەتەکە زۆر ڕوون دەبێتەوە. بەو جۆرەی «یان وات» باسی دەکا[٥] ڕۆمان لە «فۆڕمی» خۆیدا کۆمەڵێك بەرژوەندیی گۆڕانکاری بەسەرداهاتوو ئاشکرا دەکات. گرینگ ئەوە نییە کە ناوەڕۆکی فلانە ڕۆمانی تایبەتی ئەم سەردەمە چییە، گرینگ ئەمەیە کە ئەم ڕۆمانە لەگەڵ بەرهەمگەلێکی تری لەم چەشنە لەیەك شتدا هاوبەش و ئەویش بریتییە لە هەندێ پێکهاتەی فۆڕمیك: سەرنج لە بابەتی ڕۆمانتیك و میتافیزیکی دەگوازرێتەوە بۆ

دەروونناسیی تاکە کەس و ئەزموونی «ڕۆژانە»، وێناکردنی «کەسایەتییەك» کە زیندوو و خاوەن گیانە، باسکردن لە داراییە ماددییەکانی کەسایەتییەکی سەرەکیی تەنیا کە بەنێو گێڕانەوەیەکی پێش بینی هەڵنەگر، گەشە ئەستێن و هێڵیدا تێ دەپەڕی و هتد.

وات دەڵێ: ئەم فۆڕمە گۆڕانکاری بەسەر داهاتووە بەرهەمی ئەو چینە بۆرژوازییەیە کە بەرە بەرە باوەڕی بەخۆی پەیدا کردووە و وریایی و ئاگاییەکەی سنوورەکانی بەڵێن و قەراردارە ئەدەبییە کۆن و «ئەشرافی و ئەعیانی»یەکانی بەزاندووە. پێلخانۆڤ لە کتێبی «ئەدەبیاتی دراماتیکی فەرەنسە و نەقاشیی سەدەی هەژدەمی فەرەنسە»(٦) کەموزۆر هەر باسی ئەم بابەتە دەکا و پێی وایە کە تێپەڕین لە تراژێدیی کلاسیك بەرەو کۆمیدیی عاتیفی لە فەرەنسە ڕەنگدانەوەی گۆڕینی ئاراستەی بەهاگەلی ئەشرافی و ئاریستۆکراتیکە بەرەو بەها بۆرژواییەکان. یان دابڕان لە «ناتۆرالیزم»، و هاتن بەرەو «ئێکسپێرسیونیزم» لە شانۆی سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی ئەورووپا لەبەر چاو بگرن. ڕیمۆند ویلیامز(٧) گوتەنی ئەم شتە پیشاندەری کۆمەڵێك هێماو نیشانەی تێکشکانی هەندێ قەراردادی نمایشییە کە ئەمەش لە جێی خۆیدا نیشاندەری «پێکهاتە گەلی هەست»ی تایبەت و کۆمەڵێك لە شێوازە پەسندکراوەکانی تێگەیشتن و پەرچەکردارە لە هەمبەر واقیعدا. ئێکسپێرسیونیزم هەست بەم پێداویستییە دەکات کە دەشێ لە سنوورەکانی شانۆی ناتورالیستی بپەڕێتەوە، (ئەو شانۆیەی کە پێی وایە جیهانی ڕۆژانەی بۆرژوایی ناگۆڕدرێ) دەمامکی ئەم فریوە بدڕێنێ و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بسڕێتەوە، و بەیارمەتی هێماو خەیاڵ ڕێگا بباتە نێو ئەو دەروونە لە خۆ نامۆ و لەت لەتەی کە «ڕێسامەندی و ڕێکوپێکی» دەیشارێتەوە. کەواتە، گۆڕانی قەراردادێکی شانۆیی نیشاندەری گۆڕانکارییەکی قووڵتری ئایدۆلۆژیی بۆرژواییە و ئەمەش ئەو کاتە ڕوو دەدات کە چەمکگەلی گومان هەڵنەگری سەردەمی شاژن ویکتۆریا لەمەڕ

(خۆتەوەری) (Selfhood) و (پێوەندی) (Relationship) لەهەمبەر قەیرانە ڕوو لە زیادبوونەکانی سەرمایەداریی جیهانی بەرە بەرە تێدەشکێنرێن و لێك هەڵدەوەشێنرێنەوە. پێویست بەگوتن ناکات کە بڵێین لە نێوان گۆڕانکارییەکانی فۆرمی ئەدەبی و گۆڕانکارییەکانی ئایدیالۆژیدا هیچ چەشنە پێوەندییەکی سادە و ساکار لە ئارادا نییە. وەك چۆن ترۆتێسکی وەبیرمان دێنێتەوە و دەڵێ فۆرمی ئەدەبی خاوەن ڕێژەیەکی فراوانی خۆبژێوی و خودموختارییە، فۆرمی ئەدەبی تا ڕادەیەك بەپێی گوشارە دەروونییەکانی خۆی گۆڕانی بەسەردا دێت، و بەهەر بایەکی ئایدۆلۆژیی ناچەمێتەوە. هەر بەو شێوەیەی کە لە تیۆریی ئابووری مارکسیستیدا هەر فۆرماسیۆن و قاڵب بەندییەکی ئابووری لە خۆگری شوێنەواری بەجێماوی شێوازەکانی پێشین و بەسەرکەتوویی بەرهەم هێنانە، ئاسەوار و نیشانە گەلی فۆرمە ئەدەبییە کۆنەکانیش لە فۆرمگەلی نوێدا درێژە بەژیانی خۆیان دەدەن. بە بۆچوونی من، فۆرم هەمووکات بریتییە لە یەکێتیی بەپێچوپەنای لانی کەم سێ ڕەگەز: فۆرم تا ڕادەیەك لەسۆنگەی مێژووی ئەدەبی «کەموزۆر سەربەخۆی» فۆرمەکان شکڵ دەگرێ و گەشە دەکات، وەك چۆن دەربارەی ڕۆمان وا بوو. فۆرم، ڕەنگدانەوەی هەندێ پێکهاتەی ئایدیالۆژیکی زاڵە، و وەکی پاشان دەیزانین، فۆرم کۆمەڵە پێوەندییەکی تایبەت لە نێوان نووسەر و بەردەنگ خویا دەکات. ئەوە یەکێتیی دیالیکتیکیی نێوان ئەم ڕەگەزانەیە کە ڕەخنەی مارکسیستی لێی دەکۆڵێتەوە، کەواتە، نووسەر لە هەڵبژاردنی فۆرمدا پێشەکی هەڵبژاردنی خۆی لەنێو بازنەی ئایدیالۆژیدا دەبینێ. نووسەر لەوانەیە فۆرمە بەردەستەکانی خۆی لە سوننەتێکی ئەدەبی وەربگرێ و ئەم سوننەتە ئاوێتەی شتی تر بکات یان گۆڕانی بەسەر دابێنێت، بەڵام ئەم فۆرمانە خۆیان و هەروەتر گۆڕانکارییەکانیان لە لایەنی ئایدۆلۆژیکەوە گرینگن. ئەو زمان و کەرەسانەی (تەمهید و تەکنیك) کە نووسەر لەبەردەستی دان بۆ

کەڵك لێ وەرگرتن لێورێژن لە هەندێ شێوەی ئایدیالۆژیکی تێگەیشتن و هەندێ شێوەی ڕێکوپێکی ڕاڤەی واقیع(٨) و ئەوەی کە نووسەر تا چەندە لە دەستی بێت ئەم زمانانە ڕاست بکاتەوە یان سەرلەنوێ چێیان بکات وابەستە و پابەندی شتێکی پتر لە مرخی تاکەکەسییە. ئەم بابەتە پابەندی ئەمەیە کە ئایا لەو سەروبەندە مێژووییەدا، (ئایدیالۆژی) لەو قۆناغ و کەش و هەوایەدا هەیە کە ئەم زمانانە بۆیان هەبێت گۆڕانیان بەسەر دابێت.

## لوکاچ و فۆڕمی ئەدەبی

پرسی فۆرمی ئەدەبی لە کار و بەرهەمەکانی جۆرج لوکاچ-دا بەشێوەیەکی پڕ بەپێستتر شەنوکەو کراوە(٩). لوکاچ لە بەرهەمی سەرەتایی و پێش-مارکسیستیی خۆی، «تیۆریی ڕۆمان» دا (١٩٢٠) وەکو هێگێل بەچاوی «حەماسەی بۆرژوایی» لە ڕۆمان دەڕوانێ، بەڵام حەماسەیەك کە بە پێچەوانەی ئاسەوارە حەماسییە کلاسیکەکان بێ ماڵوحاڵی و نامۆییی مرۆڤ لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا، دەگێڕێتەوە. لە کۆمەڵگەی یۆنانی کۆندا، مرۆڤ لە جیهاندا وای هەست دەکرد لە ماڵی خۆیدایە، لە جیهانێکی بێ کەموکووڕی و کامڵ و خاوەن مانایەکی دەروون هەرماندا ژیان بەسەر دەبات کە بەشی پێداویستییە ڕۆحییەکانی دەکات. ڕۆمان ئەو کاتە سەر هەڵدەدات کە یەك دەستی و یەك پارچەییی هارمۆنیکی نێوان مرۆڤ و جیهانی دەوروبەری لێك هەڵدەوەشێتەوە. قارەمانی چیرۆك هەنووکە بەدوای گشتێتی (totality)دا دەگەڕێ و لەو جیهانەی کە وا بۆ وەدیهێنانی ئاوات و ئارەزووەکانی یان زۆر گەورەیە یان زۆر بچووك، نامۆ دەبێت. لە سۆنگەی ناوێکچوویی و نایەکسانی نێوان واقیعی تەجرەبی و [شتێکی] ڕەهای ونبوو، فۆرمی ڕۆمان بەگشتی لایەنی گاڵتەئامێز و تەوساوی (Ironic) وەخۆ دەگرێ، ڕۆمان«حەماسەی جیهانێکە کە خواوەند بەجێی هێشتووە».

ئـەو کـاتـەی لوکاچ  بـەرەو مـارکسیـزم داگـەڕا، دەستـی لـەم ڕەشبینییە جیهانییە هەڵگرت، بەڵام زۆربەی بەرهەمەکانی دوایی ئەو cosmic دەربارەی ڕۆمان تاو و تەئسیری ئاشکرای هێگێلیی «تێوریی ڕۆمان» یان پێوە دیارە. بە بۆچوونی لۆکاچی مارکسیست لە کتێبی «توێژینەوەگەلێك لەسەر ڕیالیزمی ئەوروپایی و ڕۆمانی مێژوویی» دا، هونەرمەندە هەرە گەورەکان ئەو کەسانەن کە دەتوانن گشتێتیی هارمۆنیکی ژیانی ئینسانی بدۆزنەوە و سەرلەنوێ بیخولْقێننەوە. لە کۆمەڵگایەکدا کە بابەتی هەمەکی و بابەتی هەندەکی، بابەتی عەقڵی و بابەتی هەستەوەری، بابەتی کۆمەڵایەتی و بابەتی تاکەکەسی لە سۆنگەی «نامۆیی کردنەکانی سەرمایەداری هەر ئانوسات هەڕەشەی لێك هەڵوەشانەوەیان لەسەرە، نووسەری گەورە سەرلەبەری ئەمانە بە شێوەیەکی دیالێکتیکی لە گشتێتییەکدا کۆ دەکاتەوە و پێکەوەیان دەلکێنێ. بەم چەشنە، چیرۆکی نووسەری گەورە وەك جیهانی بچووك گشتێتیی پڕپێچوپەنای خودی کۆمەڵگە وێنا دەکات. هونەری گەورە لەم ڕێگایەوە دژی نامۆیی و پارچە پارچە بوونی کۆمەڵگەی سەرمایەداری ڕادەوەستێ و وێنەیەکی پڕ و پاراو و فرە ڕەهەند لەمەڕ گشتێتیی مرۆڤ دەخاتە بەردەستان. لوکاچ بە هونەرێکی لەم چەشنە دەڵێ «ریالیزم» و ئەم ناوە ئەوەندەی بۆ یۆنانییەکان و شێکسپیر بەڕەوا دەزانێ، ئەوەندەش بۆ بالزاك و تۆلستۆی. سێ قۆناغی گەورەی ڕیالیزمی مێژوویی بریتین لە، یۆنانی سەردەمی کەونارا، ڕێنسانس (بووژانەوە) و فەرەنسەی سەرەتای سەدەی نۆزدە. بەرهەمێکی «ریالیستی» لەو ڕووەوە پڕ و پاراوە کە خاوەن کۆمەڵێك پەیوەندیی بە پێچوپەنا و پڕ بەپێستی نێوان مرۆڤ، سروشت و مێژووە، ئەم پەیوەندییانە، بە بۆچوونی مارکسیزم، ئەو شتە خویا و ئاشکرا دەکات کە «نموونە نوێن» (typical) ترین قۆناغی تایبەتی مێژووە. مەبەستی لوکاچ لە «نموونە نوێن» ئەو هێزە شاراوانەی ناخی هەر کۆمەڵگەیەکن کە لە ڕوانگەی

مارکسیستییەوە و، لە لایەنی مێژووییەوە بە گرنگترین و پێشەنگترینی هێزەکان لە قەڵەم دەدرێن و پەردە لەسەر پێکهاتە و میکانیزمی ناوەکیی کۆمەڵگە هەڵدەگرن. ئەرکی نووسەری ڕیالیست ئەوەیە کە ئەم داگەڕان و هێزە «نموونە نوێینانە» تاوتوێ بکات و لە قاڵب و قەوارەی کۆمەڵێك کەس و کردەوەی بەرهەستدا دایان بڕێژێ و زەقیان بکاتەوە. لە ڕێگای ئەم کارەوە، نووسەر، تاکە کەس بەگشتی کۆمەڵایەتی دەلکێنێ و، وادەکات هەر پاژێکی تایبەت و دیاریکراوی ژیانی کۆمەڵایەتی خاوەن هێزی «جیهانی مێژوویی»– بزووتنەوە گرنگەکانی خودی مێژوو– بن. چەمکە ڕەخنەگرانە سەرەکییەکانی لوکاچ– «گشتێتی»، «نموونە نوێنی» (typicality)، «جیهانی مێژوویی» (world-historical) – هەر لە بنەڕەتەوە هێگێلین تا ئەوەی ڕاستەوخۆ مارکسیستی بن، هەر چەند قسەی تێدا نییە مارکس وئێنگێلس چەمکی «نموونە نوێنی» یان لە ڕەخنەی ئەدەبیی خۆیاندا بەکار هێناوە. ئێنگێلیس لە نامەیەکدا بۆ لاسال دەڵێ، کەسایەتیی ڕاستەقینە دەشێ ماجوومێك بێت لە نموونە نوێنی و تاکە کەسێتی، هەم ئەو، هەمیش مارکس لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەم ماجوومە دەسکەوتی هەرە مەزنی شێکسپیر و بالزاکە. کەسایەتییەکی «نموونە نوێن» یان «نوێنەر» (representative) هێزە مێژووییەکان وێنە دەکات بێ ئەوەی لەم حاڵەتەدا دەسبەرداری تاکە کەسێتیی پڕ و پاراوی خۆی بێت.، بە ڕای لوکاچ ئەو نووسەرەی کە دەیەوێ ئەم هێزە مێژووییانە بنوێنێ و وێنەیان بکات دەشێ لە هونەری خۆیدا پێشڕەو و پێشەنگ بێت. سەرلەبەری هونەری گەورە بەپێی ئەم ڕاڤەیە لە لایەن کۆمەڵایەتییەوە پێشڕەوە کە جیا لە گوێ لە مست بوونی سیاسیی وشیارانەی نووسەر (و لە بابەت ئیسکات و بالزاك دەکرێ بێژین کە مەیل و داگەڕانی سیاسییان ڕاشکاوانە سەلەفی و کۆنە پەرستانەیە) کۆمەڵێك هێزی «جیهانی مێژوویی» گرینگی سەردەمێك وەدی دێنێ کە بەرەو گۆڕانکاری و گەشەسەندن ڕێ دەپێون و توانایی و وزەی هێزەکیی ئاشکراکەری ئەوان،

وێڕای هەموو پێچوپەناکانی، وەدەردەخات. کەواتە، نووسەری ڕیالیست ڕێ دەباتە نێو دیاردە بەهەڵکەوتەکانی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە تا گەوهەر یان بابەتە سەرەکییەکانی دۆخێکی دیاریکراو ئاشکرا بکات، ئەم شتانە لە دووتوێی فۆرمێکی گشتیدا هەڵدەبژێرێ و ئاوێتەی یەکیان دەکات و وەك ئەزموونێکی بەرهەست و بەرچاو ڕەنگ و ڕوویان پێ دەبەخشێ. بەبۆچوونی لوکاچ توانین یان نە توانینی نووسەر بۆ ئەنجام دانی ئەم کارە تەنیا پابەندی لێزانی و شارەزاییی نووسەر نییە، بەڵکو هەروەتر وابەستەی هەڵوێستی مێژووییی ئەویشە. نووسەرانی گەورەی ڕیالیست لەو زەمینە مێژووییییەوە سەر هەڵدێنن کە بەڕاشکاوی لە حاڵی گۆڕاندایە. بۆ وێنە، ڕۆمانی مێژوویی لە جەنگی هەراو هەنگامەی شۆڕشگێڕانەی سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم وەك ژانرێکی ئەدەبی هاتە ئاراوە و لێرەدایە کە ئەم هەلە بۆ نووسەران دەرەخسێ کە لە ساتەوەختی ئێستای خۆیان وەك «مێژوو» تێ بگەن- یان لوکاچ گوتەنی لە مێژووی ڕابوردووش وەك «پێش مێژووی ساتەوەختی ئێستا» بڕوانن.

شێکسپیر، ئیسکات، بالزاك و تۆلستۆی لەو سۆنگەیەوە دەتوانن هونەری ڕیالیستیی گەورە دابهێنن، چونکە لە جەنگی سەرهەڵدانی پڕ لە ئاژاوەی سەردەمێکی مێژوویی‌دا ئامادەن، و بەم چەشنە بە شێوەیەکی بەرچاو تێکەڵ بە شەڕوشۆڕ و جموجۆڵە «نموونە نوێن»ەکانی ڕاستەوخۆ و زیندووی سەردەمی خۆیانن. هەر ئەم «ناوەرۆك»ە مێژووییییە کە وەك بەردی بناغەی دەسکەوتی فۆرمێکی ئەم نووسەرانە دێتە ئەژمار، و وەك لوکاچ دەڵێ «پڕ و پاراوی و پڕ واتایی کەسایەتییە خوڵقێندراوەکان پشت ئەستوور بەپڕ و پاراوی و پڕ واتایی پرۆسەی کۆمەڵایەتیی گشتییە»(١٠) بە بۆچوونی جێگرانی ڕیالیستەکان- بۆ وێنە بە بۆچوونی فلۆبێر کە پشت بە بالزاك دەبەستێ- مێژوو بابەت یان ئۆبژەیەکی مەند و ڕاوەستاو و واقعێکی دەرەوەیی پێدراوە کە چیتر وەك حاسڵ و دەسکەوتی دینامیك و

بزۆکی مرۆڤەکان نایەتە ئەژمار. هەر بۆیە، ڕیالیزم کە لە بارودۆخی مێژوویی بەرهەم هێنی خۆی بێ بەری ماوەتەوە قەڵشتی تێ دەکەوێ و لە لایەکەوە بەرەو «ناتۆرالیزم» و لە لایەکی ترەوە بەرەو «فۆرمالیزم» دادەبەزێت.

بەڕای لوکاچ لێرەدا گۆرانکاریی چارەنووسساز شکستی شۆڕشە ئەوروپییەکانی ١٨٤٨–ە– شکستێك کە هێمای شکستی پرۆلیتاریا، واتە مۆرکی سەلماندنی ئاوابوونی قۆناغی پێشەنگایەتی و قارەمانێتیی هێزی بۆرژواییە، ئەو شکستەی خەباتی چینایەتی لەکار دەخات و وا لە بۆرژوازی دەکات کە سەرقاڵی وەزیفەی نا قارەمانانەی شەرم هێن و ڕاستەقینەی خۆی واتە پتەوکردنی پایە و بنەماکانی سەرمایەداری بێت. ئایدیالۆژیی بۆرژوایی ئامانجگەلی شۆڕشگێڕانەی خۆی لەبیر دەباتەوە، واقیع نامێژوویی دەکات و کۆمەڵگە وەك واقیعێکی سروشتی قبووڵ دەکات. بالزاك دوایین ململانێ و هەوڵ و تێکۆشانە گەورەکان لە هەمبەر تەفروتوونا کردنی مرۆڤ بەدەستی سەرمایەداری وەسف دەکات، لە کاتێکدا جێگیر و جێنیشینانی ئەو تەنیا تۆمارکەری نەزۆکیی جیهانی سەرمایەداریی کاولبوون. ئەم چەشنە بەتاڵ و بێ بەری کردنەی هەڵوێست و مانا لە مێژوو لە هونەردا بەو شتە کۆتایی دێت کە بە ناتۆرالیزم دەیناسین. مەبەستی لوکاچ لە ناتۆرالیزم فۆرمی بەلاڕێدا براوی ڕیالیزمە کە نموونە هەرە بەرچاوەکەی «زۆلا» یە، کە تەنیا وەك وێنەیەکی ڕووت دیاردە ڕووکەشەکانی کۆمەڵگە دەخولقێنێتەوە بێ ئەوەی دزە بکاتە نێو گەوهەری ماناداری ئەم دیاردانەوە. وەسفی وردی پاژەکان، جێی وەسفی تایبەتمەندییەکانی «نموونە نوێن» دە، پەیوەندیی دیالیکتێکی نێوان مرۆڤەکان و جیهانی دەوروبەریان جێ بۆ فەزایەکی پێکهاتوو لە کۆمەڵێك شتی مردوو و بەهەڵکەوت چۆڵ دەکات کە هیچ چەشنە پەیوەندییەکیان بەکەسایەتییەکانی چیرۆکەوە نییە، جێگەی کەسایەتیی بەراستی «نوێنەر»

بـە«پـەرەستـنـی کـەسایـەتـیـی کـەم مـایـە»پـڕ دەبـێـتـەوە ، دەروونـاسـی یـان فیزیۆلۆژیی (جەستە ناسی) مێژوو، کە دیاریکەی ڕاستەقینەی کردەوەی تاکە کەسییە، لە مەیدان وەدەردەنێن. ئەمە وێنەیەکی نامۆ کراوە لە هەمبەر واقیع و نووسەر وا لێ دەکات دەست لە خۆی وەك کەسێکی هەڵسوور و پشکدار لە مێژوو هەڵبگرێ و ببێتە کاربەدەستی تاقیگایی. ناتۆرالیزم کە بێ بەرییە لە ناسینی بابەتی نموونەنوێن ناتوانێ لەسەر دەستی ماك و مادەکانی کاری خۆی گشتێتییەکی واتادار بەدی بێنێ، بۆیە لە ناتۆرالیزمدا حەماسەی یەك پارچە و لێکدانەبڕاو یان کردەوە درامەتیکەکانی ڕیالیزم لە نێو کۆمەڵێك بەرژەوەندیی ڕووتی شەخسیدا لە ناو دەچن. «فۆرمالیزم» بە ئاراستەی پێچەوانەدا کار دەکات، بەڵام هەر ئەو نەبوونی مانای مێژووییە نیشان دەدات. لە وتە نامۆکراوەکانی کافکا، موزیل، جۆیس، بێکێت و کامو–دا مرۆڤ لە مێژووی خۆی بێ بەری دەبێت و جگە لە خۆی هەقیقەتێکی نییە، کەسایەتیی چیرۆك لە حاڵوهەوای زەینیدا دەتوێتەوە و واقیعی بەرهەست و بەرچاو تا ئاستی ئاژاوەیەك کە قابیلی تێگەیشتن نییە دادەبەزێت. لێرەشدا وەك ناتۆرالیزم، بنەمای یەکێتیی دیالێکتیکیی نێوان جیهانی ناوەکی و جیهانی دەرەکی تێکدەڕووخێ و هەر بۆیە هەم تاکە کەس، هەمیش کۆمەڵگە مانای خۆیان دەدۆڕێنن. تاکەکان تووشی ناهومێدی و دڵەڕاوکێ دێن و لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و بەو پێیەش لە خودی ڕەسەنی خۆیان بێ بەش دەبن، مێژوو بێ واتا یان بازنەیی (cyclical) دەبێت و تا ئاستی ماوە (duration)ی ڕووت دادەبەزێت. شتەکان لە مانا بێ بەرین و تەنیا وەك کۆمەڵێك بابەتی بەهەڵکەوت و ڕێکەوتیان لێ دێت، و لێرەوە سیمبۆلیزم جێی خۆی بۆ «تەمسیل» (allegory) چۆڵ دەکات کە حاشا لە بیرۆکەی واتای دەروونی دەکات. ئەگەر ناتۆرالیزم جۆرە ئۆبژێکتیویتە یان عەینییەتی سەڵت و ئەبستراکتە، ئەوە فۆرمالیزم جۆرە سۆبژێکتیویتە یان زەینییەتێکی سەڵت وئەبستراکتە، و

هەردووکیشیان لە فۆرمی هونەریی دیالێکتیکی ڕیالیزم نامۆن و، ئەو ڕیالیزمەی کە فۆرمەکەی لە حوکمی نێوبژیکەری نێوان هەمەکی و هەندەکی ، جەوهەر بوون ، و نموونە (type) و تاکەکەسە.

## گۆڵدمەن و پێکهاتە خوازیی ڕسکانەیی

قوتابیی شایەنی جۆرج لوکاچ لە قوتابخانەی «نویَ هێگلییەکان» ی ڕەخنەی مارکسیستیدا، ڕەخنەگری ڕۆمانیانی «لویس گۆڵدمەن»ە(١١). گۆڵدمەن هەوڵ دەدات لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبی بکۆڵێتەوە تا لەم ڕێگایەوە ئەم بابەتە ڕوون بکاتەوە کە ئەم کارە تا کویَ پێکهاتەی هزر یا «جیهان ڕوانی» (world-vision) –ی ئەو چین یان گروپە کۆمەڵایەتییە وێنە دەکات کە نووسەر یەکێکە لە ئەندامانی. هەر چەندە دەق لە دەربڕینی پڕ بەپێست و ڕێکوپێکی «جیهان ڕوانیی» چینە کۆمەڵایەتییەکەی نزیکتر بێتەوە، بەرهەمێکی هونەریی ڕەسەنتر و داهێنانەترە. بەبۆچوونی گۆڵدمەن، شوێنەواری ئەدەبی لە قۆناغی یەکەمدا ناشیَ وەك بەرهەمی تاکە کەسی چاوی لیَ بکریَ بەڵکو دەبیَ بەحاسڵی شتێکی بزانین کە ئەو پێی دەڵیَ: «پێکهاتە گەلی زەینیی ئەوپەڕ تاکەکەسی»ی گرووپێکی کۆمەڵایەتی و، مەبەستیشی لە «پێکهاتە گەلی زەینیی ئەوپەڕی تاکەکەسی» پێکهاتەی ئەو حەز و بەها و ئاوات و ئامانجانەیە کە لەنێو گروپێکدا بەهاوبەشی بەدی دەکرێن. نووسەرانی گەورە لەو کەسە ئاوارتە و هەڵبژاردانەن کە هەوڵ دەدەن جیهان ڕوانینی ئەو چین یان گروپەی کە تێیدا ژیاون بگوازنەوە بۆ نێو جیهانی هونەر، و ئەم کارە بە شێوازێکی بەتایبەت یەك پارچە و ڕوون (ئەگەرچی نەك ناچارەکی ئاگادارانە) ئەنجام دەدەن.

گۆڵدمەن ڕەوشتی ڕەخنەگرانەی خۆی ناو دەنیَ «پێکهاتە خوازیی ڕسکانەیی». لێرەدا گرینگە هەردوو زاراوەی ئەم دەستەواژەیە بناسین. پێکهاتە خوازی (structuralism) ، لەو سۆنگەیەوە کە گۆڵدمەن پتر لەوەی

سەرنج بداتە ناوەڕۆکی فلانە جیهان ڕوانیی تایبەت هۆگری ناسینی پێکهاتەی ئەو بابەتانەیە کە باسیان دەکات و نیشانیان دەدات. بەم چەشنە لەوانەیە دوو نووسەری بە ڕواڵەت لێك جیاواز سەر بە یەك پێکهاتەی زەینیی دەستە جەمعی بن. ڕسکانەیی (Genetic) لەو سۆنگەیەوەیە کە گۆڵدمەن لەم بابەتەوە ورد دەبێتەوە کە پێکهاتە گەلی زەینیی لەم چەشنە لە لایەنی مێژووییییەوە چۆن دەڕسکێن و بەرهەم دێن، بەوتەیەکی تر، باسی ئەو پەیوەندییانە دەکات کە لە نێوان جیهان ڕوانییەك و بارودۆخی مێژوویی بەرهەمهێنی ئەو جیهان ڕوانییەدا لە ئارادایە.

کتێبی «خوای شاراوە»ی گۆڵدمەن کە دەربارەی «راسین»ە، لەوانەیە باشترین نموونەی میتۆد و ڕەوشتی ڕەخنەگرانەی بێت. گوڵدمەن لە دەقە شانۆییەکانی «راسین» دا پێکهاتەیەکی دووپاتە بووی دیاریکراوی هەندێ بابەت بەدی دەکات– خوا، جیهان، مرۆڤ– کە لە گۆشەنیگای «ناوەرۆك»و پەیوەندیی دوو لایەنەوە لە هەر دەقێکی شانۆییدا گۆڕانکاری بەسەر دادێت، بەڵام سەرباری ئەمە، جیهان ڕوانییەکی تایبەت نیشان دەدات.

ئەم جیهان ڕوانییە، جیهان ڕوانیی ئەو مرۆڤانەیە کە لە جیهانێکی بێ بەری لە بەهادا ون بوون، و ئەم جیهانە وەك تاکە جیهانی هەبوو پەسەند دەکەن (چونکە خوا تێیدا غایبە) و سەرباری ئەمە لەسەر دەنگ هەڵبڕینی دژی ئەم جیهانە بەردەوام دەبن، بۆ ئەوەی بەناوی فلانە بەهای ڕەها کە هەموو کات لە بەرچاو ونە پاساوی خۆیان بدەنەوە. گۆڵدمەن بناغەی ئەم جیهان ڕوانییە لە بزوتنەوەی ئایینی فەرەنسەیی ناسراو بە ژانسنیسم–دا دەدۆزێتەوە، و بۆمان ڕوون دەکاتەوە کە ژانسنیسم لە جێی خۆیدا بەرهەم و حاسڵی گرووپێکی کۆمەڵایەتی وەلانراوی تایبەتە لە فەرەنسەی سەدەی حەڤدەهەمدا، هەمان noblesse derobe (دەستەی دادوەران)ی ساختە، ئەو دەستەی دادوەرانەی کە لە باری ئابوورییەوە وابەستەی دەزگای پاشایەتی بوون و سەرەڕای ئەمە بەرە بەرە هێز و توانایی خۆیان لە هەمبەر

پـاوانـخـوازیـی ڕووەو زیـادبـوونـی پـاشایـەتـی دەدۆڕاند. دۆخـی دژوار و پارادۆکسیکالی ئەم گرووپە کە هەم پێویستیان بە باڵادەست بوو، هەمیش لە لایـەنـی سیـاسیـیـەوە دژی ئـەو بـاڵادەستـە بـوون، لـە ئـایینـی ژانسیسم-دا لـە شێوەی پارێزکردن لە جیهان و خۆ دوور ڕاگرتن لە هەر چەشنە خواستێك بۆ گۆڕانی جیهان لە ڕوانگەیەکی مێژووییەوە ڕەنگ دەداتەوە. سەرلەبەری ئەمانە خاوەن مانایەکی «جیهانی مێژوویی»یە: دەستەی دادوەران (noblesse de robe) کە خۆیان لە نێو دڵی چینی بۆرژوازییەوە لەسەر کار دانراون، نیشاندەری شکست و سەرنەکەوتنی بۆرژوازییە لە تێك شکانی پاوانخوازیی پاشایەتی و پێکهێنانی بارودۆخی گەشەسەندنی سەرمایەداری.

کـەواتـە، ئـەو شتـەی گۆڵدمـەن بـەدوایدا دەگـەڕێ کۆمـەڵێك پـەیوەندیـی پێکـهاتـەییی نێوان دەقی ئـەدەبی، جیـهانـڕوانـی و مێژوو خۆیەتی. ئەو دەخوازێ نیشانمان بدات کە بارودۆخی مێژوویی گرووپ یان چینێکی کـۆمـەڵایـەتـی، چـۆن چـۆنـی لـەسەر دەستـی جـیـهـان ڕوانـیـنـیـی خـۆی دەگـوازرێتـەوە بـۆ نـێو پـێکـهـاتـەی بـەرهـەمـی ئـەدەبییـەوە. بـۆ بـەئـەنجام گەیاندنی ئەم کارە تەنیا ناشێ بەوەندە ڕازی بین کە لە دەقەوە دەست پێ بکەین و بەمێژوو کۆتاییی پێ بێنین، یان بەپێچەوانەی، بەڵکو ئەو شتەی پـێویستـە بـبـێ ڕەوشتی دیالێکتی ڕەخنـەیە کە بـەردەوام لـە نێوان دەق، جیهان ڕوانی و مێژوو لە گەڕان دایە و وادەکات هەر کام لەگەڵ ئەوی دیکە سازگار و گونجاو بێت. ئەگەر چی کاری بوێرانەی ڕەخنەگرانەی گۆڵدمەن سەرنجڕاکێشە، بەرای من هەندێ خەساری سەرەکیشی تێدایە. بۆ وێنـە، بـۆچـوونـی ئـەو لـەمـەڕ وشیـاریـی کـۆمـەڵایـەتی پتر هـێگـلییـە تـا مارکسیستی: ئەو وشیاریی کۆمەڵایەتی بەنوێنگەی ڕاستەوخۆی چینی کـۆمـەڵایـەتـی لـە قـەڵـەم دەدات، هـەروا کـە هـەر بـەم چـەشنـە بـەرهـەمـی ئـەدەبـیش بـەزمـانـی دەربـڕینـی ڕاسـتـەوخـۆی ئـەم وشیـاریـیـە دەزانـێ. بەوتەیەکی تر، سەرلەبەری مۆدێلی گۆڵدمەن زۆر ڕێك و ڕاست و بێ

گریوگولْ و بێ ئەملاوئەولایە و ناتوانێ ململانێ و بەربەرەکانی و پێچوپەناگەلی دیالیکتیکی ، و هەوراز و نشێوو کەند و لەندەکان کە تایبەتمەندیی نێوان ئەدەبیات و کۆمەڵگە ڕەنگرێژ دەکەن لە بەرچاو بگرێت. ئەم مۆدێلە لە کتێبی دواتری ئەودا، واتە «کۆمەڵناسیی ڕۆمان» (١٩٦٤) بۆ ئاستی گێرانەوەیەکی پتر میکانیکی لەمەڕ پەیوەندیی ژێرخان/ سەرخان دادەبەزێت.

## پییەر ماشێری و فۆڕمی بێ ناوەند

لوکاچ و گۆڵدمەن هەردووکیان ئەم باوەڕەیان لە هێگێل بەمیرات پێ گەیشتووە کە بەرهەمی ئەدەبی دەشێ پێکهێنی گشتێتییەکی یەك پارچە بن، و لەم ڕوانگەیەوە دراوسێی هەڵوێستێکی سوننەتی لە ڕەخنەی غەیری مارکسیستین. لوکاچ بەرهەمی ئەدەبی بەگشتییەتێکی «چێ کراو» دەزانێ تا ئۆرگانێکی سروشتی، سەربارى ئەمە هەوێنێك لە هزری «ئۆرگانیستیك» لە مەڕ بابەتی هونەری لە زۆربەی ڕەخنەکانیدا بەرچاو دەکەوێ. ئەمە لەو خاڵە هەژێنەرانەیە کە پیرماشێری هەم نیسیبەتی دەدات بە ڕەخنەی بۆرژوایی، هەمیش ڕەخنەی نوێ هێگیلی و ئەم باوەڕە ڕەت دەکاتەوە. بەبۆچوونی ماشێری بەرهەمی ئەدەبی ئەوەندەی لە ڕێگەی ئەو شتەی دەیلێ، چەند هێندە لە ڕێگەی ئەو شتەی نایلێ پەیوەندی بە ئایدیالۆژییەوە هەیە. لەنێو «بێدەنگی» یە واتا هەڵگر و ماتڵ بوون و غەیبەتەکانی دەق دایە کە دەکرێ هەست بەبوونی ئایدیالۆژی بەڕاشکاوانەترین شێوەوی شیاو بکرێ. ڕەخنەگر دەشێ وا لەم بێ دەنگییانە بکات وە «قسە» بکەون، وەك بڵێی دەق، لە لایەنی ئایدۆلۆژیکەوە ، بۆ گوتنی هەندێ شت بەرگری لێ کراوە. بۆ وێنە، لە هەوڵدانیدا بۆ گوتنی هەقیقەت بەشێوازی خۆی تێ دەگات کە ناچارە ئەو سنوور و بەرتەسکییە ئایدیالۆژیکانە ئاشکرا بکات کە لە چوارچێوەیاندا شت دەنووسێ. ئەو

ناچارە ئەو ماتڵی و بێ دەنگییانەی ئەم ئایدیالۆژییە، ئەو شتەی ئایدیالۆژی بۆی نییە دەری ببڕێ، ئاشکرا بکات. لە سۆنگەی ئەوەی دەق لەخۆگری ئەم چاوڕوانی و بێدەنگییانەیە، هەموو کات ناتەواو و «نا کامڵ»ە. دەق کە بەهیچ کلۆجێك گشتێکی کامڵ و ڕێکوپێك نییە، پیشاندەری ململانێ و دژبەرایەتی ماناکانە، و گرنگیایەتیی بەرهەمی ئەدەبی پتر لە جیاوازی ئەم مانایانە دایە تا یەکێتیی نێوانیان. ڕەخنەگرێکی وەك گۆڵدمەن لە بەرهەمی هونەریدا پێکهاتەیەکی ناوەندی دەدۆزێتەوە، لەکاتێکدا بەبڕوای ماشێری بەرهەمی هونەری هەموو کات «بێ ناوەند» (de-centred)ە، بەرهەمی هونەری خاوەن هیچ جەوهەرێکی ناوەندی نییە و تەنیا نوێنەر و نیشاندەری ململانێی بەردەوام و ناتەبایی و ناکۆکیی نێوان ماناکانە. «پرژوبڵاو»،«پەراکەندە»، «هەمەڕەنگ» «ناڕێك»: ئەمانە ئەو سیفەت و ئاوەڵناوانەن کە ماشێری بۆ نیشاندانی تێگەیشتنی خۆی لەمەڕ بەرهەمی ئەدەبی بەکاریان دێنێ. سەرەڕای ئەمانە، کاتێك ماشێری باسی ئەوە دەکات کە بەرهەمی ئەدەبی «نا کامڵ»ە، مەبەستی ئەوە نییە کە بەرهەمەکە لە پاژێکدا کەم و کەسری هەیە و ڕەخنەگر دەتوانێ بیدۆزێتەوە و جێگای بەتاڵی پڕ بکاتەوە. بەپێچەوانەوە، تا ئەو کاتەی بەرهەمی ئەدەبی پابەندی ئایدیالۆژییە کە لە هەندێ شوێندا ناچاری دەکات بێ دەنگ بێت، ئەوە لە سریشتی بەرهەمی ئەدەبیدایە کە ناکامڵ بێت. (بەوتەیەکی تر بەرهەمی ئەدەبی لە نا کامڵ بوونی خۆیدا کامڵە.). ئەرکی ڕەخنەگر ئەوە نییە کە بەرهەمی ئەدەبی پڕ و پاراو و کامڵ بکات، بەڵکو دەشێ ئەوەمان نیشان بدات کە چۆن چۆنی ئەم دژوازییە لەسەر دەستی پەیوەندیی نێوان بەرهەم و ئایدیالۆژی پێك دێت.

نموونەیەکی تەواو بەرهەست و دیاریکراو لە بەرچاو بگرن: دیکێنز لە چیرۆکی «دامبی و کوڕە» دا کۆمەڵێك زمانی دژواز بەکار دێنێ– زمانی

ڕیالیستی، مێلۆدراماتیك، گوندنشینانە، خوازەیی- بۆ ئەوەی وێنە و ئیماژی ڕووداوەکان بە دەستەوە بدات، و ئەم دژوازییە لە بەشی بەناوبانگی هێڵ ئاسن-دا دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، لێرەدا ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی تەمومژاوی لە نێوان دژ کردەوە دژوازەکان لە هەمبەر هێڵ ئاسندا (ترس، دەنگ هەڵبڕین، سەلماندن و خۆشحاڵی) قەڵشتی تێ دەکەوێ و ئەم شتە لە ڕووبەڕوو بوونەوە و بەریەك کەوتنی نێوان شێواز و هێماکاندا خویا دەکات. بنەمای ئایدیالۆژیکی ئەم تەمومژە ئەمەیە کە ڕۆمان بەسەر پێداهەڵگوتنی سوننەتیی بۆرژوایی بۆ پێشکەوتنی پیشەسازی و دڵەراوکێی وردە بۆرژوازی بۆ دەرەنجامە ڕووخێنەرە حەتمییەکانیدا دابەش کراوە. ڕۆمان لە لایەکەوە دەخوازێ لەگەڵ ئەو چینە مام ناوەندییە دوایی پێهاتووە هاوسۆزی بکات کە جیهانی نوێ وەلای ناون و لە لایەکی تریشەوە ستایشتی هەڵمەتی پێشکەوتن خوازانەی سەرمایەداریی پیشەسازی بکات کە ئەوانی تەفروتونا کردووە. کەواتە، بۆ دۆزینەوەی ئەسڵی ململانێی ماناکانی ئەم بەرهەمە، دەشێ لە هەمان کاتدا پەیوەندیی پڕ پێچ وپەنای ئەو بەرهەمە لەگەڵ ئایدیالۆژیی سەردەمی مەلیکە ویکتۆریا شرۆڤە بکەین. هەڵبەت لە نێوان ململانێ لە مانا و ململانێ لە فۆرمدا فەرق و جیاوازی هەیە. ماشێری پتر لە لایەنی یەکەم دەکۆڵێتەوە، و ناوێکچوویی و نە گونجاویی لەم چەشنە گەرچی بەئاشکرایی و بەشێوەیەکی زۆر نزیك لە یەك پەیوەندییان بەفۆرمی ئەدەبییەوە هەیە، ناچارەکی نابنە هۆی تێکشکانی فۆرمی ئەدەبی یەك پارچە. لە باسی دواترماندا دەربارەی والتێر بێنامین و بێرتۆلد برێشت تێ دەگەین کە لێکدانەوەی مارکسیستی لەمەڕ فۆڕم هەنگاوێك بەرەو پێش هەڵدێنێ تا ئەو شوێنەی کە هەڵبژاردنی وشیارانەی فۆرمی «کراوە» لە بری فۆرمی «داخراو»، و ململانێ لە بری سڕینەوە و چارەسەرکردنی دژوازیی خۆی دەبێتە دەروەستییەکی سیاسی.

## ٣

# نووسەر و دەروەستی

## هونەرو پرۆلتاریا

تەنانەت ئەو کەسانەی کە تاقە تۆزێك لە ڕەخنەی مارکسیستی تێ دەگەن دەزانن کە ئەم ڕەخنەیە داوا لە نووسەر دەکات کە هونەری خۆی لە هەمبەر ئامانجی پرۆلتاریا دەروەست بکات. بەوتەیەکی تر، ئەم وێنەیەی کە مرۆڤێکی ئاسایی بۆ ڕەخنەی مارکسیستی هەیە کەموزۆر سەرلەبەری لە سۆنگەی ڕووداوەگەلی سەردەمی ناسراو بەسەردەمی ئیستالینیزم دەقی گرت. لە ڕووسیای پاش شۆڕش بنکەیەك دامەزرا بە ناوی proletkult (کولتووری پرۆلتاریایی) کە ئامانجی بەدیهێنانی کولتوورێکی پرۆلتاریایی ڕووت بوو کە تێکەڵ بەتاو و تەئسیری کولتووری بۆرژوایی نەبێ (بە وتەی ڕێبەری ئەم بزاڤە، واتە باگدانۆڤ: «تاقیگایەکی پێکهاتوو لە ئایدیالۆژیای ڕووتی پرۆلتێری). ڕاگەیاندراوی مایاکۆڤسکی، شاعیری فۆتۆریست (داهاتوو خواز)، بۆ تەفروتوونا کردنی سەرلەبەری هونەری ڕابوردوو لە دووتوێی دروشمی «ڕافائێل بسووتێنن» دا پوخت بووەوە. حوکمی ١٩٣٨–ی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی بلشویك لە بابەت ئەوەی ئەدەبیات دەشێ لە خزمەت بەرژەوەندییەکانی حیزبیدا بێ، نووسەرانی بۆ ناوچە پیشەییەکان دەنارد و داوای لێ دەکردن کە لە ڕۆمانەکانی خۆیاندا ستایشی سەنعەتی ماشێنی بکەن. گشت ئەم شتانە لە کۆنگرەی نووسەرانی سۆڤیەت (١٩٣٩)دا لە ڕێگای پەسەند کردنی ڕەسمیی «ڕیالیزمی سۆسیالیستی» گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی، ئەو کۆنگرەیەی کە ئیستالین و گۆرکی بەردی بناغەیان دامەزراند و چەقۆکێشی کەلتووریی ئیستالین واتە ژێدانۆڤ پەرەی پێ دا. بەگوێرەی ئەم وانەیە ئەرکی نووسەر «بەدیهێنانی وێنەیەکی ڕاستەقینە و مێژوویی بوو بۆ واقیعی لە حاڵی گۆڕانی

شۆڕشگێڕانەی» و دەبوایە «پرسی گۆڕانکاریی ئایدۆلۆژیکی و بارهێنان و پەروەردەکردنی کرێکاران لەژێر تیشکی ڕۆحییەتێکی سۆسیالیستی-دا» لە بەرچاو بگرێ. ئەدەبیات دەشێ لایەنگرانە و بەپێی هزری حیزب و گەشبینانە و قارەمانانە بێ. ئەدەبیات دەشێ لێوڕێژ لە «ڕۆمانسیزمی شۆڕشگێڕانە» بێ، قارەمان و پاڵەوانانی سۆڤیەت وێنا بکات و داهاتوو بێنێتە بەرچاوان(١). ماکسیم گۆرکی کە سەردەمانێك لایەنگیری تامەزرۆی ئازادی هونەری بوو بەڵام هەنووکە ببووە موریدی ئیستالین، لەم کۆنگرەیەدا قسەی کرد و ڕایگەیاند کە لەمەڕ بەشی بۆرژوازی بۆ ئەدەبیاتی جیهان لاف و گەزاف زۆر لێ دراوە و فرەی بە بەژن براوە، چونکە کەلتووری جیهان لە ڕێنیسانس بەم لاوە لە ڕاستیدا ڕووەو تیاچوون هەنگاوی ناوە. لەم کۆنگرەیەدا هەر وەتر لە نامیلکەی ڕادێك بەناوی «جیمز جۆیس یان ڕیالیزمی سۆسیالیستی ؟» تۆژراوە کە تێیدا ڕادێك بەرهەمی جۆیسی بە تاتەلیسێك پەینی کرماوی دەشوبهاند، و ڕۆمانی «ئۆلیس»ی (کە ڕوداوەکانی لە ساڵی ١٩٠٤ دا ڕووی دەدا) بەدرۆکردنی مێژووی تاوانبار دەکرد، چونکە هیچ ئاماژەیەکی بەشۆڕشی جێژنی پاك لە ئێرلەند (١٩١٦) نەدەکرد. لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نییە کە ئەم ڕووداوە کارەساتاوییە بەشێوەیەکی پڕ بەپێست شی بکەینەوە و باسی ئەوە بکەین کە چۆن چۆنی شکستی شۆڕشی بلشویکی لە سەردەمی ئیستالین-دا لە یەکێك لە وێرانکەرترین هێرشەکان بۆ سەر کەلتوری هونەریدا، هێرشێك کە نموونەی لە مێژووی هاوچەرخدا نەبینرابوو، خۆی نواند- ئەو هێرشەی کە بەناوی تیۆری و پراکتیکی ڕزگاریخوازانەی کۆمەڵایەتی ڕێبەرایەتی کرا(٢). پێ دەچێ شیکردنەوەیەکی کورت لەم بوارەدا بەس بێت. حیزبی بلشوێك پاش شۆڕشی ١٩١٧ چاودێرییەکی ئەوتۆی لەسەر کەلتووری هونەری نەدەکرد، تا ساڵی ١٩٢٨، کە یەکەم بەرنامەی پێنج ساڵە دەستی پێکرد ، چەند ڕێکخراوێکی کەلتووریی کەم و زۆر سەربەخۆ لەگەڵ چەند بنکە و دەزگای

چاپ و وەشاندنی سەربەخۆ دامەزران. ئازادیی ڕێژەییی کەلتووری ئەم قۆناغە، کە تێکەڵاوێك بوو لە کۆمەڵێك بزاڤی هونەریی لە چەشنی (فۆتۆریزم، فۆرمالیزم، ئیماژیزم، کاستراکتیویزم، وهتد) پێشاندەر و نوێنەری ئازادیی ڕێژەی «سیاسەتی نوێی ئابووریی» درۆزنانەی ئەو سالانەیە. لە ساڵی ١٩٢٥دا یەکەمین ڕگەیەندراوی حیزب دەربارەی ئەدەبیات بووە هۆی ڕەچاوکردنی هەڵوێستێکی کەم و زۆر بێ لایەنانەی نێو گرووپە نەیارەکان، ئەو گرووپانەی کە حاشایان لە دەروەست بوون بۆ تاقە یەك داگەڕان دەکرد و تەنیا خوازیاری جۆرە چاودێرییەکی گشتی بوون.لوناچارسکی، یەکەم وەزیری ڕۆشنبیریی بلشویکەکان، سەرباری ئەو هاوسۆزییە بەرچاوەی کە بۆ ئامانجەکانی «پرۆلت کۆلت» دەینواند، لەم سەر و بەندەدا پشتیوانیی لە سەرلەبەری ئەو شکڵە هونەرییانە دەکرد کە بەئاشکرایی دوژمنایەتیی شۆرشیان نەدەکرد. پرۆڵت کۆلت هونەری وەك چەکی چینایەتی دەهێنایە ئەژمار و یەکسەر حاشای لە کەلتووری بۆرژوایی دەکرد، و لەو سۆنگەیەوە کە دەیزانی کەلتووری پرۆلتارییی لە هاوتا بۆرژواییەکەی لەڕ و لاوازترە هەوڵی دەدا هونەرێکی بەتایبەت پرۆلتێری بەرهەم بێنێ کە هزر و هەستی چینی کرێکار بەرەو ئاراستەی ئامانج گەلێکی دەستە جەمعی، نەك تاکە کەسی، ڕێك بخات.

«یەکێتیی سەرتانسەریی نووسەرانی پرۆلتێریی ڕووسیا» (RAPP) لە دوایین سالانی دەیەی ١٩٢٠ لەسەر دەمارگرژی و دۆگماتیزمی پرۆلت کۆلت بەردەوام بوو. ئەرکی مێژوویی ئەم یەکێتییە پەلکێش کردنی ڕێکخراوە کەلتوورییەکانی تر، تەفروتوونا کردنی داگەڕانە لیبرالییەکان لە بەستێنی کەلتوور دا (بەتایبەت ترۆتسکی) و ڕێگا خۆشکردن بۆ «ریالیزمی سۆسیالیستی» بوو. سەرباری ئەمانە، تەنانەت R.A.P.P–یش بۆ ئۆرتۆدۆکسی و ڕاستەگەراییی ئیستالینی لەڕادە بەدەر ڕەخنەگرانە و خۆش مامەڵە و تاکەکەسگەرا بوو، جیا لەمە، ئەوکاتەی کە بەپێچەوانەی

سیاسەتی ئیستالین دەجووڵایەوە «لایەنگرانی» دەتاراند. ئیستالین کە لە هەڵویستی پتەوی «پرۆلتاریایی» یەوە بەرەو ئایدیالۆژیی «ناسیونالیستی»و یەکگرتنەوە لەگەڵ ڕەگەزەکانی پێشکەوتن خوازانە» دەڕۆیشت چیتر متمانەی بە تین و تاو و کەفوکوڵی هەستی پرۆلیتاریاییی R.A.P.P نەمابوو. کە واتە، ئەم یەکێتییە ساڵی ١٩٣٢ هەڵوەشایەوە و جێی خۆی بۆ «یەکێتیی نووسەرانی سۆڤیەت» (Soviet Writers Union) چۆڵ کرد کە ڕاستەوخۆ گۆپاڵی دەستی دەسەڵاتی ئیستالین بوو و ئەو کەسەی دەیەویست بەرهەمی هونەری یا ئەدەبی خۆی بڵاو بکاتەوە ناچار بوو ئەندامی ئەم یەکێتییە بێت. سەرلەبەری دەیەی ١٩٤٠ و سەرەتای دەیەی ١٩٥٠ پڕ بوو لە زنجیرەیەك حوکمی ئەدەبیی ئیفلیجکەر، ئەدەبیات بەقوڕی گەشبینییەکی ساختە و کۆمەڵێك گەڵاڵەی هاوشێوەدا چوو. مایاکۆڤسکی ساڵی ١٩٣٠ خۆی کوشت، نۆ ساڵ دواتر ڤزێڤۆلد مایر هۆڵد، دەرهێنەری شانۆی ئەزموونگەرا کە بریێشت لە ژێر کاریگەرێتیی کاری پێشەنگخوازانەی ئەو دابوو کەچی لە ڕووسیا بەدەرهێنەرێکی گەنیو تاوانبار کرا، بەڕاشکاوی ڕای گەیاند: «ئەم شتە نەزۆکە کە شایانی بەزەیی پێداهاتنە، واتە ڕیالیزمی سوسیالیستی، قەت فڕی بەسەر هونەرەوە نییە.» مایرهۆڵد ڕۆژی دواتر دەسگیر کرا و هێندەی نەخایاند کۆچی دوایی کرد و هاوسەرەکەشی کوژرا.

### لێنین، ترۆتسکی و دەروەستی

لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٣٤–دا ژدانۆڤ بۆ پەرەپێدان بە وانەی ڕیالیزمی سۆسیالیستی وەك جاران دەستەوداوێنی دەسەڵات و ئۆتۆریتەی لێنین بوو، بەڵام ئەم کارە لە ڕاستیدا لادان لە ڕوانگە ئەدەبییەکانی لێنین بوو. لێنین لە کتێبی «ڕێکخراوەی حیزبی و ئەدەبیاتی حیزبی» دا (١٩٠٥) لۆمەی پێلخانوڤی کردبوو لەبەرئەوەی پێلخانۆڤ ڕەخنەی لە بەرهەمگەلێکی وەك

«دایك»ی گۆرکی گرتبوو و وای لێکدابووەوە کە ئەم چەشنە بەرهەمانە خاوەن سروشتێکی پڕوپاگەندەیین. لێنین، بەپێچەوانە، خوازیاری ئەدەبیاتێك بوو کە خاوەن هەڵوێستێکی چینایەتیی ئاشکرا بێ: ئەدەبیات دەشێ پێچ و مۆرەی دەزگایەکی گەورەی دیموکراتیکی کۆمەڵایەتیی تاك بێت.» لێنین پێی وابوو بێ لایەنێتی لە نووسینی بەرهەمی ئەدەبیدا نامومکینە:« ئازادیی نووسەری بورژوا تەنیا نیشانەی وابەستەییی شاراوەیەتی بەجانتای پارە!... بمرێ نووسەری بێ لایەن !» ئەوەی پێویستیمان پێیەتی «ئەدەبیاتێکی بەربڵاو و فرە چەشن و جۆراوجۆرە کە پەیوەندییەکی لێکدانەبڕاوی لەگەڵ بزووتنەوەی چینی کرێکار هەبێت» ئەم گوتانەی لێنین کە ڕەخنەگرانی نەیاری، وەك تێڕوانینێك دەربارەی سەرلەبەری ئەدەبیاتی خەیاڵکرد لێکیان دەدایەوە(٣)، ئەوەی ڕاستی بێت تەنیا بۆ ئەدەبیاتی حیزبی وەڕاست دەگەڕا. لێنین کە ئەو کاتەی ئەم قسانەی دەکرد و دەینووسی حیزبی بلشویك خەریك بوو ببێتە ڕێکخراوەیەکی جەماوەریی گەورە و پێویستی بەرێکوپێکی و دیسیپلینی ناوخۆ بوو، ئەوەی لە بەرچاوی بوو نووسراوە تیۆریکەکانی حیزب بوو نەك ڕۆمانەکانی ئەو سەردەم. ئەو چاوی هومێدی لە کەسانێکی وەکوو ترۆتسکی و پێلخانۆڤ و پارووس بڕیبوو و لەوەی کە پێویستی بەئەو ڕۆشنبیرانە هەیە کە گوێ لە مستی بەرنامە و پرۆگرامەکانی حیزب بن. هۆگرییە ئەدەبییەکانی لێنین پارێزکارانە بوو و سەرجەم لە پەسەندکردن و شتایشتی ڕیالیزمدا کورت دەبووەوە. لێنین ئەمەی قبووڵ دەکرد کە شتێك لە ئەزموونی فۆتۆریستی یان ئێسکپێرسیونیستی تێ ناگات، سەرباری ئەمە سینەمای لە لایەنی سیاسییەوە بەشێوەیەکی هێزەکی وەك گرنگترین فۆرمی هونەری لە قەڵەم دەدا. بەو حاڵەشەوە لێنین لە کاروباری کەلتووریدا خاوەن بیروبۆچوونێکی بەربڵاو بوو. لێنین لەو ئاخافتنەی کە لە «کۆنگرەی نووسەرانی پرۆلتارییی» دا (١٩٢٠) پێشکەشی کرد دژی دەمارگرژی و دۆگماتیزمی ڕووت لە هونەری پرۆلتارییدا ڕاوەستا و

سەرلەبەری ئەو هەوڵانەی کە بۆ داسەپاندنی داگەڕانێکی کەلتووریی تایبەت دەکەوتنە گەڕ بە ناڕاستەقینە دەهێنایە ئەژمار. هونەری پرۆلتاریایی تەنیا بۆی هەیە لەسەر بنەمای ناسینی کەلتووری ڕابردوودا دابمەزرێت. لینین لەسەر ئەم خاڵە پێی دادەگرت کە: سەرجەمی ئەو کەلتوورە پڕ بایەخ و بەهادارە کە لە سەرمایەداری بەمیرات ماوەتەوە دەشێ بەوردی ڕابگیرێ و بپارێزرێ. لینین لە کتێبی «دەربارەی هونەر و ئەدەبیات» دا وای نووسیوە و دەڵێ: «شکی تێدا نییە کە چالاکیی ئەدەبی کەمتر لە هەمووان دەتوانێ لە هەمبەر بەرانبەری خوازیی میکانیکی و حوکمڕانیی زۆرینە بەسەر کەمینەدا تاقەت بێنێ. گومان هەڵناگرێ کە لەم بوارەدا دەستەبەرکردنی مەیدانی کردەوەیەکی کەموزۆر بەربڵاو بۆ هزر و خەیاڵ، و فۆڕم و ناوەڕۆك تەواو پێویستە.»(٤) لە نامەیەکدا بۆ گۆرکی دەڵێ، هونەرمەند بۆی هەیە زۆربەی بەها و بایەخەکان لە هەموو چەشنەکانی فەلسەفە دەستەبژێر بکا، فەلسەفە لەوانەیە لەگەڵ ئەو هەقیقەتە هونەرییەی کە هونەرمەند دەخوازێ دەری ببڕێ نەسازێ، بەڵام گرنگ ئەو شتەیە کە هونەرمەند دەیخوڵقێنێ نەك ئەو شتەی کە بیری لێ دەکاتەوە. وتارەکانی لینین لەسەر تۆلستۆی ئەم باوەڕەیمان بەکردەوە نیشان دەدات. تۆلستۆی وەك گوتەبێژی و دەمڕاستی بەرژەوەندیی جووتیارانی وردە بوژروا، ناچار خاوەن تێگەیشتنێکی هەڵەیە بۆ مێژوو، چونکە ناتوانێ لەوە تێ بگات کە داهاتوو ئی پرۆلتاریایە، بەڵام تێگەیشتنێکی ڕاستی لەم چەشنە بۆ خوڵقاندنی هونەرێکی مەزن پێویست ناکات. وزە و بڕشتی ڕیالیستی و وێنە ڕاست و دروستەکانی چیرۆکی تۆلستۆی سنووری ئایدیالۆژیی یۆتۆپیایسیی سەرەتایی دەبەزێنێ و پارادۆکس و دژوازییەك لە نێوان هونەری تۆلستۆی و ئەخلاق گەراییی مەسیحیی کۆنە پەرەستانەی وی ئاشکرا دەکات. وەك دواتر باسی لێ دەکەین ئەم دژایەتییە بۆ تێڕوانینی ڕەخنەی مارکسیستی لەمەڕ مەسەلەی لایەنگریی ئەدەبی خاوەن گرینگایەتییەکی بنەڕەتی و فراوانە.

لیۆن ترۆتسکی، دووەمین ئەندازیاری مەزنی شۆڕشی ڕووسیا، تەنانەت با ئەوەی کە بوخارین و لۆناچارسکی بۆ هێرشکردنە سەر بیروبۆچوونە کەلتوورییەکانی ئەو پشتیان بەنووسراوەکانی لێنین دەبەست، لە پرسگەلی پێوەندیدار بەجوانیناسییەوە باوەڕی پتر لەگەڵ لێنین یەکی دەگرتەوە تا لەگەڵ پرۆڵت و R.A.P.P' . ترۆتسکی لە کتێبی «ئەدەبیات و شۆڕش» دا کە سەردەمێك نووسرا کە زۆربەی هەرە زۆری ڕۆشنبیرانی ڕووسی دژایەتیی شۆڕشیان دەکرد و پێویست بوو قەناعەتیان پێ بهێندرێ و ڕازی بکرێن، شارەزایانە هەم بەرفراوانیی بۆچوونێکی داهێنەرانە لە هەمبەر بە بەربوومترین شێوازگەلی هونەریی غەیری مارکسیستیی دوای شۆڕش خویا دەکات، هەمیش لە هەوێنی کەموکوڕی و خەسارەکانی ئەو شۆڕشە ڕەخنەیەکی دەستوەشێن و بەزەبر بەرهەم دێنێت[٥]. ئەو دژی فۆتۆریستەکان کە ساویلکانە حاشا لە سوننەت و ترادیسیۆن دەکەن ڕادەوەستێ («ئێمەی مارکسیست هەمووکات لە سوننەتدا ژیاوین») و وەکو لێنین لەسەر پێداویستیی کولتووری سوسیالیستی بۆ پەلکێشکردن و ڕاگوێزانی باشترین بەرهەمەکانی هونەری بورژوایی پێ دادەگرێ. هەرێمی هونەر ئەو هەرێمە نییە کە داوا لە حیزب بکەن حوکمڕانی بە سەردا بکات، وێڕای ئەمە مەبەستیش ئەوە نییە کە بەتێڕوانینێکی هەمە چەشنە و پێویستە لە هەمبەر بەرهەمگەلی دژی شۆڕشدا تاقەت بێنین. دەشێ جۆرە سانسۆرێکی وشیارانەی شۆڕشگێرانە تێکەڵ بەسیاسەتێکی هونەریی بەرفراوان و چەمەواز (flexible) نەرمونیان بکرێ. هونەری سوسیالیستی دەشێ «ریالیستی» بێت، بەلاّم نەك بەمانای بەرتەسکی وشە، چونکە ریالیزم لە هەناوی خۆیدا نە شۆڕشگێرانەیە و نە کۆنەپەرستانە، بەڵکو جۆرە «فەلسەفەیەکی ژیان»ە کە ناشێ لە کۆمەڵێك تەکتیکی ڕێباز و قوتابخانەیەکی تایبەتدا کورت بکرێتەوە. «باوەڕێکی پووچ و بەتاڵ و بێ بنەمایە کە زۆر لە شاعیران بکەین، جا چ بخوازن، چ نەخوازن، کە جگە لە باسی دووکەڵکێشی کارخانەکان یان شۆڕش دژی سەرمایەداری باسی

شتی تر نەکەن و نەنووسن.» وەك زانیمان، ترۆتسکی ئەم بۆچوونە پەسند دەکات کە فۆرمی هونەری بەرهەمی «ناوەرۆك»ی کۆمەڵایەتییە، سەرباری ئەمە لە هەمان کاتدا شوێنێکی گرینگ بۆ سەربەخۆیی و خۆبژێویی فۆرمی هونەری قایلە. «لە قۆناغی یەکەمدا دەشێ بەرهەمی هونەری بەپێی یاسای تایبەت بەخۆی هەڵسەنگێندرێ.» بەم چەشنە، ترۆتسکی ئەو شتەی لە ڕاڤە تەکنیکییە پڕ پێچوپەناکانی فۆتۆریستەکاندا بەبایەخە دەسەلمێنێ، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم ڕاڤانە لە سۆنگەی سەرنج نەدانی زیان هێنیان لە هەمبەر ناوەرۆکی کۆمەڵایەتی و بارودۆخی کۆمەڵایەتیی فۆرمی ئەدەبی دەخاتە بەر تیری تانە و توانج. کتێبی «ئەدەبیات و شۆڕش» لەبەرئەوەی تێکەڵاوێکە لە مارکسیزمێکی بە پرەنسیپ و خاوەن ئەسڵ بەڵام نەرمونیان و چەمەواز و ڕەخنەی پراکتیکی وردبینانەی بۆ ڕەخنەگرانی غەیری مارکسیست دەقێکی سەرئێشەهێن و نارەحەتکەرە، بۆیە سەیر نییە ئەگەر ئێف. ئار. لی ویس بەم چەشنە باسی نووسەرەکەی دەکات: «ئەم مارکسیستە وشیارە مەترسیدارە»(٦).

## مارکس و ئێنگێلس و دەروەستی

دیارە زۆر جار دەگوترێ وانەی ڕیالیزمی سوسیالیستی وانەیەکە لە مارکس و ئێنگێلسەوە بەمیرات ماوە، بەڵام ڕاستتر ئەوەیە بێژین باب و باپیری ئەم وانەیە ڕەخنەگرانی «دیموکراتی شۆڕشگێڕی» ڕووسیا لە سەدەی نۆزدەهەمدا، واتە بلینسکی، چرنیشفسکی و دابرۆلیۆبۆف بوون(٧). ئەم ڕەخنەگرانە بەچاوی ڕەخنەگرتن و ڕاڤەکردنی کۆمەڵایەتی لە ئەدەبیاتیان دەڕوانی و هونەرمەندیان بە ڕۆشنەگەری کۆمەڵایەتی لە قەڵەم دەدا، ئەدەبیات دەبوایە لە بەکارهێنانی تەکنیکی بەپێچوپەنا پارێزی کردبووایە و وەك کەرەسەیەك بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لێ هاتبووایە. هونەر ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتییە، دەشێ تایبەتمەندییە ڕیئاڵ و نموونەییەکانی(typical) واقیعی کۆمەڵایەتی وێنا بکات. تاو و تەئسیری

ئەم ڕەخنەگرانە لەسەر کار و بەرهەمەکانی پێلخانۆڤ (ترۆتسکی وتەنی «ئەم بلینسکییە مارکسیستە») دەبینرێت[٨]. پێلخانۆف چرنیشفسکی لۆمە دەکات چونکی خواستی پڕوپاگەندەیی لە هونەر هەیە، هەر بۆیە حاشا لەوە دەکات ئەدەبیات ببێتە گوێ لە مستی سیاسەتی حیزب و، زۆر بە ڕاشکاوی لە نێوان ئەرکی کۆمەڵایەتیی هونەر و کاریگەرێتیی جوانیناسانەی جیاوازی دادەنێت. سەرباری ئەمە، لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە تەنیا ئەو هونەرە خاوەن بایەخە کە بە کەڵکی مێژوو بێت، نەك هونەرێك کە هەر تەنیا چێژێکی کاتی ببەخشێت. ئەویش وەك ڕەخنەگرانی دیموکراتی شۆڕشگێڕ پێی وابوو کە ئەدەبیات واقیع دەنوێنێتەوە. بە ڕای پێلخانۆف دەکرێ زمانی ئەدەبیات «وەربگێڕدرێتەوە» سەر زمانی کۆمەڵناسی- بەمانای ئەوەی کە بۆ واقیعە ئەدەبییەکان «هاوتای کۆمەڵایەتی» بدۆزێتەوە. نووسەر واقیعە کۆمەڵایەتییەکان وەردەگێڕێتە سەر واقیعە ئەدەبییەکان و ئەرکی ڕەخنەگر ئەمەیە کە ئەم واقیعە ئەدەبییانە وەرگێڕێتە سەر زمانی واقیع. بە ڕای پێلخانۆفیش، وەك بلینسکی و لوکاچ، نووسەر لە ڕێگای خولقاندنی «نموونە» یان «تیپە»کان واقیع بەشێوەیەکی گەلێ پڕ مانا دەنوێنێتەوە، نووسەر لە کەسایەتییەکانی خۆیدا لە بری وەسفی دەروونناسیی تاکە کەسی ڕووت، باس لە «تاکە کەسێتیی مێژوویی» دەکات. کەواتە، هزری ئەوەی ئەدەبیات وەك ئامرازێك بۆ «نموونە نوێنی و ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی» چاوی لێ بکرێ لە ڕێگای سوننەتی بلینسکی و پێلخانۆف-ەوە دزەی کردە نێو فۆرماسیۆن و یاسا و ڕێساکانی ڕیالیزمی سوسیالیستییەوە. وەك زانیمان «نموونە نوێنی» (typicallity) ئەو چەمکەیە کە مارکس و ئینگێلسیش تێیدا هاودەستن، سەرباری ئەمە، لە باسوخواسەکانیان لەمەڕ ئەدەبیات پێداگری لەسەر ئەوەی کە شوێنەواری ئەدەبی دەشێ لە لایەنی سیاسییەوە نوسخەیەکی پێچراو بێت، یان هەر نابینرێت یان بەدەگمەن وەبەرچاو دەکەوێت. نووسەرانی دڵخواز و خۆشەویستی مارکس ئابسخلوس و شێکسپیر و گۆتە بوون کە هیچ کام

لەوانە شۆڕشگێڕێکی ئەوتۆ نەبوون. مارکس لە نووسراوەیەکی سەرەتاییی خۆیدا کە دەربارەی ئازادیی چاپەمەنی و ڕۆژنامەکان بوو و لە «راینیش زاتیۆنگ»دا بڵاو بووەوە هێرش دەکاتە سەر ئەم بۆچوونە بەرژەوەندی خوازانەیە کە دەڵێ ئەدەبیات کەرەسەی گەیشتن بە ئامانجە.«نووسەر بەرهەمی خۆی بەکەرەسەیەك بۆ گەیشتن بە ئامانج «نازانێ». شوێنەواری ئەدەبی – هونەری خۆیان ئامانجن بۆ خۆیان، ئەم شوێنەوارە لە لای نووسەر و کەسانی تر ئەوەندە «کەرەسە» نین کە ئەگەر پێویست بکات ئامادەیە بوونی خۆی بکاتە قۆچی قوربانیی ئەم شوێنەوارە... مەرجی یەکەمی ئازادیی چاپەمەنی ئەوەیە:«چاپەمەنی کەرەسەی بازرگانی نییە» لێرەدا پێویستە دوو خاڵ ڕوون بکەینەوە. یەکەم، مارکس پتر باسی کەڵکی بازرگانی ئەدەبیات دەکات تا کەڵکە سیاسییەکەی، دووەم، ئەم گوتەیە کە چاپەمەنی کەرەسەی بازرگانیی نییە پاژێکە لە ئایدیالیزمی تافی لاویی مارکس، چونکی ئەو زۆر باش دەیزانی (و بە قسەش دەیکرد) کە ئەوەی ڕاستی بێت چاپەمەنی کەرەسەی بازرگانییە، بەڵام ئەم بیرۆکەیە کە هونەر بە ڕاڤەیەك لە ڕاڤەکان خۆی ئامانجە تەنانەت لە نووسراوەگەلی سەردەمی باڵقبوونی فیکری و هزری مارکسیشدا دەردەکەوێ: ئەو لە کتێبی «تیۆرییەکانی بایخی زیادە» (١٩٠٥–١٠) ئاماژە بەوە دەکات کە «میلتۆن هەر بەو دەلیلە بەهەشتی ونبوو»ی بەرهەم هێنا کە کرمی ئاوریشم، ئاوریشم بەرهەم دێنێ. ئەمە بەشێك لە کارو کردەوەی سریشتی ئەو بوو.» (مارکس لە پێش نووسەکانی «شەڕی چینایەتی لە فەرەنسە» (١٨٧١) دا میلتۆن کە شیعری خۆی بەپێنج پۆند دەفرۆشییەوە لەگەڵ کاربەدەستانی کۆمۆنی پاریس هەڵدەسەنگێنێ کە هەر بەم برە پارەیە کاریان دەکرد).

مارکس و ئێنگێلس بە هیچ کلۆجێك ناسکی و نەرمونیانیی جوانی ناسانەیان بە ڕاشکاوی بەرامبەر بە ڕێکو ڕاست و دروستیی سیاسەت دانەدەنا، تەنانەت با ئەوەی داگەڕانی سیاسی لەسەر سەنگوسووککردنە

بایەخدانەرە ئەدەبییەکانی مارکسدا دیارە تاو و تەئسیری هەبوو. مارکس نووسەرانی ریالیست و تەنز نووس و ڕادیکالی خۆش گەرەك بوو و دوژمنایەتیی ڕۆمانتیزمی (هەڵبەت جگە لە بەیت و باوی ئاشقانەی فۆلکلۆریك) دەکرد چونکی بەشێوازێکی دەزانی بۆ ڕازو رەمزاوی کردنی شاعیرانەی واقیعی سیاسیی ئەستەم و بە پێچوپەنا. ڕقی لە «شاتۆ بریان» (Chteaubriand) بوو و شیعری ڕۆمانتیکی ئەڵمانی تەنیا وەك پەردەیەکی پیرۆز دەبینی کە پەخشانی پیس و پۆخڵی ژیانی دەشاردەوە، وەك چۆن پێوەندییە فیۆدالییەکانی ئەڵمان دەیانشاردەوە.

سەرەڕای ئەمانە، تێڕوانینی مارکس و ئێنگێلس بۆ پرسی دەروەستی، بە باشترین شێوە لەو دوو نامە بەناوبانگەدا خویا دەبن کە ئینگێلس لە وەڵامی ئەو چیرۆك نووسانەی کە چیرۆکی خۆیان بۆ هەناردبوو نووسیبوونی. لە نامەیەکی ڕێکەوتی ١٨٨٥ دا بۆ مینا کائۆتسکی کە ڕۆمانە نوێیە بێ ناوەڕۆك و جاڕزکەرەکەی بۆ ئێنگێڵس هەناردبوو، بۆی دەنووسێ و دەڵێ کە هەرگیز ئەو چیرۆکەی پێ خراپ نییە کە خاوەنی «داگەڕانێکی» سیاسی بێت ، بەڵام بۆ نووسەر ئەوە بەهەڵە دەزانێت کە بە ئاشکرایی لایەنی کەسێك یان شتێك بگرێت. داگەڕانی سیاسی دەشێ بە پێدزە خۆی لە دۆخی دراماتیکی و نمایشی بێنێتە دەرێ، تەنیا لە ڕێگەی شێوازێکی ناڕاستەوخۆی لەم چەشنەیە کە چیرۆکی شۆڕشگێڕانە بۆی هەیە لەسەر ئاگایی و وشیاریی بورژواییی خوێنەرانی خۆیدا کاریگەر و شوێندانەر بێت. «ئەو چیرۆکەی لەسەر بنەمای تێڕوانینی سوسیالیستیدا ڕۆنراوە تەنیا کاتێك تەواو بە ئامانجی خۆی دەگات... کە لەسەر دەستی وێژدان سەر لەبەری پێوەندییە دوولایەنە ڕاستەقینەکان وەسف و وێنا بکاتەوە، وەهمە باوەکان لەمەڕ ئەم پێوەندییانە برەوێنێتەوە، بناغەی گەشبینیی جیهانی بورژوایی تێك برمێنێ و لەسەر زەوینی هەرمان بوونی جیهانی بورژوایی تۆوی گومان و دڕدۆنگی بوەشێنێ، جا با

نووسەر ڕێگا چارەیەکی دیاریکراویش ئاراستە نەکات یان بە ئاشکرایی لایەنی کەسێك یان شتێکی تایبەت نەگرێت» لەنامەی دووهەمدا کە ساڵی ١٨٨٨ بۆ مارگێت هارکێنس نووسراوە، ئێنگێلس لە چیرۆکی ئەو (کچی شاری) کە بەسەرهاتێکی پرۆلیتاریایی شەقامەکانی لەندەنە ڕەخنە دەگرێ، چونکی وێنەیەکی زۆر مەندو ڕاوەستاوی زۆربەی خەڵکانی گەڕەکی «ئیست ئەند»ی لەندەن دەخاتە بەر چاوان. ئێنگێلس ئاماژە بۆ سەردێڕی لاوەکی کتێبەکە، واتە چیرۆکی ڕیالیستی، دەکاو دەڵێ: «بە بۆچوونی من، ڕیالیزم جیا لەوەی دەربڕی ڕاستەقینەی وردەکارییەکانە، بریتیشە لە سەرلەنوێ خوڵقاندنەوەی ڕێکو ڕاستی کەسایەتییە نموونە نوێنەکان لە بارودۆخە نموونە نوێنەکاندا.» هارکێنس نموونە نوێنیی ڕاستەقینە لەبەر چاو ناگرێ، چونکی ناتوانێ لەو وێنەیەی کە لە چینی کرێکاری ڕاستەقینە بە دەستەوەی دەدات مانایەك لە ئەرك و ڕۆڵی مێژوویی کرێکاران و وزەی گەشە پێدەری هێزەکییان وێنا بکات. بەم لێکدانەوەیە بێت، ئەو پتر بەرهەمێکی «ناتورالیستی» بەرهەم هێناوە تا وەکو چیرۆکێکی «ڕیالیستی».

لەم دوو نامەیەی ئێنگێلسەوە وا دەردەکەوێ کە دەروەستیی سیاسی ئاشکرا و زەق و زۆپ لە چیرۆکدا پێویست نییە (هەڵبەت نەك بەو مانایەی پەسەند نەکرێت) چونکی ئەو نووسراوەیەی بە ڕاستی ڕیالیستی بێت هێزە گرینگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی وێنا دەکات، و هەم وێنە هەڵگرتنەوەی بابەتگەلی دیار و ئاشکرا، هەمیش ئاخافتن و لێدوانی داسەپاوی فلانە «ڕێگا چارەسەریی سیاسی» بە هێند وەرناگرێ و وەلای دەنێ. ئەمەیە ماناو مەبەستی ئەو «لایەنگرییە بابەتی» یە بەناوبانگەی کە دواتر ڕەخنەی مارکسیستی بەرهەمی هێناو پەروەردەی کرد. نووسەر پێویست ناکات باوەڕە سیاسییەکانی خۆی لە بەرهەمەکەیدا بگونجێنێ، چونکی ئەگەر لە دەستی بێت ئەو وزە ڕاستەقینە و هێزەکییانە وێنا بکات کە بە

شێوەیەکی عەینی وبابەتیانە دەستیان لە کاروباری بارودۆخێکدا تێکەڵە، بەو چەشنەی باسی کرا، ئەو لایەنگریی خۆی سەلماندووە. بەوتەیەکی تر، لایەنگری لە خودی واقیعدا شاردراوەتەوە، لایەنگری پتر لە شێوەی ڕوو بە ڕوو بوونەوە لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی خۆی دەردەخات تا وەکوو لە تێڕوانینی زەینی بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی. (لە سەردەمی دەسەڵاتی ئیستالین–دا ئەم چەشنە «لایەنگرییە بابەتییە» بە ناوی «بابەت خوازیی» ڕووت شەرمەزار کرا و جێگای خۆی بۆ لایەنگری زەینیی ڕووت چۆڵ کرد.)

ئەم هەڵوێستی لایەنگریی بابەتییە تایبەتمەندیی ڕەخنەی ئەدەبیی مارکس و ئێنگێلسە. ئەوان جیا لە یەك ڕەخنەیان لە شانۆنامەی مەنزوومی «لاسال» گرت کە ناوی فرانتس فۆن زیکین گین (frantz von sickin gen) بوو. بەڕای ئەوان ئەم شانۆیە بێ بەری لەو ڕیالیزمی پڕو پاراوەی شێکسپیرە کە ناهێڵێ قارەمانەکانی ببنە دەمڕاست و گوتە بێژی ڕووتی مێژوو. ڕەخنەیەکی تر کە لە لاسال–یان گرت ئەمە بوو کە کەسایەتیی یەکەمینی هەڵبژاردووە کە لەپێناوی مەبەستی ویدا لایەنی نموونە نوێنی نییە. مارکس لە کتێبی «بنەماڵەی پیرۆز» دا (١٨٥٢) هەر ئەم ڕەخنەیە بۆ ڕۆمانی فرە فرۆشراوی ئۆژێن سوو بە ناوی «نهێنییەکانی پاریس» بە ڕەوا دەزانێ، بە بۆچوونی مارکس کەسایەتییە دوو ڕەهەندییەکانی ئەم ڕۆمانە بەو چەشنەی شایان و شایستە بێت خاوەن خەسڵەتی نوێنەرایەتی نین.

هەڵمەتی بە زەبری مارکس بۆ سەر مێلۆدرامی ئەخلاقیی ئۆژێن سوو هەر وەتر نیشاندەری لایەنێکی گرینگی تری باوەڕە جوانی ناسییەکانی ئەوە. بەرای مارکس ئەم ڕۆمانە لە هەناوی خۆیدا هەڵگری دژوازییە ، چونکی ئەو شتەی نیشانی دەدات لەگەڵ ئەو شتەی دەیڵێت جیاوازی هەیە. بۆ وێنە، مەبەستی نووسەر ئەمەیە کە قارەمانی ڕۆمانەکەی لە باری ئەخلاقییەوە بە شایانی پەسەندکردن و پێداهەڵگوتنی نیشان بدات، بەڵام بە پێچەوانەی نییەتی نووسەر ئەو قارەمانە دژە ئەخلاقێکی لە خۆبایی و

بـە دەمـاری لـێ دەردێت. ئـەم بـەرهـەمـە ئـەسیری ئـایدیـالـۆژیـی بـورژوایـی فـەرەنسەیە کە هۆکاری فرە فرۆشتنێتی، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم چیرۆکە دەتوانێ جاروبارە سنوورەکانی ئایدیالۆژیکی خۆی ببەزێنێ و «زللە لە پەنا گوێی پێش فەرزەکانی بورژوایی بسرەوێنێت». ئەم جیاوازییە لە نێوان رەهەندەکانی «ئاگادارانە» و «نائاگادارانە» ی رۆمانی ئوژێن سوو ( مـارکس لـە شیکـردنـەوەی ئـەم چـیـرۆکـەدا تـەنـانـەت بـەر لـە فـرۆید جـۆرە گـرێیـەکـی یـەختـەییـی دواکـەوتـەی کـاریگـەر لـە کتێبـەکـەی ئـوژێن سـوو دا پـێشبـیـنـی دەکـات) هـەر لـە بنـەڕەتـەوە جیـاوازییـەکـە لـە نێوان «پـەیـامـی» کۆمەڵایەتیی ئاشکرای کتێبەکە لەگەڵ ئەو شتەی کە سەرباری ئەم پەیامە بەڕاستی وێنای دەکات و نیشانی دەدات، و هەر ئەم جیاوازییەیە کە ڕێگای ئـەوە بـە مـارکیس و ئـێنـگـێلس دەدات کـە نـووسـەرێکـی وەکـی بـالـزاك کـە ئاگادارانە کۆنە پەرەست و سەلەفییە ستایش بکەن. بالزاك سەرەڕای پێش فـەرزە کـاتـۆلیکی و لـژیتیمیستییـەکـانی خـۆی تێگـەیشتنێکی خـەیـاڵاویـی قـووڵـی بـۆ بـزووتـنـەوەی فـرە گـریـنـگـەکـانـی مـێژوویـیـی خـۆی هـەبـوو. ڕۆمانەکانی نیشاندەری ئەوەن کە وزە و توانایی تێگەیشتنی هونەریی بالزاك وای لێ دەکەن کە سۆزو هاودڵییەك بنوێنێ کە لەگەڵ بۆچوونە سیاسییەکانی یەکدی ناخوێننەوە. بە گوتەی مارکس لە کتێبی «سەرمایە» دا، ئەو «تێگەیشتنێکی قووڵی بۆ بارودۆخی ڕاستەقینە» هەیە. ئێنگێلس لە نامەیەکی خۆیدا بۆ مارگارێت هارکێنس دەربارەی بالزاك دەڵێ: «گاڵتەی ئەو هیچ کات ئەوەندە جەرگبڕتر و تەنزی هەرگیز ئەوەندە تاڵتر لەو کاتە نییە کە کۆمەڵێك ژن و پیاو دێنێتە سەر تەختەی شانۆی چیرۆکەکەی کە بە تەواوی لە هەمبەر واندا هەست بە هاودەردی دەکات: واتە فیۆداڵ و ئاغاو بەگەکان.″. ئەو لە ڕووبەردا لژیتمیستە، بەڵام لە بن بنەوەی چیرۆکەکانیدا هـەست بـە سـتـایشێکـی ئـاشکـرای تـونـدو تـیـژتـریـن و کـەڵـلـە ڕەقـتـریـن دوژمنەکانی، واتە ″کۆمار خوازان″ دەکرێت. هەر ئەم جیاوازییەی نێوان

نییەتی زەینی و مانای عەینی ، ئەو«ئەسڵی دژوازی» یە بەرهەم دێنی کە ڕەنگدانەوەی لە وتارەکانی لێنین دەربارەی تۆلستۆی و ڕەخنەی لوکاچ لەسەر واڵتێر سکات دەبینین.

## تیۆریی نواندنەوە

پرسی لایەنگری لە ئەدەبیاتدا تا ڕادەیەك پابەندی مەسەلەی چۆنیەتیی پێوەندیی نێوان شوێنەواری ئەدەبی و جیهانی واقیعییە. ئەم نوسخەیەی ڕیالیزمی سوسیالیستی کە ئەدەبیات دەشێ هەندێ تێڕوانینی سیاسیی دیاریکراو وەکو وانە بڵێتەوە، کۆڵەکەی گریمانەکەی لەسەر ئەم بۆچوونە دامەزراندووە کە ئەدەبیات ئەوەی ڕاستی بێ بە شێوەیەکی کەموزۆر ڕاستەوخۆ واقیعی کۆمەڵایەتی دەنوێنێتەوە یان سەر لە نوێ دەیخولقێنێتەوە (یان بەلانی کەمەوە دەبێ ئەم ئەرکە وەئەستۆ بگرێت.) خاڵی سەرنجڕاکێش لەوە دایە کە مارکس خۆی خوازەی «نواندنەوە» (reflection)ی دەربارەی شوێنەواری ئەدەبی بەکار نەهێناوە(١٠)، ئەگەرچی مارکس لە «بنەماڵەی پیرۆز» دا لەمەڕ ڕۆمانی ئوژێن سو دەبێژێ کە ئەم چیرۆکە ژیانی سەردەمی خۆی بە پێچەوانەی واقیع وێنا کردووە. ئێنگێلسیش دەیتوانی لە شوێنەواری هۆمێردا وێنەو ئیماژی ڕاستەوخۆی سیستمە خزم و کەسوکارییەکان لە یۆنانی سەردەمی کەونارا دا بدۆزێتەوە(١١) سەربارى ئەمانە «نواندنەوە خوازی» داگەڕانێکی بەهێز لەنێو بزاڤی ڕەخنەی مارکسیستیدا بووە و وەك شێوازێك بۆ بەربەرەکانی کردن دژ بە تیۆرییە فۆرمالیستییەکانی ئەدەبیات لە کار کراوە کە هەوڵ دەدات بەرهەمی ئەدەبی لە نێو پانتایی سەربەمۆریدا، دوور و جیا لە مێژوو ڕابگرێت. ئەم بیرو بۆچوونە کە دەڵێ ئەدەبیات واقیع «دەنوێنێتەوە»، بەکاڵ و کرچترین شێواز و بە ڕاشکاوی بیرو بۆچوونێکی ناڕاستە و پیشاندەری پێوەندییەکی نەزۆکانەو میکانیکییە، وەك بڵێی بەرهەمی ئەدەبی وەکو

ئاوێنە یان شوشەیەکی فۆتۆگرافییە کە تەنیا بە شێوەیەکی مەندو نەگۆڕ ئەوەی «لەوێ» ڕووی داوە تۆمار دەکات. لێنین وەك «ئاوێنە»ی شۆڕشی ١٩٠٥-ی ڕووسیا باسی تۆلستۆی دەکات، بەڵام ئەگەر کار و بەرهەمی تۆلستۆی لە حوکمی ئاوێنە وایە ئەو کات پێیەر ماشێری گوتەنی ئاوێنەیەکە کە ڕێکو ڕاست ڕوو بە ڕووی واقیع ڕانەوەستاوە، ئاوێنەیەکی شکاوە کە وێنەکانی خۆی پارچە پارچە و لەت لەت کراو نیشان دەدات و لەو شتەیدا کە ناینوێنێ ئەوەندەی ئەو شتەی دەینوێنێ ڕوون و بێ گرێو گۆڵ و نهێنی درکێنە. بێرتۆلد برێشت لە «ڕێنوێنییەکی کورت لەمەڕ شانۆ دا» (١٩٤٨) دەبێژێ: «گەرچی هونەر ژیان دەنوێنێتەوە، بەڵام ئەم کارە لە ڕێگای چەند ئاوێنەیەکی تایبەتەوە دەکات،» و ئەگەر بڕیار بێت باسی ئاوێنەیەکی هەڵبژاردەی خاوەن چەند گرێو گۆڵ و خوارو خێچیی تایبەت بکەین، ئەو کات وێ دەچێ ئەم خوازەیە سوودی سنوورداری خۆی بەخشیوەو باشتر وایە لە پێناو شتێکی بەکەڵکتردا تووڕ هەڵدرێت. وێڕای ئەمانە، ئەوەی بڵێین ئەم شتە چییە، وەڵام ئاشکرا نییە. هەر چەندە کۆمەڵێك بەکارهێنانی دەستەوەستاوانەی خوازەی «نواندنەوە» لەباری تیۆریکەوە نەزۆکن، بەڵام گێڕانەوە گەلی بە پێچوپەناترەکانیشی بە تەواوی کاریگەر و کارساز نین. جۆرج لوکاچ لە وتارگەلی دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ دا تیۆریی مەعریفەناسانەی لێنین لەمەڕ نواندنەوە پەسەندو قبووڵ دەکات: هەر چەشنە تێگەیشتنێکی ساکار لە جیهانی دەرەوە ڕێك نواندنەوەیەکە لە جیهان لە نێو ئاگاییی مرۆڤدا. بە وتەیەکی تر، لوکاچ بێ ئەوەی هیچ سەرنجێکی ڕەخنەگرانەی هەبێت ئەم بیرۆکە سەیرە قبووڵ دەکات کە چەمکەکان چەشنە «وێنە» یەکی واقیعی دەرەوەن لە زەینی مرۆڤدا. سەرباری ئەمانە، هەم بە باوەڕی لێنین، هەمیش لوکاچ ناسینی ڕاستەقینە لە کاریگەرە هەستەکییە سەرەتاییەکانەوە سەرچاوە ناگرێ بەڵکو بە گوێرەی بۆچوونی لوکاچ، «لەچاو ئەو شتەی ڕواڵەتی دەرەکی بەدەستەوەی

دەدات نواندنەوەیەکی قووڵترو پڕ بە پێستتر لە واقیعی عەینی و  بەرچاو پێشکەش دەکات.» بە وتەیەکی تر، ناسینی ڕاستەقینە تێگەیشتن لەو بابەتانەیە کە لە توێژی بنەوەی ئەم ڕواڵەتانە دان– ئەو بابەتانەی کە تیۆریی زانستی یا (بەڕای لوکاچ) هونەری گەورە بۆی هەیە ئەوانە بدۆزێتەوە. دیارە ئەم تێڕوانینە پشت ئەستوورترین فۆرمی تیۆریی نواندنەوە خوازە، بەڵام گومانی تێدایە کە پێگەو جێگەیەکی بەرچاو بۆ تیۆریی «نواندنەوە» بهێڵێتەوە. ئەگەر زەین بتوانێ دەستی بە بابەتگەلی توێژی ژێرەوەی ئەزموونی ڕاستەوخۆ ڕابگات، کە واتە دەبێ بگوترێ ئاگایی بە ئاشکرایی جۆرێك «چالاکی»یە– جۆرێك «کردەوە» کە ئەم ئەزموونە بەرهەم دێنێت تا بیکات بە هەقیقەت. بەڵام چ شتێکی «نواندنەوە» ڕوون دەکاتەوە لێمان ئاشکرا نییە. ئەوەی ڕاستی بێت لوکاچ دواجار پێی خۆشە ئەم بیرۆکەیە بپارێزێ کە ئاگایی هێزێکی چالاکە: ئەو لە دوا بەرهەمی خۆیدا لەمەر جوانی ناسیی مارکسیستی، ئاگاییی هونەری وەك جۆرە دەستێوەردانێکی داهێنەرانە لە جیهان دەزانێ ، نەك نواندنەووەی ڕووتی جیهان.

***

لیۆن ترۆتسکی لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە داهێنانی هونەری «جۆرێك دەستێوەردان و گۆڕانکاریی واقیعە بەپێی یاساو ڕێسا تایبەتییەکانی هونەر ، ئەم دەربڕینە جوانە کە تا ڕادەیەك وەبیرهێنەرەوەی ئەم تیۆرییە فۆرمالیستییە ڕووسیاییە  یە کە دەڵێ هونەر پێویستی بە جۆرە «نامۆ کردنێکی» ئەزموون و تەجرەبەیە، هەر چەشنە بۆچوونێکی ساکارو تێڕوانینێکی سادە لەمەڕ هونەر بەناوی نواندنەوە ڕاست دەکاتەوە. پییەر ماشێری هەڵوێستی ترۆتسکی هەنگاوێك بەرەو پێشێ دەبات. لە ڕوانگەی ماشێرییەوە ئەرکی ئەدەبیات هەر لە بنەڕەتەوە بیچم گۆڕین و دیفۆرم کردنە نەك لاساییکردنەوە. ئەگەر وێنە و واقیع تەواو یەك بگرنەوە (وەك

ئـاوێنه) ئەو کات دەبنه یەك و وێنه ئیتر بە هیچ چەشنێك حسێبی وێنەی بۆ ناکرێ. بە بۆچوونی ماشێری شێوازی هونەریی باروك بۆی هەیە سەر مەشقێك بێت بۆ هەر چەشنە چالاکییەکی هونەری. گریمانەی شێوازی باروك ئـەمـەیـە کـە ئـەوەنـدەی مـەودا بـکـەوێتـە نـێوان ئـێمـەو شتـەکـان ئەوەندەش بۆمان هەیە ڕاستۆکانە ترو ڕاستەقینەتر لاسایی بکەینەوە. ئەدەبیات ناچارەکی لاسایی کردنەوەیەکی گاڵتەجاڕانەیە (parodic).

کەواتە دەکرێ بڵێین پەیوەندیی نێوان ئـەدەبـیـات و شتـەکـان، خۆی پێوەندییەکی نواندنەوەیی، یەك بەیەك و شان بە شان نییە. شت دەستی تێ وەردەدرێت، تـێك دەشکـێنـدرێت و تـێدا دەچـێت – لـەوانـەیـە پـتـر وەك خوڵقاندنەوەی کارێکی شانۆییە لەڕووی دەقی شانۆوە تا ئاوێنەیەك کە وێنـەی شتـەکـان دەنـوێنـێتـەوە یـان – گـەر بمەوێ نموونـەیەکی کێشەهێن بهێنمەوە پتر لە ماشێنێك دەچێت ماکە پێکهێنەرەکانی خۆی دەنوێنێتەوە. دیارە کارێکی شانۆیی شتێکی زیاتر لە «نواندنەوە»ی دەقی شانۆییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە (بەتایبەت لە بابەت شانۆی بێرتۆڵت برێشت) کاری شانۆیی بریتییە لە گۆڕینی دەق بۆ بەرهەمێکی بێ هاوتا کە پێویستی بە کارێکی سەر لە نوێ لەسەر دەقە، بەپێی هەلومەرج و بارودۆخی تایبەتی کاری شانۆیی. هەر بەم پێیە، بێ مانایە ئەگەر بێت و باسی ماشێنێك بێنینە ئاراوە کە ئەو ماکانە دەنوێنێتەوە کە لە چێکردنیدا لەکار کراون. هیچ چەشنە پەیوەندی و وابەستەیییەکی یەك بە یەك لە نێوان ئەم ماکانەو دوا بەرهەم – واتـە مـاشێنـەکـە خـۆی – لـە ئـارادا نـییـە، چونکی ئەو شتەی ئەم دوانەی بەیەکەوە گرێ داوە کارێکە گۆڕانکاری بەسەر داهێناون. ئەم لەبەر یەك ڕانان و بەراوردە هەڵبەت ورد و ڕاست نییە، چونکی تایبەتمەندیی هونەری لەوە دایە کە هونەر لە ڕێگای گوڕانی ماکەکانی خۆی بۆ بەرهەمێك، هەم ئەم ماکانە ئاشکرا دەکات و هەم لێیان تێدەپەڕێ و بەجێیان دەهێڵێ و دیارە ئـەم شتـە لـەبـابـەت دروست کـردنـی مـاشێن وەڕاست نـاگـەڕێ. بـەڵام ئـەم

بەراورده نۆی هەیە تا ڕادەیەك ساغكردنەوەیەكی ئەم بانگەوازە بێ كە دەڵێ هـونـەر وەك ئـاوێنـەیـەك كـە دنـیـا دەنـوێنـێتـەوە واقـیـع سەر لـە نـوێ دەخولقێنێتەوە. ئەم پرسیارە كە ئەدەبیات تا چ ڕادەیەك نواندنەوەی واقیعە دەمانگەڕێنێتەوە سەر بابەتی لایەنگری. لوكاچ لە كتێبی «مانای ڕیالیزمی هاوچەرخ» دا (١٩٥٨) دەڵێ، نووسەرانی مۆدێرن دەشێ كارێكی زیاتر لە نواندنەوەی ڕووتی نائومێدی و دڵ مردوویی كۆمەڵگای بورژوایی بكەن، و دەبێ هەوڵ بدەن لەهەمبەر ئەم پووچی و بێهوودەییە ڕێبازی ڕوانگەیەكی ڕەخنەگرانە ڕەچاو بكەن و ئەو دەرەتانە ئیجابییانەی كە لەو دیوی ئەم دۆخەدا دەژین ئاشكرا بكەن. بۆ ئەم مەبەستە، دەشێ كارێكی زیاتر لە تەنها نواندنەوەی ڕووت و ئاوێنە ئاسای كۆمەڵگا ئەنجام بدەن، چونكی ئەگەر وانـەبـێت هـەر ئـەو دیـفـۆرمـانـە لـە هـونـەری خـۆیـانـدا وێـنـا دەكـەن كـە تـایبـەتمەندیی ئـاگـایـی بـورژوازیـی مۆدێرنـە. نواندنـەوەی دیفۆرمگەلی لەم چەشنە، خۆی نواندنەوەیەكی بیچم گۆڕاو و دیفۆرمەكراوە. سەرباری ئەمانە، لوكاچ لەو داوایەی كە نووسەرانی دەكات بۆ ئەوەی لە سنووری «دارمان» ی جوێس وبێكێت-ی تێپەڕێنن چاوڕێی ئەوە نییە كە سەر لە بەری ڕێگاكە ببڕن و بە ڕیالیزمی سوسیالیستی بگەن. بە بڕوای لوكاچ، هەر ئەوەندەی ئەم نووسەرانە بتوانن كۆمەڵێك بەرهەم بخولقێنن كە ڕەخنەی سۆڤیەت ناوی «ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە» یان لەسەر دادەنێ بەست و پڕ بەپێستە- مەبەست لە ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە ئەو بۆچوونە ئیجابی و ڕەخنەگرانە و گشتییەیە لەسەر كۆمەڵگایەك كە وەك تایبەتمەندیی چیرۆكەكانی سەدەی نۆزدەهەم لەقەڵەم دەدرێت و بـە بـۆچـوونـی لـوكـاچ بـاشتـریـن نموونـەی، كـارەكـانـی تـۆمـاس مـان-ـە. بـەڕای لـوكـاچ، ڕیـالـیـزمـی ڕەخـنـەگـرانـە پـلـەیـەك لـە ڕیـالـیـزمـی سوسیالیستی نزمترە، بەڵام لانی كەم هەنگاوێكە بەرەو پێش. كەواتە لوكاچ هەر لە بنەڕەتەوە سەردەمی نوێ بۆ گەڕانەوە بەرەو سەدەی نۆزدەهەم هان دەدات. ئێمە ئاتاجی گەڕانەوە بەرەو ترادیسیۆن و سوننەتی مەزنی ڕیالیزمی

ڕەخنەگرانەین، ئێمە ئاتاجی ئەو نووسەرانەین کە ئەگەریش ڕاستەوخۆ دەروەستی سوسیالیزم نین، دەستی دۆستایەتی سۆسیالیزمیان لێ ون نەبێ و نەیگێڕنەوە. لوکاچ لەم سۆنگەیەوە لە دوو لاوە هێرشی کراوەتە سەر. وەك لە بەشی دواتردا پێ دەزانین، بێرتۆلت برێشت لە ڕێگای دەلیلێکی بە هێزەوە ڕەخنەی لێ دەگرێ، کە ئەو ڕیالیزمی سەدەی نۆزدەی کردووەتە بت و بەشێوازی ناحەزو نەگونجاو چاوی خۆی لە حاند باشترین دەسکەوتەکانی هونەری مۆدێرن نووقاندووە. بەڵام لەلایەکی ترەوە هاوڕێ حیزبی و کۆمۆنیستەکانیشی سەرکۆنەیان دەکرد کە بەتایبەت لەهەمبەر ڕیالیزمی سوسیالیستی تێڕوانینێکی زۆر بەتین و تاوی نییە(١٣). لوکاچ وێڕای ئەو ڕێزە ڕواڵەتییەی کە بۆ تیۆریی ڕیالیزمی سوسیالیستی هەیبوو، هەر ئەوەندەی لە «تیاچوونی» فۆرمالیستی ڕەخنە دەگرت ئەوەندەش لەسەر خاڵە لاوازەکانی شوێنەواری جارزکەری ئەم ڕێبازە پێی دادەگرت. لوکاچ لەبری ئەم دوو ڕێبازە، نەریتی مەزن و مرۆڤ دۆستانەی ڕیالیزمی بۆرژوایی دادەنا. پێویست ناکات کە بۆ سەلماندنی ڕەخنەی حیزبی کۆمۆنیست لەمەڕ لەڕولاوازیی هەڵوێستی لوکاچ (لەڕو لاوازییەك کە خۆی لەم داوا زەلیلانەیەدا خویا دەکات کە داوا لە نووسەران دەکات «لانی کەم سوسالیزمیان لەبەرچاو بێت.» لە بەرگریکردنی ئەوان لە ڕیالیزمی سوسیالیستی–دا ببینە شەریك و برابەش. ئەو دژوازییەی کە لوکاچ لەنێوان ڕیالیزمی ڕەخنەگرانە و تیا چوونی فۆرمالیستی قایلە لەنێو قۆناغی شەڕی سارد دا ڕیشەی داکوتاوە، ئەو سەروبەندەی کە جیهانی ئیستالینی بەناچار بە دوای یەکگرتن لەگەڵ ڕۆشنبیرانی بورژواو پێشکەوتووی «ئاشتی خواز» دا دەگەڕا و بەم شێوەیە مەجبوور بوو کە دەرەوەستیی شۆڕشگێڕانە فرە گرینگ خۆی نەنوێنێ. لوکاچ لەم قۆناغەدا بە دەوری دژوازیی ساویلکانەی «شەڕ» و«ئاشتی» دا دەخولێتەوە– دژوازی لەنێوان نووسەرانی «پێشکەوتوو»ی گەشبین کە حاشا لە «دڵەڕاوکێ» دەکەن و کۆنە پەرستانێکی

خەساو کە دڵەڕاوکێ قبووڵ دەکەن. بەم چەشنە، پێداهەڵگوتنی گەرم و گوڕی لوکاچ بەسەر نووسەرانی پلە سێهەمی دژی فاشیست لە کتێبی «ڕۆمانی مێژوویی» دا پیشاندەری سیاسەتی قۆناغی «بەرەی خەڵکە»، چونکی سیاسەتی ئەم بەرەیە لەبەرامبەر دەسەڵاتی پەرە سەندووی فاشیزم پشت ئەستوور بە «دیموکراسی» بوو نەك سوسیالیزمی شۆڕشگێڕانە. بە وتەی جۆرج لیکهایم(١٤) لوکاچ لە بنەڕەتدا سەر بە نەریتی گەورەی هیومانیزمی کلاسیکی ئەڵمانە و مارکسیزم بە پاشماوەی ئەو نەریتە لەقەڵەم دەدات، جا ئالێرەوەیە کە مارکسیزم و هیومانیزمی بورژوایی لە بەرامبەر نەریتی دژە عەقڵی ئەڵمانی، کە لە فاشیزمدا دەگاتە ئەوپەڕی دەسەڵاتی خۆی، بەرەیەکی هاوبەش و ڕۆشنگەرانە پێك دێنن.

## دەروەستیی ئەدەبی و مارکسیزمی ئینگلیزی

قوتابخانەی ڕەخنەی مارکسیستی ئینگلیزی پرسی ئەدەبیاتی دەروەستی بەم ڕێکوپێکی و وردییە لێك نەداوەتەوە. لە ڕەخنەی مارکسیستی ئینگلیزیی دەیەی ١٩٣٠-دا دەروەستیی ئەدەبی بابەتێکی گرینگ بوو، بەڵام لە سۆنگەی جۆرە ئاڵۆزییەکی تیۆریکی تایبەت، بە چارەسەرنەکراوی مایەوە. ئەم ئاڵۆزییە کە یەکەم جار ڕیمۆند ویلیامز دەستی خستە سەر(١٥)، لەوە ئاو دەخواتەوە کە بەشێکی فراوانی ڕەخنەی مارکسیستیی ئینگلیزی لەیەك کاتدا هەم لەژێر کاریگەرێتیی تێڕوانینێکی میکانیکی بۆ هونەردا بوو (و هونەری بە ڕەنگدانەوەیەکی دەستە وەستاوانەی ژێرخانی ئابووری دەزانی) و، هەمیش تاو و تەئسیری جۆرە باوەڕێکی ڕۆمانتیکیی بۆ هونەری بە سەرەوە بوو کە هونەری بە نیشاندەری جیهانێکی ئایدیال و هۆکاری وروژانی مرۆڤەکان و هاندانیان بەرەو کۆمەڵێك بەهاو بایخی نوێ لە قەڵەم دەدا. ئەو دژوازییە لە شوێنەواری کریستۆفێل کادوێل (christopher caudwell) -دا بە ئاشکرایی دەبینرێ. بە بڕوای کادوێل شێعر لایەنێکی کارکردی هەیە، چونکی غەریزە

نەگۆڕەکان لەڕێگای گۆڕانی هەست و خواستەکانەوە مرۆڤ لەگەڵ ئامانج و ئاکامە کۆمەڵایەتییە پێویستەکان کۆك و سازگار دەکات. ئەو گۆڕانییانەی کە بە دەم دروێنەکردنەوە دەگوترێن نموونەیەکی ساکاری ئەم بابەتەن: «غەریزەکان دەشێ لە ڕێگای میکانیزمێکی کۆمەڵایەتییەوە (کە بریتییە لە هونەر) لەپێناوی پێداویستیی کۆکردنەوەی خەلەوخەرمان چاودێری و کۆنترۆل بکرێن»[١٦]. هەستکردن بە هاوشێوە بوونی ئەم ڕوانگە کرچ و کاڵە بۆ هونەر لەگەڵ ڕوانگەی ژدانۆویزمی (zhdanovism) کارێکی هێندە ئەستەم نییە: ئەگەر شیعر بتوانێ بەکاری دروێنەکردن بێت، بۆی هەیە ئاستی بەرهەمهێنانی پۆڵاش بەرز بکاتەوە، بەڵام کادوێل ئەم تێڕوانینە تێکەڵ بە شێوەیەکی ئایدیالیزمی ئینگلیسی دەکات کە پتر لە تێڕوانینی شێلی نزیکە تا ئیستالین: «هونەر لە گلۆپێکی جادوویی دەچێت کە تیشکی خودە ڕاستەقینەکانی ئێمە بە جیهاندا دەپرژێنێ و مزگێنی ئەوەمان پێ دەدات کە بۆمان هەیە بەو جۆرەی مەیلمان لێیەتی جیهان بەپێی پێداویستی و نیازی خۆمان بگۆڕین...» لێرەدا، تێپەڕین لە «غەریزە» وە بەرەو «مەیل» شایانی سەرنج پێدانە. هەنووکە هونەر دەستی مرۆڤ دەگرێ کە لەبری ئەوەی خۆی لەگەڵ سروشت بگونجێنێ سروشت لەگەڵ خۆی سازگار بکات. ئەم ئاوێتەیە لە هزرگەلی پراگماتیك و ڕۆمانتیك لە مەڕ هونەر لە هەندێ سەرەوە لەگەڵ «ڕۆمانتیزمی شۆڕشگێڕانە»ی ڕووسیا وێکچوونی هەیە– واتە زیادکردنی وێنەو ئیماژێکی ئارمانی لەو شتەی لەوانەیە وەسفی وەفادارانەو پێداگرانە لەو شتەی هەیە بێت لەپێناوی دنەدانی مرۆڤەکان بۆ چوون بەرەو ئامانجی دەسکەوتە مەزنترەکان. بەڵام لە سۆنگەی تاووتەئسیری بە هێزی ڕۆمانتیزمی ئینگلیزی کە هونەری بە وێناکەر و نیشاندەری جیهانی بایخ و بەها ئارمانییەکان دەزانی ئەم ئاڵۆزییە بۆ نووسەرانێکی لە چەشنی کادوێل دووقات دەبوو. کادوێل لە دوابەشی کتێبی «وەهم و واقیع»دا ئەم دوو هەڵوێستە لەگەڵ یەك ئاشت دەکاتەوە. بەم چەشنە کە شێعر بە «خەون و

خولیا» یەکی داهاتوو دەزانێ کە هەنووکە مرۆڤ «بۆ کردەوە دەورووژێنێ و ڕێنوێنی دەکات.» کادوێل شاعیرانێکی «هاو سەفەری» وەك ئۆدێن (auden) و سپێندێر (spender) بانگهێشت دەکات کە دەسبەرداری میراتی بورژوایی خۆیان بن و دەروەستی کولتووری پرۆلتاریای شۆڕشگێڕانە بن، بەڵام سەیر لەوە دایە ئەم باوەڕە کە شیعر بریتییە لە «خەون و خولیای» ئیمکان و ئەگەری ئارمان و ئامانجێك خۆی بەشێکە لەم میراتە بورژواییيە. کادوێل دواجار ناتوانێ لە چنگ ئەم دژوازییە ڕابکات– ناتوانێ تیۆرییەکی دیالیکتیکی لە مەڕ پێوەندیی هونەر بە واقیعەوە بدۆزێتەوە، جگە لەوەی لەلایەکەوە هونەر بەکەرەسەی ڕێنیشاندانی بەکەڵکی توانایییە کۆمەڵایەتییەکان و لە لایەکی تر بە ئامرازی خەون و خولیابینینێکی یوتۆپیایی لە قەڵەم دەدات.

ڕەخنەگرانی مارکسیستی تری ئینگلیزی سەر بە دەیەکانی ١٩٣٠ و ١٩٤٠ هەر بەم چەشنە لە ناساندنی ئەم پێوەندییەدا سەرکەوتوو نەبوون. کتێبی کادوێل لەسەر یەکێك لە بە بایەخترین شوێنەواری ڕەخنەی مارکسیستیی ئەم قۆناغە، واتە «ئایسخیلوس و ئاتێن» (aeschylus and athens) نووسراوەی جۆرج تامسۆن شوێنی دانا. بەڵام لێکۆڵینەوەی پێشەنگ خوازانەی تامسۆن لە بارەی وێنای شکڵ و شێوەگەلی ئابووری و سیاسی لە حاڵی گۆڕانی کۆمەڵگای یۆنان لە درامای یۆنانیدا زۆر کاریگەرترە لەم تێزەی کادوێل کە ئەرکی هونەرمەند کەڵەکە کردنی کۆمەڵێك توانستی کۆمەڵایەتی و بەرهەمهێنانی خەیاڵێکی ڕزگاریبەخش لەم پاشەکەوتەیە بۆ ئەوەی وا لە مرۆڤەکان بکات کە لە هەمبەر پەسەندکردنی ئەم جیهانە بەو شێوەیەی کە هەیە مل بابدەن. ئالیك وێست (Alickwest) یش لە کتێبی «قەیران و ڕەخنە» دا (١٩٣٧) هونەر بە شێوازێکی ڕێکوپێك کردنی «توانستی کۆمەڵایەتی» دێنێتە ئەژمار. بایەخی ئەدەبیات لەوەدایە کە توانستگەلی داهێنەرانەی کۆمەڵگا دەخاتە بەر چاو، نووسەر جیهان بە دیاردەیەکی ئاشکرا و بەڵگەنەویست

نازانێ بەڵکو سەر لە نوێ دەیخولقێنێتەوە، و سریشتی ڕاستەقینەی جیهان وەك بەرهەمێکی دەسکرد و چێکراو دەخاتە بەر چاوان. نووسەر لە ڕێگای گواستنەوەی ئەم تێگەیشتنە لەمەڕ توانستی داهێنەرانە بۆ خوێنەرانی خۆی، تەنیا مەیل و ئیشتیای بەرخۆریی ئەوان ڕازی ناکات، بەڵکو دنەیان دەدات توانستگەلێکی هاوشێوەی لەم چەشنەیاندا تێدا بەدی بێت. سەر لە بەری ئەم لێکدانەوەیە، ئەگەرچی خەیاڵ وروژێنە، بەڵام زۆر تەمومژاوییە، و بێ کەڵکیی دەستەواژەی غەیری مارکسیستیی «توانست» (energy) یارمەتیدەر نییە(١٧).

ئەم پرسیارە باوەی نێو کۆڕو کۆبوونەوەکانی ڕەخنەی مارکسیستی بۆ هەڵسەنگاندنی بایخ و بەهای شوێنەواری ئەدەبی– واتە ئەوەی ئایا بەرهەمەکە خاوەن داگەڕانێکی سیاسیی ڕاست و دروستە؟ ئایا یارمەتیدەری ئامانجی پرۆلتاریایە؟– پرسگەلی پێوەندیدار بە جوانی ناسیی «رووت»ی بەرهەم وەلا دەنێ. نموونەیەك لەم دوو فاقێتییەی نێوان «بابەتی ئایدیالۆژیکی» و بابەتی «جوانی ناسانە» لە کتێبی «ڕۆمانی مێژوویی»–دا دەبینرێ. لوکاچ دەڵێ: «گرینگ ئەوە نییە کە ئیسکات (scott) یان مانزۆنی (manzoni) لە ڕوانگەی هونەرییەوە بالاتر لە، بۆ وێنە، هاینریش مان (Heinrich mann) بوون یان نا، یان لانی کەم خاڵی سەرەکی ئەمە نییە. گرینگ ئەوەیە کە ئیسکات و مانزۆنی، پوشکین و تۆلستۆی دەیانتوانی ژیانی گشتی بە شێوازێکی قووڵتر، ڕەسەنتر، مرۆڤانەترو بە ڕاشکاوی مێژووییتر وێنا بکەن....» بەڵام ئایا دەستەواژگەلێکی لە چەشنی «قووڵتر، ڕەسەنتر، مرۆڤانەترو بە ڕاشکاوی مێژووییتر» مانایەکی تری جگە لە ڕوانگەی هونەرییان هەیە؟ (من جارێ باسی تەمومژی بەرچاوی ئەم دەستەواژانە ناکەم.) لۆکاچیش وەك زۆربەی ڕەخنەگرانی مارکسیست ناخودئاگایانە ملکەچی مانایەکی بورژواییی «جوانی ناسی» دەبێت– واتە جوانی ناسی وەکو باسێکی دەستەدووی ڕووتی پێوەندیدار بە شێوازو تەکنیکەوە.

باسکردن لەوەی پرسیاری «ئایا فلانە بەرهەم و فیسارە دەق لە ڕوانگەی سیاسییەوە پێشکەوتن خوازن؟» بەردی بناغەی ڕەخنەی مارکسیستی پێك ناهێنێ، بەهیچ کلۆجێك بە واتای حاشاکردن لە ئەدەبیاتی لایەنگرو ناگرینگ نواندن و نەنرخاندنی ئەو ڕەخنەیە نییە. فۆتۆریست (داهاتوو خوازان)و کانستراکتیویستەکانی (پێکهاتە خوازان) یەکێتیی سۆڤیەت کە دەچوون بۆ کارخانەو کێڵگە هاوبەشەکان، ڕۆژنامەی دیوارییان بڵاو دەکردەوە، سەردانی خوێندنگە گشتییەکانیان دەکرد، شانۆ نامەی ڕادیۆییان بەڕێوە دەبردو کۆلانەو کۆلان فیلمیان نیشانی خەڵك دەدا، ڕاپۆرتیان بۆ ڕۆژنامەکانی مۆسکۆ ئامادە دەکرد، ئەزموونە شانۆیییەکانی کەسانێکی وەکو مایر هۆڵد، ئاروین پیسکاتۆر و بێر تۆڵت برێشت، سەدان گروپی «پڕوپاگەندەکەرانی هاندەر» کە بەچاوی دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ لە خەباتی چینایەتی لە شانۆیان دەڕوانی: دەسکەوتە هەرمانەکانی ئەم کەسانە دەلیلێکی بەهێزە دژی ئەم بۆچوونە بە دەمارانەی ڕەخنەی بورژوایی کە دەڵێ هونەر شتێکەو پڕوپاگەندە شتێکی تر. جیا لەمە، ئەوە ڕاستە کە سەر لەبەری شوێنەواری مەزنی هونەری «پێشکەوتن خواز»ن، هەڵبەت بەم مانا سنووردارە کە ئەو هونەرەی کە لە بزووتنەوە گرینگەکانی ڕۆژگاری خۆی دوورە پەرێز بێت و لە تێگەیشتنی ناوەندی مێژوو دۆش دابمێنێ ڕۆ دەچێتە نێو دۆخێکی کەم مایەو مام ناوەندییەوە. بەڵام خاڵێك کە دەبێ بە قسەکانمانی زیاد بکەین «ئەسڵی دژوازی» ی مارکس و ئێنگێلسە: تێڕوانینە سیاسییەکانی نووسەر لەوانەیە دژ بەو شتە بێ کە بەرهەمەکە بە شێوەیەکی دیارو بەرهەست وێنای دەکات. ئەم خاڵەش با باس بکەین کە ئەم پرسیارە کە هونەری پێشکەوتن خواز تا کوێ پێویستە کە جێی متمانە بێت پرسێکی «مێژوویی»یە و ناکرێ لە ڕوانگەیەکی دۆگماتیکەوە بۆ هەمیشە چارەسەر بکرێت. هەندێ قۆناغ و کۆمەڵگا هەن کە تێیاندا پێویست ناکات دەروەستیی سیاسی ئاگادارانە و پێشکەوتن خوازانە

مەرجی پێویست و سەرەکی بەرهەمهێنانی شوێنەواری هونەریی مەزن بێت، قۆناغی تریش هەن– وەکو قۆناغی فاشیزم – کە مانەوەی هونەرمەند و داهێنانی هونەری پابەندی دەروەستیی ئاشکرای هونەرمەندە. لە کۆمەڵگاگەلێکی لەم چەشنە لایەنگریی سیاسیی ئاگادارانە، و ئەگەری داهێنانی هونەریی هەندێ شوێنەواری گرینگ، خۆی لە خۆیدا هاوشان و هاوڕێی یەکترن. با ئەو حاڵە، قۆناغی فاشیست تاقە قۆناغێکە لەم چەشنە نییە. هەندێ قۆناغی نەك هێندەش «زێدە ڕەوانە» لە کۆمەڵگای بورژواییدا هەن کە تێیدا هونەر دادەبەزێتە سەر ئاستی دۆخێکی کەم مایە و مام ناوەندی، سووکو چرووك دەبێت و بێ کەڵك دەکەوێت، چونکی ئەو ئایدیالۆژییە نەزۆکەی کە ئەم هونەرە ئاوی لێ دەخواتەوە چیتر پاراوی ناکات – نە ئەوەیە پێوەندیگەلێکی گرینگ پێك بێنێ، نە ئەوەش بتوانێ هەندێ باسو خواسی شایانی سەرنج پێشکەش بکات. لە قۆناغگەلێکی لەم جۆرەدا پێداویستی بە هونەری شۆڕشگێرانەی ئاشکرا و ڕاشکاوانە جارێکی تر دەبێتە پێداویستییەکی حاشا هەڵنەگرو بەڵگەنەویست. دەشێ ئەم پرسیارە شێلگیرانەو بەوردی بخەینە بەر سەرنج کە «گەلۆ ئێمە خۆمان لە قۆناغێکی لەم چەشنەدا ناژین؟».

## ٤

# داهێنەر وەک بەرهەمهێنەر

## هونەر بە واتای بەرهەمهێنان

من تا ئەم شوێنەی کتێبەکەمان لە ڕوانگەی فۆڕم و سیاسەت و ئایدیالۆژی و وشیارییەوە باسی ئەدەبیاتم کردووە. بەڵام سەرلەبەری ئەم بابەتانە ڕاستییەکی ساکاریان، کە هەموو کەس و هەروەتر مارکسیستەکان خۆشیان دەیزانن، لەبەر چاو نەگرتووە. ئەدەبیات بۆی هەیە دەسکردی مرۆڤ، بەرهەمی وشیاریی کۆمەڵایەتی یان جیهان ڕوانی بێت، بەڵام لەهەمان کاتدا خۆی «پیشە»یەکیشە. کتێبەکان تەنیا بریتی نین لە پێکهاتەکانی مانا، بەڵکو هەروەها کۆمەڵێك کاڵان کە ناوەندگەلی وەشاندن بەرهەمی دەهێنن و لەبری سوود دەیانفرۆشن. شانۆ تەنیا بریتی نییە لە کۆمەڵێك دەقی ئەدەبی بەڵکو بازرگانییەکی سەرمایەدارانەیە کە چەند مرۆڤێکی تایبەت دەخاتە کارەوە (نووسەران، دەرهێنەران، وەرگێڕان، کارکەرانی سەر سەکۆ) تا کاڵایەك بەرهەم بهێنن کە تەماشاچییان لە بەرامبەر دانی هەندێ سوود کەڵکی لێ وەربگرن. ڕەخنەگرانیش تەنیا لێکۆڵەران و شرۆڤەکارانی دەق نین بەڵکو هەروەتر زۆرجار مامۆستایانی زانکۆ کە حکوومەت کاریان پێ دەدات تا خوێندکاران لە ڕوانگەیەکی ئایدیالۆژیکییەوە بۆ وەئەستۆ گرتنی ئەرکی خۆیان لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا ئامادە بکەن. نووسەرانیش تەنیا بریتی نین لەخۆگرانی پێکهاتە گەلێکی زەینی و ناتاکەکەسی بەڵکو هەروەتر کرێکارێکن کە بنکە چاپەمەنییەکان ئەرکیان دەخەنە سەرشان تا ئەو کاڵایانە بەرهەم بێنن کە بتوانن بیفرۆشن. مارکس لە کتێبی «تیۆرییەکانی بایخی زیادەی»دا دەڵێ: «نووسەر لەم سۆنگەیەوە کە کۆمەڵێك هزر بەرهەم دێنێ کرێکار نییە، بەڵکو بەم هۆیە کرێکارە کە خاوەن بنکەی چاپەمەنی دەوڵەمەند دەکات و لە پێناوی کاری خۆیدا مووچە وەردەگرێ».

ئەم قسەیە وەبیر هێنانەوەیەکی بەکەڵکە. وەك ئێنگێلس ئاماژەی پێ دەکات هونەر لەوانەیە لە پێوەندی خۆیدا دەگەڵ ژێرخانی ئابووری نوێترین بەرهەمی کۆمەڵایەتی بێت، بەڵام بە ڕاڤەیەکی تر، هونەریش پاژێك لە ژێرخانی ئابوورییە – هونەریش وەك زۆر بابەتی تر جۆرە کردەیەکی ئابووری و چەشنە بەرهەممهێنانێکی کاڵاییە. بۆ ڕەخنەگران، تەنانەت ڕەخنەگرانی مارکسیست، زۆر ئاسانە ئەم ڕاستییە فەرامۆش بکەن، چونکە ئەدەبیات سەروکاری لەگەڵ وشیاریی مرۆڤە و زۆربەی توێژەرانی ئەدەبیات وا لێ دەکات کە دڵیان بەم چوارچێوەیە خۆش بکەن. ئەو ڕەخنەگرە مارکسیستانەی کە من لەم بەشەدا باسیان دەکەم ئەو کەسانەن کە لەم ڕاستییە گەیشتوون کە هونەر شێوەیەك لەشێوەکانی داهێنانی کۆمەڵایەتییە، هەڵبەت بەپێچەوانەی کۆمەڵناسیی ئەدەبی، لە هونەر بەواتای ڕاستییەکی دەرەکی تێ ناگەن، بەڵکو وەك ڕاستییەك تێ دەگەن کە ڕێك سروشتی هونەر خۆی دیاری دەکات. بەڕای ئەم تاقمە لە ڕەخنەگران– مەبەستم پتر «والتێر بینامین» و «بێرتۆڵد برشت»ە– هونەر لە قۆناغی یەکەمدا کردەیەکی کۆمەڵایەتییە نەك بابەتێك کە لە دیدی زانکۆیییەوە شی دەکرێتەوە و لێی دەکۆڵدرێتەوە. ئەدەبیات بۆی هەیە وەك «دەق» ێك لە بەر چاو بگیرێ، بەڵام هەروەتر دەکرێ بەچاوی چالاکییەکی کۆمەڵایەتیش لێی بڕوانین، واتە شێوەیەك لە شێوەکانی داهێنانی کۆمەڵایەتی و ئابووری کە لە کەناری شێوەکانی تر ئامادەیە و پێوەندیی دەگەڵیان هەیە.

## والتێر بێنیامین

ئەمە هەر لە بنەڕەتەوە تێڕوانینێکە کە والتێر بێنیامین ڕەخنەگری مارکسیستی ئەڵمانی دەهێنێتە ئاراوە[١]. بێنیامین لە وتاری پێشەنگخوازانەیدا بەناوی «هونەرمەند وەك داهێنەر» (١٩٣٤) ئەوەمان وەبیر دێنێتەوە کە ئەو پرسیارەی کە ڕەخنەی مارکسیستی لە هەمبەر بەرهەمی ئەدەبیدا دەیهێنێتە ئاراوە ئەمەیە کە: هەڵوێستی بەرهەمی ئەدەبی لەمەڕ پەیوەندییەکانی داهێنانی ڕۆژگاری خۆیدا چییە؟ سەربارى ئەمە، ئەو دەخوازێ پرسیارێکی تر بێتە ئاراوە: هەڵوێستی بەرهەمی ئەدەبی لە «چوارچێوەی»ی پەیوەندییەکانی داهێنانی ڕۆژگاری خۆیدا چییە؟ مەبەستی بێنیامین لەم پرسیارە ئەمەیە کە هونەریش وەك هەر شێوەیەکی ترا داهێنان پشت ئەستوور بەهەندێ تەکنیك و تەمهیدی دیاریکراوی داهێنانە– شێوەگەلێکی دیاریکراوی لە چەشنی شێوەکاری، وەشاندن، بەڕێوەبردنی شانۆیی و شتی دیکەی لەم بابەتە. ئەم تەکنیك و تەمهیدانە بەشێك لە «هێزەکانی» داهێنانی هونەر و قۆناغێك لە قۆناغەکانی گەشەسەندنی داهێنانی هونەرین، لە هەمان کاتیشدا پێویستمان بەکۆمەڵێك «پەیوەندیی» کۆمەڵایەتیی نێوان داهێنەری هونەری و بەردەنگی ئەون. وەك چۆن دەزانین لە گۆشەنیگای تێفکرینی مارکسیزمەوە قۆناغی گەشە سەندنی هەر چەشنێکی داهێنان کۆمەڵێك پەیوەندیی کۆمەڵایەتیی دیاریکراو لە داهێناندا بەپێویست دەزانێ، و سەر سەکۆ ئەو کاتە بۆ شۆڕش ئامادە دەبێت کە هێزەکانی داهێنان و پەیوەندییەکانی داهێنان دژ بەیەك ڕادەوەستن. بۆ وێنە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سیستمی فیوْدالی دەبنە لەمپەڕی سەر ڕێی گەشەسەندنی سەرمایەدارانەی هێزەکانی داهێنان و هەر ئەم هێزانە تێکی دەشکێنن، پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی سەرمایەداریش بەرد دەخەنە سەر ڕێی گەشەسەندنی هەمە لایەنە و دابەشکردنی عادیلانەی سەروەت و سامانی

کۆمەڵگای پیشەیی، ئەم بەردە بەدەستی سوسیالیزم هەڵدەگیرێ و لادەبرێ. ڕەسەنایەتیی وتاری بێنیامین لە بەکاربردنی ئەم تیۆرییە دایە بۆ باسی هونەر. بەبڕوای بێنیامین، هونەرمەندی شۆڕشگێڕ نابێ هێزەکانی ئامادەبووی نێو مەیدانی داهێنانی هونەری بەشێوەیەکی نارەخنەگرانە پەسەند بکات، بەڵکو دەبێ گۆڕانکاری بەسەر ئەم هێزانە دابێنێ و بیانکات بەکۆمەڵێك هێزی شۆڕشگێڕ. هونەرمەندی شۆڕشگێڕ لەم ڕێگایەوە پەیوەندیگەلێکی کۆمەڵایەتیی نوێ لە نێوان هونەرمەند و بەردەنگەکەیدا پێك دێنێ. ئەو بەسەر ئەم دژوازییەدا زاڵ دەبێت کە ئەو هێزە هونەرییانەی کە بۆیان هەیە لەبەر دەستی هەموو کەس بن، هێزگەلێکی وەکو سینەما، ڕادیۆ، وێنەگری و ڕیکۆردێر، ببنە موڵکی تاکە کەسیی تاقمێکی دەگمەن و دیاریکراو: ئەرکی هونەرمەندی شۆڕشگێڕە کە پەرە بەم میدیا نوێیانە بدات و لەهەمان کاتدا گۆڕانکاری بەسەر شێوازە کۆنترەکانی داهێنانی هونەریدا بێنێت. پرسەکە پرسی پڕوپاگەندە کردن بۆ فلانە «پەیامی» شۆڕشگێڕانە لە ڕێگای میدیا بەردەستەکانەوە نییە، پرسەکە پرسی هێنانە ئارای شۆڕشە لەم میدیایانەدا. بۆ وێنە، بێنیامین ڕۆژنامە بەئامرازێك دەزانێ کە دەتوانێ جیاوازییە باوەکانی نێوان «ژانر» گەلی ئەدەبی، نێوان نووسەر و شاعیر، تۆژەرو ئەو کەسەی بەزمانی خەڵکی ڕەشۆکی دەدوێ (popularizer) و تەنانەت نێوان نووسەرو خوێنەر بسڕێتەوە (چونکی خوێنەری ڕۆژنامە هەموو کات ئامادەیە ببێتە نووسەر). هەر بەم شێوەیە، شریتی گرامافۆن جێگەی بەشێوازێکی داهێنان کە بریتییە لە هۆڵی کۆنسێرت چۆڵ کردووە و لە مەیدانی دەرکردووە. سینەما و وێنەگری شێوازە نەریتییەکانی تێگەیشتن و تەکنیك و تەمهید و پەیوەندییە لە مێژینییەکانی داهێنانی هونەرییان بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕیوە. کەواتە، هونەرمەندی بەڕاستی شۆڕشگێڕ تەنیا سەرقاڵی بابەتی هونەری نییە، بەڵکو بیر لە ئامرازو کەرەسەی داهێنانیشی دەکاتەوە. «دەروەستی» تەنیا پێشکەشکردنی بیرو ڕای سیاسی ڕاست و دروست لە بەرهەمی هونەریدا نییە، بەڵکو خۆی لەم خاڵەدا خۆیا دەکات کە هونەرمەند تا

کویٚ و تا چ ئاستێك شکڵ و شێوە هونەرییەکانی بەردەستی خۆی سەرلەنویٚ ساز دەکاتەوە و نووسەر و خوێنەر و تماشاچییان دەکاتە هاوڕیٚ و هاوکاری خۆی[٢]. بێنیامین لە وتاری «بەرهەمی هونەری لە سەردەمی سەر لە نویٚ داهێنانی میکانیکدا» جارێکی تر باسی ئەم بابەتە دەکاتەوە[٣]. بەباوەڕی بێنیامین، خەرمانەیەك لە بیٚ هاوتایی و شانازی و مەوداو بەردەوامی دەوراندەوری شوێنەواری هونەریی نەریتییان (traditional) گرتووە، بەڵام سەرلەنویٚ بەرهەمهێنانی میکانیکی، بۆ وێنە، فلانە نەققاشی لە ڕێگای زۆرکردنی ژمارەی نوسخەکانییەوە جێگای ئەم بیٚ هاوتایی و تاقانەییە دەگرێتەوە و بەم چەشنە تیشك و ڕووناکاییە نامۆکەرەکە دەڕەوێتەوە و ئەم هەلە بۆ تماشاچی دەڕەخسێنیٚ کە ئەم بەرهەمە لە سات و کاتی دڵخوازی خۆیدا تماشا بکات. پۆرترەی شێوەکاری مەودای خۆی دەپارێزیٚ، لە کاتێکدا کامێرای فیلم هەڵگرتن دێتە پێشیٚ و بابەتی خۆی لە گۆشە نیگای ئینسانی و پانتاییەوە نیزیکتر دەکات و بەم چەشنە ڕاز و ڕەمزی لیٚ دەسڕێتەوە. فیلم هەموو کەس تا ئاستی کارناسێك دەگەیەنێت– هەرکەس بۆی هەیە وێنەیەك بگرێت یان لانی کەم وێنەیەکی لیٚ بگیرێت– ئا لێرەوەیە داب و نەریتی «هونەری مەزن» کۆتایی پیٚ دێت. شێوەکاریی نەریتی و ترادیسیۆناڵ دەرفەتی ئەوەمان پیٚ دەبەخشیٚ کە لە تێڕامانێکی هێمنی بەخشدا نوقم بین، لە کاتێکدا فیلم بەردەوام گۆڕانکاری بەسەر تێگەیشتنی ئێمەدا دێنیٚ و هەمووکات تاو و تەئسیرێکی «هەژێنەر»ی هەیە. لەڕاستیدا «هەژێنەریتی»[٤] یەکێك لە بابەتە سەرەکییەکانی جوانی ناسینی بێنیامین بەژیانی شارنشینیی نویٚ لە ڕێگای بەرەنگار بوونەوەی هەستی لێکهەڵوەشاو و نابەردەوام خۆی زەق دەکاتەوە، بەڵام جیاوازی لێرەدایە کە ڕەخنەگرێکی مارکسیستی «کلاسیکی» وەك لوکاچ بەچاوی پێوەری دڵتەنگکەری لێکهەڵوەشای «گشتێتیی» مرۆڤ لە نێو دەسەڵاتی سەرمایەداریدا لەم ڕاستییە دەڕوانیٚ، لەکاتێکدا بێنیامین بەگشتی لەوەدا هەندیٚ هەل و ئەگەری ئیجابی دەدۆزێتەوە و بە بنەمای شکڵ و شێوە هونەرییە پێشەنگەکانی دەزانیٚ.

فیلم بینین، گەڕان لە نێو ئاپۆرەی خەڵکی شار، کارکردن لەسەر فلانە دەزگاو ئـامـراز، هـەمـوو کۆمـەڵێك ئـەزمـوونـی «هـەژێنـەر»ن کـە دەمـامك لـەسەر ڕووی شتەکان لادەبات و «تیشك و ڕووناکییان» دەرەوێنێتەوە و لە نزیکەوە هەست بە شتـەکـان دەکـەن. هـاوتـای هـونـەری بۆ ئـەم بـابـەتـە، تـەکنیـکی «مۆنتـاژ» یـا پـەیوەندکردنـە. بـەڕای بێنیـامین مۆنتـاژ–واتـە پـەیوەندکردنی کۆمەڵێك شتی ناوێکچوو بۆ هەژاندنی بەردەنگ بەمەبەستی تێگەیشتن و ناسین– ئەسڵی بنەڕەتیی داهێنانی هونەریی سەردەمی تێکنۆلۆژییە.

## بێرتۆڵد برێشت و شانۆی حیماسی

بێنیامین هاوڕێی گیانی بەگیانی و یەکەم بەرگریکەری بێرتۆڵد برێشت بوو، و هاوکاریی نێوان ئەم دوو کەسایەتییە یەکێك لە سەرنجڕاکێشترین پاژەکانی مێژووی ڕەخنەی مارکسیستییە. شانۆی ئەزموونگەرای برێشت (شانۆی حیماسی) بۆ بێنیامین وەك مۆدێلێك دەهاتە ئەژمار، مۆدێلێك بۆ گۆڕانی نەك هەر بەتەنیا ناوەڕۆکی سیاسیی هونەر، بەڵکو بۆ گۆڕانی دامودەزگای بەرهەمهێنەریشی. وەك بێنیامین باسی دەکات، برێشت «لە گـۆڕانـی پـێوەنـدی کـارکـردیـی نـێوان سەر سەکـۆو تـەمـاشاچـی، دەق و بەرهەمهێنەر، و دەرهێنەر و ئەکتەر دا سەرکەوت.» برێشت لە سۆنگەی وەلانان و تووڕهەڵدانی شانۆی ناتۆرالیستیی سوننەتی، بەو وەهمەوەی کە لەمەڕ واقیع تێیدا بوو، جۆرێکی نوێی شانۆی بەرهەم هێنا کە لەسەر بنەمای ڕەخنەگرتن لە گریمانە ئایدۆلۆژیکەکانی شانۆی بورژوایی ڕۆنرا. لەناوەندی ئەم ڕەخنەیەدا «فێڵی مەودا دانان» (alienation effect)ی بەناوبانگی برێشت لە ئارادایە. برێشت لەسەر ئەم باوەڕەیە کە شانۆی بۆرژوایی لەسەر بنچینەی «وەهم خوازی» دامەزراوە: ئەم چەشنە شانۆیە ئـەم گـریمانـەیـە پشت ڕاست دەکـاتـەوە کـە بـەڕێوەبـردنـی شانـۆیـی یـان دراماتیکی دەشێ ڕاستەوخۆ جیهان بەرهەم بهێنێتەوە. ئامانجی ئەم

شانۆیە ئەمەیە کە بەیارمەتیی هێزی ئەم وەهمە لەمەڕ واقیع، وا لە تەماشاچی بکات لەگەڵ ڕەوتی شانۆکە هاودڵی و هاوسۆزی بنوێنێ، بە چەشنێك کە تەماشاچی شانۆکە بەڕاست بزانێت و گیرۆدەی ببێت. تەماشاچی لە شانۆی بورژواییدا بەرخۆری نەزۆك و دەستە وەستانی بابەتی هونەریی نەگۆڕ و کۆتایی پێهاتووە کە وەك شتێکی «ڕاستەقینە» پێشکەشی دەکرێت. شانۆی لەم چەشنە تەماشاچی ناورووژێنێت بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی داهێنەرانە ڕا بمینێت و پرسیار لەخۆی بکات کە ئەم شانۆیە بە «چ شێوەیەك» کەسایەتی و ڕووداوەکانی بەرهەمەکە زەق دەکاتەوە، و ئایا ئەگەری ئەوە لە ئارادایە ئەم تایبەتمەندییانە بەچەشنێکی تر بهێنێتە سەر سەکۆ. جا لە سۆنگەی ئەوەی کە وەهمی دراماتیك گشتێتییەکی بێ تەقەڵ و یەکپارچەیە کە ئەم ڕاستییەمان لێ دەشارێتەوە کە ئەو شتەی لەسەر سەکۆ ڕوو دەدات چتێکی دەسکردو «سازکراوە»، بەر بەوە دەگرێ کە تەماشاچی هەم لەمەڕ شێوەو شێوازی نواندنەوە، هەمیش لەمەڕ ئەو کردە و ڕووداوانەی کە نیشان دەدرێن بە تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە ڕابهێنێت و بیر بکاتەوە.

برێشت بەو ڕاستییەی زانیبوو کە ئەم جوانی ناسییە پێشاندەری باوەڕێکی ئایدیالۆژێکە کە پێی وایە جیهان نەگۆڕ و پێدراو و مشتومڕ هەڵنەگرە، و بەم چەشنە ئەرکی شانۆ، بۆ ئەو کەسانەی کە لە بازنەی ئەم گریمانەیەدا ماونەتەوە پێکهێنانی دەرفەتی ڕابواردنێکە کە لە دەست ڕاستییەکان ڕا دەکات. برێشت لەهەمبەر ئەم ڕوانگەیە دا، ئەم تێڕوانینە دێنێتە ئاراوە کە واقیع بریتییە لە پرۆسەیەکی لە حاڵی گۆڕاندا، کە پچڕ پچڕە و لەسەر دەستی مرۆڤ بەرهەم دێت و هەر لەم سۆنگەیەوە بەدەستی مرۆڤ گۆڕانی بەسەردا دێت[٥]. ئەرکی شانۆ «نواندنەوە»ی واقیعێکی نەگۆڕ و بێ ڕاسان و ڕۆچوون نییە، بەڵکو سەلماندنی ئەم ڕاستییەیە کە کەسایەتی و کردە چۆن چۆنی لەسەر دەستی زەمینەیەکی مێژوویی پێکدێن، و هەر بۆیە چۆناو چۆن

دەیانتوانی، و هێشتاش هەر دەتوانن بەجۆرێکی تر بجوولێنەوە. کەواتە، شانۆ خۆی دەبێتە مۆدێلێك لەو پرۆسەی بەرهەمسهێنانە، و زێتر لەوەی ڕەنگدانەوە و نواندنەوەی (reflection of) واقیعی کۆمەڵایەتی بێت سەرلەنوێ تێڕامان و بیرکردنەوەیە لەو واقیعە کۆمەڵایەتییە. شانۆ گشتێتییەکی بێ تەقەڵ و یەکپارچە نییە کە سەرلەبەری ڕووداوەکانی بەشێوەیەکی قەتعی و حەتمی لە دەرەوە دیاری بکرێت، بەڵکو خۆی وەك شتێکی پچڕ پچڕ و کراوە و بێ سنوور و لە ناخەوە دژواز دەنوێنێت، و توانایی «ڕوانینێکی پڕ پێچ و پەنا» لە تەمەشاچیدا بەهێز دەکات کە ئەم ڕوانینە لە هەمبەر ئەگەر و شیمانە دژبەرە جۆراوجۆرەکان لەهەر ئاستێکی تایبەتدا وریاو وشیارە. ئەکتەرەکان لەبری توانەوە لە نێو ڕۆڵی خۆیاندا، فێری ئەوە دەبن کە مەودایەك لە ڕۆڵی خۆیان دوور بکەونەوە، بۆ ئەوەی لێیان ڕوون ببێتەوە کە ئەوان ئەکتەری شانۆن نەك کەسانێك لە کاتی ژیانی ئاسایدا. ئەکتەرەکان کەسایەتیگەلی دەقە شانۆییەکە «دەنوێنن» (و خۆشیان وای نیشان دەدەن کە دەیاننوێنن) و نەك ئەوەی ببنە ئەو کەسایەتییانەو لە بۆتەیاندا بتوێننەوە. ئەکتەری برێشتی ڕۆڵی خۆی وە قسە دێنێت و لە کاتی دەور گێڕانی خۆیدا جۆرە تێڕامانێکی ڕەخنەگرانەی لێ بەدەستەوە دەدات. ئەم چەشنە ئەکتەرە کۆمەڵێك جوولە و ئاماژەو هەڵسوکەوت بەکار دێنێت بۆ ئەوەی پێوەندیگەلی کۆمەڵایەتیی کەسایەتی شانۆ و، ئەو بارودۆخە مێژووییانەی کە بوونەتە هۆی سەرهەڵدانی ڕەفتاری ئەو کەسایەتییانە خویا بکات. ئەم جۆرە ئەکتەرە لە کاتی گێڕانی دەوری خۆیدا وا نانوێنێت کە لەو شتەی کە دواتر دێت بێ ئاگایە، چونکی بەپێی بژاردە بێژییەکی برێشت «گرینگ، لە کاتی بەگرینگ بووندایە کە گرینگە».

شانۆنامە کە خۆی بریتیی نییە لە یەکێتییەکی ئۆرگانێك کە سیحرێکی وا لە تەماشاچی بکات کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەدوای خۆیدا پەلکێشی بکات، لە باری فۆرمەوە پڕ گرێوگۆڵ و پچڕ پچڕ و نابەردەوامە و، دیمەنەکان

وا لـە پـەنـا یـەكـتـر ڕیـز دەكـات كـە چـاوەڕوانـیـیـە قـەراردادیـیـەكـان لـێك هـەڵدەوەشێنێتەوە و تـەمـاشـاچـی دنـە دەدات لـەسـەر پێوەندیگەلی دیالێكتیكیی نێوان دیـمـەنـە جۆراوجۆرەكـانـی شـانـۆكـە بیروبۆچوونی ڕەخـنـەگـرانـەی خـۆی دەربـبـڕێت. جـیـا لـەمـە، لـە ڕێگـەی بـەكـارهـێـنـانـی شێوەگـەلـی جـۆراو جـۆری هـونـەری وەكـو فیلم، سلاید، گـۆرانـی و هـەڵـپـەڕكـێ كـە هـەر وا بـەسـانـایـی وێك نـاگرنـەوە یـەكـێتیی ئـۆرگـانـیك تێكدەچێت و لـە بـری ئـەوەی بـەڕێكوپێكی لـە تـانـۆپـۆی كـردە و ڕووداوەكـانـی شـانـۆدا بـتـوێـنـەوە لـێكیـان دادەبـڕێت. لـەو لایـەنـەشـەوە تـەمـاشـاچـی نـاچـارەكـی دەگـات بـەو ئـاگـایـی و وشیـارییـە چـەند لایـەنـەیـەی شێوە جـۆراو جـۆر و فـرە چـەشـنـەكـانـی نـوانـدنـەوە. دەسـكـەوتـی ئـەم «فێڵی مـەودا دانـان»ە ڕێك «نـامـۆكـردنـی» تـەمـاشـاچـی لـە بـەڕێوەبـردنـی شـانـۆو دوورخـسـتـنـەوەیـەتـی لـە تـوانـەوەی عـاتـیـفـی و سـۆزگـەرایـانـەی خـۆی لـەنـێو شـانـۆدا تـا لـەم سـۆنگـەیـەوە ڕێگـە نـەدات تـوانـایـی و دەرەتـانـی هـەڵـسـەنگـانـدن و دادوەری كـردنـی ڕەخـنـەگـرانـەی لـە كـەڵك بـكـەوێت. «فێڵی مـەودا دانـان» ئـەزموونێكی نـاسـراو لـەژێر تیشكێكی نـەنـاسـراودا دەخـاتـە بـەر چـاوان و وا لـە تـەمـاشـاچـی دەكـات گـومـان لـەو تـێڕوانـیـن و هـەڵـسـوكـەوتـانـە بـكـات كـە بـە شتێكی «سروشتی» لـە قـەڵـەم دەدران. ئـەم حـاڵـەتـە بـەپێچـەوانـەی شـانـۆی بورژواییـیە كـە نـەنـاسـراو و نـامـۆترین ڕووداوەكـان بـەشێوەیـەكـی «سروشتی» دەنوێنێ و بۆ بـەكـارهـێـنـانـی بـێ كێشە و كـەڵكـەڵـەی تـەمـاشـاچـی بـەرهـەمـی دەهـێـنـێت. كـاتـێك بـڕیـار وایـە تـەمـاشـاچـی لـەبـارەی بـەڕێوەبـردنـی شـانـۆو ڕووداوەكـانـی دادوەری بـكـات و هـەڵـیـان سـەنـگـێـنـێ، دەبـێـتـە هـاوكـارو برابـەشێكی كـارزان و پسپۆڕ لـە ڕەوتـی كـردەیـەكـی كـراوە و بـێ سنووردا، نـەك بـەرخـۆر و بـەكـارهـێـنـی شـتـێكی كـۆتـایـیـی پێهـاتـوو. دەقـی شـانـۆ خـۆی هـەمـیشـە كـاتـیـیـە: بـڕێشت ئـەو دەقـە لـەسـەر بـنـەمـای پـەرچـەكـرداری تـەمـاشـاچـیـیـان سـەرلـەنـوێ دەنـووسـێتـەوە و كـەسـانـی تـریش دنـە دەدات كـە لـەم نـووسـیـنـەوەیـەدا پشكداری بكـەن. كـەواتـە، شـانـۆ ئـەزموونـێكـە و پێش گـریـمـانـەكـانـی خـۆی لـە ڕێگـەی ئـەو پـەرچـەكـردارانـەی كـە لـە سـۆنگـەی تـاو و تـەئـسیری بـەڕێوەبـردنـی

شانۆوە بەرهەم دێن لە بێژنگی تاقیکردنەوەی دەدات. شانۆ لە زاتی خۆیدا شتێکی نیوەچڵ و ناتەواوە و، تەنیا لە سۆنگەی وەرگرتن و پەسەندکردنی تەماشاچییەوە کامڵ و پڕ بەپێست دەبێت. شانۆ چیتر شوێنی گەشەسەندنی خەیاڵ کردنەوەی (رووت) نییە، بەڵکو دەبێتە ئاوێتەیەك لە تاقیگەو سیرك و هۆڵی مۆسیقا و یاریگە و شوێنی دەمەتەقەو باسوخواس و دانوستانی گشتی. ئەمە شانۆیەکی «زانستی»یە کە شایەنی سەردەمێکی زانستییە، سەرباری ئەمە برێشت هەموو کات لەسەر چێژی تەماشاچی زۆر پێ دادەگرێت و لە سەر ئەم باوەڕەیە کە تەماشاچی دەشێت «هەستەوەرانەو گاڵتە بازانە» پەرچە کرداری خۆی بنوێنێت (بۆ وێنە، برێشت پێی خۆش بوو تەماشاچییەکانی لە کاتی بەڕێوەچوونی شانۆدا ، جگەرە بکێشن، چونکی ئەمە پیشاندەری چەشنێك پشوودانی هزرئامێزی تایبەت بوو.) تەماشاچی دەبێت «لەبان ڕووداوەکانەوە تێ بفکرێت»، و پێملی قبووڵکردنی نارەخنەگرانەییان نەبێت، بەڵام ئەمە بەواتای حاشاکردن لە پەرچەکرداری عاتیفی و سۆزگەرایانە نییە: «یەك هەیە هەستەکان دەهزرێنێت، یەکیش هەیە هزرمەندانە هەست بە شتەکان دەکات»(٦).

## فۆرم و بەرهەمهێنان

کەواتە شانۆی «حیماسی» برێشت نموونەی تیۆریی هونەری شۆڕشگێڕانەی بێنیامینە، ئەو هونەرەی کە نەك هەر ناوەڕۆك، بەڵکو شێوازەکانی بەرهەمهێنانی هونەریش دەگۆڕێت. ئەوەی ڕاستی بێت، ئەم تیۆرییە بەتەنیا سەر بە ئی بێنیامین نییە: ئەم تیۆرییە کاریگەرێتیی فوتۆریست و کانستراکتیویستەکانی ڕووسیشی لەسەرە، هەروەك چۆن هزر و تێڕوانینی لەمەڕ بلاڤۆکی هونەری تا ڕادەیەك منەت باری دادائیست و سوریالیستەکانن. با ئەو حاڵەش، ئەم تیۆرییە پێشکەوتێکی فرە گرینگە(٧)، و من لێرەدا دەخوازم بەکورتی باسی سێ لایەنی لێکدانەبڕاوی بکەم. لایەنی یەکەم ئەو مانا نوێیەیە کە ئەم تیۆرییە بەبیرۆکەی فۆرمی دەبەخشێت،

دووهـەم لایـەن پـێوەنـدی بـەسەرلـەنوێ پـێنـاسەکـردنـەوەی داهـێنـەر یـان هونەرمەندەوە هەیە و دواجار، لایەنی سێهەم باسی دووبارە ناساندنەوەی خودی بەرهەمی هونەرییە.

فۆرمی هونەری کە لە مێژبوو لە پانتایی قۆرغکراوی جوانی ناسیدا قەتیس مابووەوە، لە کارو شوێنەواری برێشت و بێنیامیندا ڕەهەندێکی نوێ و گرینگی بۆ خۆی دەستەبەر کرد. من پێشتر ئەم خاڵەم شی کردەوە کە فۆرمی هونەری شێوەکانی تێگەیشتنی ئایدیالۆژێکی زەق دەکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا پێشاندەری کۆمەڵێکی دیاریکراوی پێوەندیگەلی بەرهەمهێنانیشە لە نێوان هونەرمەندان و بەر دەنگاندا[٨]. ئەم پرسە کە چ شێوەگەلێکی بەرهەمهێنانی هونەری لە بەردەستی کۆمەڵگادا هەیە – ئایا کۆمەڵگا بۆی هەیە دەقەکانی لە هەزاران نوسخەدا بوەشێنێت و بڵاو بکاتەوە یان ئەوەی دەبێت دەستنووسەکان لە بازنەیەکی بارەگانشینان‌دا دەستـاو دەست بـخـاتـە گـەڕ؟– هـۆکـارێکـی گرینـگـی دەستنیشانکردنی پێوەندیگەلی کۆمەڵایەتیی نێوان «بەرهەمهێنەران» و «بەکارهێنەران» (بەردەنگان)ە، بەڵام لە هەمان کاتدا هۆکارێکی گرینگی دیاریکردنی فۆرمی ئەدەبیی بەرهەمەکەشە. ئەو بەرهەمەی کە لە بازاڕدا، بەهەزارەها کڕیاری نەدیو و نەناس دەفرۆشرێت، لە باری فۆرمەوە، دیارە جیاوازە لەو بـەرهـەمـەی کـە لـە سایـەی سیستـمێکی چاودێریکەر و پشتیواندا دێتە وەشانـدن و بـەرهـەم دێت، هـەروەك چـۆن ئـەو شانـۆنـامـەیـەی کـە بـۆ نیشاندانی گشتی دەنووسرێت، لە باری چوار چێوە فۆرمالەکانییەوە، جیاوازە لەو دەقەی کە بۆ نمایش دانێکی تایبەتی دەنووسرێت. کەواتە بەم مانایە، پێوەندیگەلی بەرهەم هێنانی هونەری پێوەندیگەلی «ناوەکی» هونەرن و ئەم پێوەندییانە فۆرمەکانی هونەر پێکدێنن. جیا لەمە، ئەگەر کە گۆرانکارییە تیکنۆلۆژیکەکانی هونەری پێوەندیگەلی نێوان هونەرمەند و بەر دەنگ تووشی گۆڕان دەکات، کەواتە هەر بەم شێوەیە دەتوانێت

پێوەندییەکانی نێوان هونەرمەند و هونەرمەندیش بگۆڕێت. ئێمە بەپێی عادەت وا دەزانین بەرهەمی هونەری دەسکردی هونەرمەندی تەنیا و تەریکە و ئەوەی ڕاستیش بێت زۆربەی هەرە زۆری شوێنەواری هونەریش هەر بەم چەشنە بەرهەم هاتوونە، بەڵام بلاڤۆکی نوێ، یان بلاڤۆکی ترادیشنالی گۆڕان بەسەر داهاتوو لە بابەت هاوکاریی نێوان هونەرمەندان ئەگەر و ئیمکانی تازە دەخەنە بەر دەست. ئێروین پیسکاتۆر (Erwin Piscator) دەرهێنەری شانۆی ئەزموونگەرا کە برێشت زۆر شتی لێ فێر بوو، لێژنەیەکی کامڵی پێکهاتوو لە شانۆنامەنووسانی بۆ شانۆنامەیەك دەخستە کار و تاقمێك مێژووزان و ئابووری ناس و ئامارگری دەکردە بەرپرسی پێداچوونەوە بەکارەکانیاندا.

دووهەمین پێناسە کردنەوەی گۆڕین، ڕێك باسی هەر ئەم بۆ چوونە لە هەمبەر داهێنەر یان هونەرمەند دەکات. بەباوەڕی برێشت و بێنیامین، داهێنەر سەرەتا وەك بەرهەمهێنەرێك دێتە ئەژمار، بەرهەمهێنەرێکی وەك بەرهەمهێنەرانی تری فلانە بەرهەمی کۆمەڵایەتی. بەوتەیەکی تر ئەوان دژی ئەم تێڕوانینە ڕۆمانتیکەن کە دەڵێ هونەرمەند خولقێنەرە بەپێی ئەم بۆچوونە داهێنەر کەسایەتییەکی ناوازەیە کە دەسکردی خۆی بەشێوازێکی ڕەمزاوی لە هیچەوە بەرهەم دەهێنێت. بۆچوونێکی لەم چەشنە ئیلهام خوازانە و تاکەکەسی لەمەڕ بەرهەمهێنانی هونەری ڕێگا دەگرێت لەوەی هونەرمەند بەکرێکارێك لە قەڵەم بدەین کە لە مێژوویەکی تایبەتدا ڕەگاژۆ دەکات و ماك و کەرەسەی تایبەت و دیاریکراوی لە بەردەستدا هەیە. مارکس و ئێنگێلس خۆیان لەم پرسەی ڕەمزاوی کردنەی هونەر ئاگادار بوون، و ئەم شتەش لە سۆنگەی بیروڕا دەربڕینیان لە مەڕ ئۆژین سو (Eugene sue) لە کتێبی «بنەماڵەی پیرۆز» دا دەردەکەوێت. ئەوان وا لە مەسەلەکە دەڕوانن کە جیاکردنەوەی بەرهەمی ئەدەبی لە نووسەرەکەی وەك «بکەری ئینسانیی زیندووی مێژوویی» بە واتای «هەست دەربڕینە لە

هەمبەر دەسەڵاتی مۆجزە خوڵقێنی قەڵەم» هەر کە بەرهەمی هونەری لە دۆخی مێژووییی داهێنەرەکەی جیا ببێتەوە ناچار وەك بابەتێکی مۆجزە ئاسا و بێ بەری لە هۆکار و دنەدەر لە بەر چاوبگیردرێت.

پییەر ماشێری-ش بەهەمان شێوە دژی بیرۆکەی بە «خوڵقێنەر» لە قەڵەمدانی داهێنەرە. بەڕای ئەویش داهێنەر هەر لە بنج و بناوانەوە بەرهەمهێنەرێکە کە لە ماك و مادەگەلێکی تایبەت بەرهەمێکی نوێ دەردەهێنێت. داهێنەر ئەو ماك و ئامرازانەی کە کاریان پێ دەکات چێ ناکات، بەڵکو فۆرم و بەها و ئوستوورە و هێما و ئایدیالۆژییەکان پێشتر بەشێوەی چێ کراو و لە قاڵب دراو و ئامادە و تەیار دێنە بەر دەستی ئەو، هەر وەك چۆن کرێکاری کارخانەی بەرهەم هێنانی ئۆتۆمۆبیل بەرهەمی خۆی لە ماك و کەرەسەگەلی پێشتر چێ کراو ساز دەکات. ماشێری لێرەدا قەرزداری کارەکانی لویی ئاڵتۆسێرە کە پێناسەیەکی لە بارەی «کردە» یان «پراتیك» بەدەستەوە داوە. «مەبەستی من لە «کردە» بەگشتی بریتییە لە هەر پرۆسەیەکی پێکهاتوو لە گۆڕینی ماکێکی خاوی پێدراوی تایبەت بۆ بەرهەمێکی تایبەت، گۆڕینێك کە لە سۆنگەی کاری ئینسانی حاسڵ دەبێت و ئامراز گەلێکی (بەرهەم هێنانی) تایبەتی تێدا بەکار دەهێنرێت»(٩). ئەم گوتەیە، هەر وەتر، لە بابەت کردەی ناسراو بەهونەریشدا وەڕاست دەگەڕێت. هونەرمەند کۆمەڵێك ئامرازی تایبەت - تەکنیکە تایبەتەکانی هونەری خۆی - بەکار دەهێنێت تا ماکگەلێکی لە چەشنی زمان و ئەزموون بگۆڕێت و بیانکاتە بەرهەمێکی تایبەت. ئیتر هیچ هۆیەك لە ئارادا نییە کە لە چاو گۆڕانەکانی دیکە ئەم گۆڕانە دەشێت مۆجزە ئاساتر بێت(١٠).

سێهەم پێناسە کردنەوەی بەرباس - سریشتی بەرهەمی هونەری خۆی - دەمانگەڕێنێتەوە سەر مەسەلەی فۆرم. بەباوەڕی برێشت، ئامانجی شانۆی بورژوایی سڕینەوەی دژوازییەکان و پێکهێنانی هارمۆنییەکی درۆینە، و ئەگەر ئەم قسەیە لە بابەت شانۆی بورژوایی ڕاست بێت، بەڕای برێشت،

ئـەوە لـە بـابـەت هـەنـدێ ڕەخـنـەگری مـارکسیست، بـەتـایـبـەتـی جـۆرج لوکاچ-یش وەڕاست دەگـەڕێت. یـەکـێك لـە گـرنـگـتـریـن بـاسوخواسەکـانی ڕەخنەی مارکسیستی باسوخواسێکە لە نێوان برێشت و لوکاچ، لە دەیەی ١٩٣٠، لـە سەر مـەسەلـەی ڕیـالیـزم و ئیکسپێرسیونیزم[١١]. وەك پـێشتـر باسمان کرد لوکاچ بەرهـەمی ئەدەبی وەك «گشتێکی خۆ وروژێن» لە قەڵەم دەدات کە دژوازییە سەرمایەدارییەکانی نێوان گەوهەر و ڕواڵەت، کۆنکرێت و ئەبستراکت، تاکە کەس و گشتی کۆمەڵایەتی چارەسەر دەکات. هونەر لە زاڵـبـوون بـەسەر ئـەم دابـڕانـانـەدا سەرلـەنـوێ گشتـێتـی و هـارمـۆنـی دەخولقێنێتەوە. بەڵام برێشت پێی وایە ئەم چەشنە بیر کردنەوەیە جۆرە نۆستالژیایەکی نەزۆك و سەلەفییانەیە. بەباوەڕی برێشت، هونەر دەبێت لە بری سڕینەوەی ئەم جۆرە دژوازییانە، ئاشکرایان بکات، و بەم چەشنە مرۆڤ دنە بدات بۆ ئەوەی لە ژیانی ڕاستەقینەی خۆیدا بنچینەی ئەم چەشنە دژوازییانە بڕمێنێت، و بەرهـەمی هونەری ناشێت لە زاتی خۆیدا هـاوسەنگ و کـامـڵ و پـڕ بـەپـێست بـێت، بـەڵـکو دەشێت وەك هـەر جـۆرە بەرهـەمێکی کۆمەڵایەتی لە کاتی بەکارهێناندا پێ بگات و کامڵ بێت. برێشت لێرەدا شوێن پێی ئەو پێداگرتنەی مارکس، لە کتێبی «هەنگاوێك بەرەو ڕەخنەی ئابووریی سیاسی» دا هەڵدەگرێت کە بەپێی ئەو پێداگرییەی مارکس، بەرهـەم تەنیا لەڕێگای مەسرەف و بەکارهێنانییەوە بەتەواوی دەبێتە بەرهـەم. مارکس لە «گروندریسە» دا دەبێژێت: «بەرهـەمهێنان» نەك هـەر ئوبژەیەك بۆ سووژە، بەڵکو هـەروەهـا سووژەیەکیش بۆ ئۆبژە بەدی دەهێنێت».

## ڕیالیزم یان مۆدێرنیزم؟

له بنج و بێخی ئەم دژبەرایەتییەدا، جیاوازی و ناکۆکیی ڕیشە داکوتراوی نێوان بریێشت و لوکاچ لە بارەی پرسی ڕیالیزم خۆی حەشار داوە- جیاوازی و ناکۆکییەك کە ئەو کات گرینگایەتییەکی سیاسیشی هەبوو-، چونکی لوکاچ لەم کێشەیەدا نوێنەری ڕاست گەرایی (Orthodoxy) سیاسی بوو و بریێشت وەك «چەپڕەو»ێکی شۆڕشگێڕ گومانی لە سەر بوو. بریێشت لە وەڵامی ڕەخنەی لوکاچ کە هونەری ئەوی بەفۆرمالیستی و داڕماو لە قەڵەم دابوو، بەوەی تاوانبار دەکات کە خۆی پێناسەیەکی تەنها فۆرمالیستی لەڕیالیزم ئاڕاستە دەکات. بریێشت دەڵێت، لوکاچ لەو فۆرمە ئەدەبییەی کە لە باری مێژووییەوە ڕێژەییە (واتە چیرۆکی ڕیالیستیی سەدەی نۆزدەهەم) بتێك بۆ خۆی ساز دەکات و پاشان مێشك ویشکانە دەخوازێت کە هەرچی هونەری دیکەیە چاو لە دەستی ئەم نموونەیە بن. ئەم خواستە پیشاندەری ئەم ڕاستییەیە کە لوکاچ بنەمای مێژوویی فۆرم فەرامۆش دەکات. بریێشت پرسیار دەکات: چۆن چۆنی دەکرێت فۆرمگەلی گونجاو لەگەڵ نیاز و ویستەکانی قۆناغی پێشووی خەباتی چینایەتی لە قۆناغی دواتردا بەسانایی بەکار ببرێت یان تەنانەت سەرلەنوێ بخوڵقێندرێتەوە؟ «وەکو بالزاك بە-بەڵام نۆژەن و ئیمڕۆژین» تەعبیری گاڵتەجاڕانەی بریێشتە لە مەڕ هەڵوێستی لوکاچ. «ڕیالیزمی» لوکاچ فۆرمالیستییە، چونکی زانستگایی و نامێژووییە، و لە بری ئەوەی وەڵامدەرەوەی ئەو بارودۆخە بگۆڕە بێت کە بەرهەمهێنەری ئەدەبیاتە، تەنیا لە هەرێم و پانتایی ئەدەبیاتەوە وەرگیردراوە. تەنانەت لە ڕوانگەی ئەدەبیشەوە ژێرخانێکی پڕ ببەرتەسکی هەیە و پتر پشت ئەستوورە بەچەند دانە ڕۆمانێك تا ئەوەی پێداچوونەوە و تاوتوێ کردنی ژانرەکانی تری ئەدەبی بێت. بە بۆچوونی

برێشت، کاری لوکاچ پتر وەك کاری ڕەخنەگرێکی بیرمەندی زانکۆ دەچێت، تا ئەوەی شێوەی شوێنەواری هونەرمەندێکی ماندوو بەکاروکردەوە بدات.

لوکاچ گومانـاوی لە تەکنیکە مۆدێرنەکان دەڕوانێت، و نێو و نـاتۆرەی داڕمـاویـان لەسـەر دادەنێت، چونکی لەگەڵ پێوانە و کێشانەکانی یۆنانی کەونـارا یـان چیرۆکنووسیی سەدەی نۆزدەهـەم یـەکتر نـاخوێننـەوە، ئەو ئـایدیـالیستێکی یۆتـۆپیـاییـیـە کـە دەیـهـەوێت بگـەڕێتـەوە بـۆ «سـەردەمـانـی خۆشی ڕابردوو»، لە کاتێکدا برێشت، وەکو بێنیامین، لە سەر ئەو بـاوەڕەیە کە دەشێت لە «ڕۆژە نـاخۆشەکانی ئێستا» وە دەست پیّ بکرێت و هـەر لەم شتانە چتێك چی بکردرێت. بەم چەشنە، فۆرمە پێشەنگەکانی لە چەشنی ئێکسپێرسیونیزم لای برێشت، فرە گرینك و خاوەن بەهـان: ئەم فۆرمـانـە پێشاندەری لێهاتوویییە تازە وەدەستهاتووەکانی هونەرمەندانی هـاوچەرخ و نـوێنـەری ئـەگـەری تـۆمـارکـردنـی هـاوکـات و تـێکـەڵ کـردنـی خـێرای ئـەزمـوونـەکانە. لوکاچ، بەپێچـەوانـە، پڕ بـە بـاڵـەخـانـەیـەك «کـەسایـەتی»یە گەورەکانی داستانی لە ئەدەبیاتی سەدەی نۆزدەهـەم بانگهێشت دەکات. بەڵام ، بەبـاوەڕی برێشت، لەوانـەیە سەرلـەبەری ئەو مـانـایەی «کەسایـەتی» سەر بەسەرجەمی پێوەندیگەلێکی کۆمەڵایـەتی– مێژوویی تـایبـەتە و چیتر نـاتوانێت لە سەر مـانـەوە و ژیانی خۆی بـەردەوام بێت. هـەر لـەم سۆنگەیەوە، دەشێت بەدوای شێوەگەلێکی کەسایەتی داڕشتنی تەواو جیاواز دا بگەڕێین. سۆسیالیزم جۆرێکی جیـاوازی تـاکە کـەس پـەروەردە دەکات، و بۆ پێگەیشتن و تێگەیشتن لـەم کـەسە پێویستمـان بـەفۆرمێکی جیـاوازی هونـەر هـەیە.

مـەبـەست ئـەوە نییە بڵێین برێشت دەستبەرداری چەمکی ڕیالیزم دەبێت، بـەڵکو مـەبـەست ئـەوەیـە کە ئەو دەخوازێت ئـاسۆی ئەو چەمکە بەرفراوان بکات: مـەبـەستی ئێمە لە ڕیالیزم دەشێت بـەربڵاو و سیاسی بێت و بـەسـەر هـەموو چوارچێوە و قـەراردادەکاندا زاڵ بێت... ئێمە نـابێت ڕیـالیزم لە شوێنەوارێکی حـازر بـەدەستی تـایبـەت هـەڵهێنجین، بـەڵکو دەشێت لە هـەر ئـامرازێك، چ کۆن و

چ نویَ، چ تاقیکراو و چ تاقینەکراو، وە دەستهاتوو لە هونەر یان لە هەرشتێکی تر کەڵك وەربگرین تا واقیع بەشێوەیەك بخەینە بەردەستی مرۆڤەکان کە ئەو مرۆڤانە بتوانن بەسەریدا زاڵ و سوار بن. لە ڕوانگەی برێشتەوە ڕیالیزم تەنها شێوازێکی ئەدەبیی تایبەت یان «ژانری ئەدەبی» یان «بەتەنها پرسی فۆرم» نییە، بەڵکو جۆرێك هونەرە کە یاسا و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان دەدۆزێتەوە، و لە ڕێگای هەڵبژاردنی دیدگایەکی چینایەتییەوە دەمامك لە ڕوخساری ئایدیالۆژییە دەسەڵاتدارەکان دادەماڵێت. نووسینێکی لەم چەشنە ناچارەکی واقیع نوێنی (verisimilitude)، واقیع نوێنی بەمانای بەرتەسکی خولْقاندنەوەی تانوپۆ و ڕەنگ و ڕواڵەتی شتەکان، بەپێویست نازانێت. ڕیالیزمێکی لەم دەستە لەگەڵ بەرفراوانترین ئاستی بەکارهێنانی وزەی خەیاڵ و داهێنان دەگونجێت. بەپێی بۆچوونی برێشت هەر بەرهەمێك کە هەستێکی «ڕاستەقینە»، لە مەڕ جیهان، لە ئێمەدا بەدی دەهێنێت ناکرێت بەڕیالسیتیی لە قەڵەم بدەین(١٢).

## ئاگایی و بەرهەمهێنان

لەم سۆنگەیەوە، هەڵوێستی برێشت دژە ژەهرێکی بەنرخە بۆ ئەو ئیستالینیستە کەللە ڕەقانەی کە بەگومانەوە لە ئەدەبیاتی ئەزموونگەرا دەڕوانن و پێیان وایە ئەدەبیاتێکی لەم چەشنە بەرهەمێکی وەك «مانای ڕیالیزمی هاوچەرخ» لە برەو دەخات. جوانی ناسیی ماتریالیستیی برێشت و بێنیامین دەربڕی ڕەخنەیەکی توندە لە سەر ئەم بۆچوونە ئایدیالیستییە کە یەکێتیی فۆرمالی بەرهەم هارمۆنیی لە کیس چوو دەگەڕێنێتەوە، یان هارمۆنییەکی نویَ دابین دەکات(١٣). ئەم بۆچوون و بیرۆکەیە میراتێکی خاوەن مێژینەیە و پێشینەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەر هێگێڵ و شیلێر و شێلینگ و لە سەردەمی ئێمەشدا ڕەخنەگرێکی وەك هێربێرت مارکووزە(١٤). هێگێل لە «فەلسەفەی هونەرە جوانەکان» دا دەبێژێت، ئەرکی هونەر ورووژاندن و وەدیهێنانی سەر لەبەری وزە و توانایییەکانی ڕۆحی مرۆڤ و هەروەتر ورووژاندنی هەستێکە لە

فراوانی و بەپیت و پێزیی خولقێنەرەکەی. بەباوەڕی مارکس، کۆمەڵگای سەرمایەداری لە ڕێگای زاڵ کردنی چەندایەتی بەسەر چۆنێتیدا و بەهۆی گوڕینی سەر لەبەری بەرهەمە کۆمەڵایەتییەکان بۆ کاڵای بازار و لە سۆنگەی سارد و سڕیی هونەرنەخوازانەیەوە نەیار و ناحەزی قەستەسەری هونەرە، کەواتە، دەسەڵاتی هونەر بۆ پشکووتنی هەمەلایەنەی تواناییەکانی مرۆڤ لە گرەوی تەقاندنەوەی ئەم توانایانە دایە لە ڕێگای گۆڕانی کۆمەڵگاوە.مارکس لە «دەسنووسە ئابووری و فەلسەفییەکان» (١٨٤٤) دا دەڵێت، تەنیا دوا بەدوای زاڵ بوون بەسەر هەموو نامۆیی و مەودا کۆمەڵایەتییەکانە کە «فراوانی چێژ خوازیی زەینیی مرۆڤ، گوێیەکی مۆسیقاناس و چاوێك بۆ بینینی جوانیی فۆرم و بەکورتی ئەو هەستانەی کە دەتوانن چێژەکانی مرۆڤ دەستەبەر بکەن... تا ڕادەیەك گەشە بستێنن... تا ڕادەك دروست ببن»[١٥].

کەواتە، بەبۆچوونی مارکس توانایی و دەسەڵاتی هونەر بۆ ئاشکرا کردنی وزەکانی مرۆڤ پابەندی بزاڤی عەینی و ئۆبژێکیتیوی خودی مێژووە. هونەر خۆی بەرهەمی دابەشکاریی کارە، دابەشکارییەك کە لە قۆناغێکی تایبەتی کۆمەڵگادا دەبێتە هۆی جیابوونەوەی کاری مادی لە کاری هزری و هەر بۆیە تاقمێکی ڕۆشنبیر و هونەرمەند بەدی دەهێنێت کە تا ڕادەیەك لە ئامرازی مادیی بەرهەم هێنان جودا کەوتوون. کەلتوور خۆی جۆرێك «بەهای زیادە»یە (Surplus value) ، و وەك چۆن لیئۆن ترۆتسکی ئاماژەی پێ دەکات کولتوور بەهێزی ئابووری بەڕێ دەچێت و بوونی زیادەیەکی مادی لە کۆمەڵگەدا بۆ گەشەسەندن و باڵا کردنی کولتوور پێویستە. ترۆتسکی لە کتێبی «ئەدەبیات و شۆڕش»[١٦] دا دەڵێت: «هونەر پێویستی بەئاسوودەیی و تەنانەت سەروەت و سامان هەیە.» لە کۆمەڵگای سەرمایەداریدا هونەر دەبێتە کاڵا و ئایدیالۆژی لە خشتەی دەبات. بەو حاڵەشەوە دیسان دەتوانێت تا ڕادەیەك ئەم سنوورانە ببەزێنێت. هونەر هێشتاش بۆی هەیە جۆرە هەقیقەتێکمان پێ بدات –

هەڵبەت ئەم هەقیقەتە بەدڵنیاییەوە هەقیقەتێکی زانستی یان تیۆرێك نییە، بەڵکو ئەو هەقیقەتەیە کە نیشان دەدات مرۆڤەکان چۆناوچۆن بارودۆخی ژیانی خۆیان تەجرەبە دەکەن و دژی ئەم بارودۆخە ڕادەسێن.

برێشت لەم خاڵەدا دژی ڕەخنەگرانی نوێ هێگێلی نییە کە هونەر وزە و دەرەتانەکانی مرۆڤ خویا دەکات، بەڵکو دەخوازێت لە سەر ئەم خاڵە پێدابگرێت کە ئەم دەرەتانانە، دەرتانگەلێکی تایبەتی مێژوویین نەك پاژێك لە فلانە «گشتێتیی ئینسانی»ی ڕەهاو هەمەکی (Universal). برێشت هەروەتر دەیهەوێت لە سەر ئەو بنەمای بەرهەمهێنانە پێدابگرێت کە نیشان دەدات ئەم بابەتە تا چ سنوورێك بڕ دەکات و ئەگەر هەڵگرە، و لەم خاڵەدا هاوباوەڕی مارکس و ئێنگێلسە. مارکس و ئێنگێلس لە «ئایدیالۆژیی ئەڵمانی»دا دەڵێن: «رافائل-یش وەك هەر هونەرمەندێکی تر، لە چوارچێوەی پێشکەوتە تەکنیکییەکانی هونەری سەردەمی پێش خۆی و ڕێکخستنی کۆمەڵگا و دابەشکاریی کاری شوێنی ژیانی خۆیدا بەرهەمی دەخولقاند....».

بەو حاڵەشەوە، پێداگرتن لە سەر بنەمای تێکنۆلۆژیکالی هونەر لە خۆگری خەتەرێکی ئاشکرایە. ئەم خەتەرە بریتییە لە کەوتنە نێو داوی «تێکنۆلۆژی پەرستی» (Technologism)-یەوە- باوەڕ بەوەی هێزە تێکنۆلۆژیکالەکان لە زاتی خۆیاندا، نەك بەپێی ئەو پێگەیەی کە لە سەرلەبەری شێوازی بەرهەمهێناندا هەیانە لە مێژوودا هۆکاری دیاریکەرن. برێشت و بێنیامین جاروبار بەو داوەوە دەبن. ئەوان ئەم پرسیارە بەبێ وەڵام دەهێڵنەوە کە چۆناوچۆن دەبێت ئەم دوو لایەنەی شرۆڤەی هونەر بەشێوەیەکی سیستماتیکی ئاوێتەی یەکتر بکرێن: هونەر وەك جۆرە شێوازێکی بەرهەمهێنان و هونەر وەك شێوازی ئەزموون، بە وتەیەکی تر، پەیوەندیی نێوان «ژێرخان» و «سەرخان» لە «خودی هونەردا» دا چییە؟ تێئۆدۆر ئادۆرنۆ، هاوڕێ و هاوکاری بێنیامین، لەم

بوارەدا بەهەق ڕەخنەی لێ دەگرێت و دەڵێت کە بێنیامین لە زۆر بابەتدا دەستەودایێنی مۆدێلێکی فرە ساکاری ئەم پێوەندییە دەبێت– بەوتەیەکی تر تێ دەکۆشێت لە نێوان واقیعە ئابوورییە جیاجیاکان و واقیعە ئەدەبییە جیاجیاکان کۆمەڵێك هاوشێوەیی یان هاوچەشنی بدۆزێتەوە و ئەم کارە بەشێوازێك بەڕێوە دەبات کە پێوەندیی نێوان ژێرخان و سەرخان هەر لە بنج و بناوانەوە شکڵێکی «خوازەیی» وە خۆ دەگرێت(١٧). ئەوەی ڕاستی بێت، ئەمە لایەنێك لە شێوازی کاری زۆر جار ناباوی بێنیامینە، ڕێك بەپێچەوانەی میتۆدە تەواو سیستماتیکەکانی لوکاچ و گۆڵدمەن.

بەباوەڕی من هێنانە ئارای ئەم پرسە کە پێوەندیی نێوان «ژێرخان» و «سەرخان» لە هونەردا، واتە مابەینی هونەر وەك بەرهەمهێنان و هونەر وەك بابەتێکی ئایدیالۆژیك، چۆن چۆنی باس بکەین یەکێکە لەو پرسە هەرە گرینگانەی کە ڕەخنەی ئەدەبیی مارکسیستی هەنووکە دەشێت پێوەی سەرقاڵ بێت. لێرەدا لەوانەیە بکرێت لە ڕەخنەی مارکسیستییەوە لەمەڕ هونەرکانی تر چەند شتێك فێربین. من بەتایبەتی باسی ڕاڤەکانی جان بێرجێر دەکەم لەبارەی شێوەکاری بەڕەنگی ڕۆن لە کتێبی «شێوازەکانی ڕوانین» دا (١٩٧٢). بە بۆچوونی بێرجێر شێوەکاری بەڕەنگی ڕۆن تەنیا ئەو کاتە وەك «ژانرێکی هونەری» دێتە ئاراوە کە پێداویستی شێوازی ڕوانینێکی ئایدیالۆژێکی تایبەت بۆ جیهان دێتە گۆڕێ، شێوە ڕوانینێك کە تەکنیکەکانی تری شێوەکاری وەڵامدەرەوەی نین و لە دەستیان نایات. شێوەکاری بەڕەنگی ڕۆن لەو شتەیدا کە دەینەخشێنێت تۆکمەیی و درەوشانەوە و پتەوییەکی تایبەت بەدی دەهێنێت، شێوەکاری بەڕەنگی ڕۆن هەر ئەو کارە لەگەڵ جیهاندا دەکات کە سەرمایە لەگەڵ پێوەندگەلی کۆمەڵایەتیدا دەیکات و هەموو شتێك دادەبەزێنێتە سەر ئاستی هاوسەنگی و بەرامبەریی شتەکان. شێوەکاری خۆی دەبێتە ئۆبژە (شت)، کاڵایەك کە دەفرۆشرێت و دەکڕدرێت، شێوەکاری خۆی بەشێکە لە مالیکییەت و دارایی

و هەر بەم زمانە جیهان وێنا دەکات. کەواتە لێرەدا کۆمەڵێکی کامڵی هۆکارمان لە بەر دەمە کە لێکگرێدراو و هاو پێوەندین. قۆناغێك لە بەرهەم هێنانی ئابووریی کۆمەڵگا لە ئارادایە کە شێوەکاری بەرەنگی ڕوون وەك تەکنیکێکی تایبەتی بەرهەمهێنانی هونەری یەکەم جار لەو قۆناغەدا گەشە دەکات و پەرە دەستێنێت. زنجیرە پێوەندییەکی کۆمەڵایەتی لە نێوان هونەرمەند و بەردەنگ (بەرهەم هێنەر/ بەکارهێنەر فرۆشیار/ کڕیار) لە گۆڕێدایە کە ئەم تەکنیکە پابەندی ئەو پێوەندییانەیە. پێوەندییەکیش هەیە لە مابەینی ئەم پێوەندییانەی مالیکییەتی هونەری و پێوەندیگەلی مالیکییەت لە سەرتاپای کۆمەڵگادا.

دوا جاریش ئەم مەسەلەیە لە ئارادایە کە ئەو ئایدیالۆژییەی کە بنچینەی ئەم پێوەندیگەلەی مالیکییەت پێکدەهێنێت چۆن چۆنی خۆی لە قەوارەیەکی دیاریکراوی شێوەکاریدا، شێوازێکی دیاریکراوی ڕوانین و وێناندنی شتەکان خویا دەکات. ئەم چەشنە باسو خواسە، کە شێوەکانی بەرهەمهێنان دەلکێنێت بەجۆرە دەربڕینێکی فۆرم لە سەر بوومی شێوەکاری، دەشێت لە ڕەخنەی ئەدەبیی مارکسیستیدا بەکارببردرێت.

دوو دەلیلی گرینگ هەن بۆ ئەوەی بۆچی دەبێت ئەم کارە بکردرێت. یەکەم ئەوەی ناتوانین ئێستا بەتەواوی بیناسین و بەکردەوەش بیگۆڕین، مەگین ئەوەی ئەدەبیاتی ڕابردوو، هەر چەندە ناڕاستەوخۆ، بلکێنینەوە بەخەباتی ژن و پیاو دژی چەوساندنەوە. دەلیلی دووهەم ئەوەیە کە لە دەرەوەی ئەم دوو حاڵەتەدا کەمتر دەتوانین دەق «بخوێنینەوە» یان ئەو فۆرمە هونەرییانە دابهێنین کە یارمەتیمان دەدەن بۆ ئەوەی هونەرێکی باشتر و کۆمەڵگایەکی باشتر بخولقێنین. ڕەخنەی مارکسیستی تەنیا تەکنیکێکی تر بۆ ڕاڤەکردنی «بەهەشتی ونبوو» یان «میدل مارچ» نییە. ڕەخنەی مارکسیستی بەشێکە لە ڕزگاربوونی ئێمە لە چنگ زۆر و ستەم، و هەر بۆیە شایانی ئەوەیە بەتێروتەسەلی باسوخواسی لە سەر بکردرێت.

## پەڕاویزەکان

### فەسڵی ١

١– بڕوانە:

M. Lifshitz, The philosophy of Art of Karl Marx (London, 1973).

بۆ شیکردنەوەیەکی ساویلکانە و دەمارگرژانە بەڵام تا ڕادەك زانیاریبەخش لە مەڕ هۆگرییە ئەدەبییەکانی مارکس و ئێنگێلس بڕوانە:

P. Demetz, Marx, Engels and the Poets (Chicago, 1967).

٢– بۆ پوختەیەك لەم بۆچوونانە بڕوانە:

Karl marx and Frederick Engels, On Literature and Art (New York, 1973), for a compendium of these comments.

٣– بەتایبەت بڕوانە:
L. Shucking, The Sociology of Literary Taste (London, 1944); Escarpit, The Sociolo Literature (London, 1971); R.D. Altick, The English Common Reader (Chicago, 1957); and R. Williams, The Long Revolution (London, 1961). Representative recent works have been D. Laurenson and A. Swingewood, The Sociology of Literature (London, 1972) and M. Bradbury, The Social Context of English Literature (Oxford, 1971).

بۆ شیکردنەوەیەکی کتێبی گرینگی ڕیمۆند ویلیامز بڕوانە ئەم وتارەی من لە :

New Left Review 95 (January - February, 1976)

٤– بەشێکی زۆری ڕەخنەی غەیرە مارکسیستی زاراوەیەکی وەکو «ڕوونکردنەوە» (explanation) ڕەت دەکاتەوە چونکی پێی وایە ڕوونکردنەوەی ڕێژەی ڕێزو حورمەتی «ڕاز و ڕەمزی» ئەدەبیات دادەبەزێنێت. من لێرەدا لەم واژەیە کەڵك وەردەگرم، چونکی لەگەڵ بۆچوونی پییەر ماشێری لە کتێبی:

Poutr Une Theorie de la produ.

یەك دەگرمەوە کە ئەرکی ڕەخنەگر نەك «ڕاڤە» بەڵکو ڕوونکردنەوەیە. بەباوەڕی

ماشێری، «ڕاڤە»ی دەق بریتییە لە پێداچوونەوە یان ڕاستکردنەوەی دەق بەپێی فیسارە پێوەری ئایدیالی لەو شتەی دەشێت ببێت، بەوتەیەکی تر، ڕاڤە بریتییە لە حاشاکردن لە دەق و تووڕهەڵدانی دەق بەو شێوەیەی کە هەیە. ڕەخنەی ڕاڤەیی تەنیا بارستای دەق «دوو بەرامبەر» دەکات و بۆ بەکارهێنانی ئاسانتر دەستی تێوەر دەدات و ڕاستی دەکاتەوە و بەربڵاویی پێ دەبەخشێت. ڕەخنەی ڕاڤەیی لە سۆنگەی ئەو شتە زۆرانەی کە لە بارەی دەقەوە دەیانڵێت لەوەدا سەردەکەوێت کە شتی کەمتر ببێژێت.

٥- بەتایبەتی بڕوانە:

Vico's The New Science (1725); Madame de Stael, Of Literature and Social Institutions (1800); H. Taine, History of English Literature (1863).

٦- ئەمە ناچارەکی مەرجێکی فرە سادەکراوە. بۆ لێکدانەوەیەکی تێر و تەسەلتر بڕوانە:

N. Poulantzas, Political Power and Social Classes (London, 1970).

٧- لە زمان پێشەکی ئەم بەرهەمەوە:

Henri Arvon's Marxist Aesthetics (Cornell, 1970).

٨- لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە کە مێژووی تاکەکەسیی نووسەر چۆن چۆنی لەگەڵ مێژووی سەردەمی خۆی تێك تەندراو و لێك گرێدراون بڕوانە:

J.-P. Sartre, The Search for a Method (London, 1963).

٩- پێشەکی بۆ ئەم بەرهەمە:

Grundrisse (Harmondsworth, 1973).

١٠- بڕوانە:

Stanley Mitchell's essay on Marx in Hall and Walton (ed.), Situating Marx (London, 1972).

١١- بڕوانە پاشەڕۆکی:

(ed.), Brecht on Theatre: The Development of an Aesthetic (London, 1946)

١٢- بۆ ئەوەی بابەتەکە بەزمانێکی تیۆریکی پڕپێچوپەناتر دەربڕین دەڵێین: تاو و تەئسیری «ژێرخانی» کۆمەڵایەتی لە سەر «وێرانە خاك» نەك بەشێوەی ڕاستەوخۆ،

بەڵكو لێرەوە دەردەكەوێت كە لە دوا لێكدانەوەدا ئەوە ژێرخانی كۆمەڵایەتییە كە دۆخی گەشەسەندنی هەركام لە ڕەگەزەكانی سەرخان (رەگەزی دینی، فەلسەفی و هتد) دیاری دەكات، ئەو سەرخانەی كە ئەم چامەیە پێك دەهێنێت، وەك چۆن پەیوەندی دوو لایەنەی نێوان ئەم ڕەگەزانە دیاری دەكات كە ئەم شیعرە پێكهاتەیەكی تایبەتە لەو.

١٣– لەم نامەیەی ئالتۆسێردا:

Letter on Art in reply to Andre Daspre', in Lenin and Philosophy (London, 1971).

هەروەتر بڕوانە وتاری دواتری لە بابەت شێوەكاری شێوازی ئەبستراكتی كرێمۆنینی.

١٤– دووبارە چاپ بووەتەوە بەناوی:

Articles on Tolstoy (moscow, 1971).

## فەسڵی (٢)

١– بۆ نموونە بڕوانە:

Ernst Fischer in his The Necessity of Art (Harmondsworth, 1963).

٢– بڕوانە ئەم بەرهەمەی من:

Marxism and Form' in C.B. Cox and Michael Schmidt (eds.), Poetry Nation No.1(Manchester, 1973).

٣– بۆ شیكردنەوەیەكی بەپێزی فۆرمالیزمی ڕووسی بڕوانە:

V. Erlich, Russian Fornalism: History and Doctrin The Hague, 1955.

٤– بڕوانە تێبینییەكانی كادۆیل لە مەڕ شیعر لە:

illusion and Reality (London, 1937).

و كتێبێكی تری

Romance and Realism (Princeton, 1974).

هەروەتر بڕوانە وتاری فرانسیس مولهێرن لە بارەی جوانی ناسیی كادوێل لە:

New Left Review, no.85 (May/June, 1974).

ناخوازم بڵێم کادوێل، کە لە دۆخێکی زۆر نالەباردا قارەمانانە هەوڵی دا بناغەی جۆرە جوانی ناسییەکی مارکسیستیی پوخت و پڕ بەپێست دابمەزرێنێت، وەك «مارکسیستێکی ڕەشۆکی» شایانی حاشا لێکردنەو ئیتر هیچ.

٥- بڕوانە:

The Rise of the Novel (London, 1947).

٦- چاپ بووەتەوە لەم بەرهەمەیدا:

Art and Social Life (London, 1953).

٧-

Drama Form Ibsen to Brecht London, 1968.

٨- بڕوانە:

R. Barthes, Writing Degree Zero (London, 1967).

٩- لوکاچ ساڵی ١٨٨٥ لە شاری بۆداپێست چاوی بەدنیا هەڵێنا، کوڕی خاوەن بانکێکی سەرمایەدار بوو، لە ڕەوتی هزری ساڵە سەرەتاییەکانی ژیانی خۆیدا کاریگەرێتیی زۆر کەسی بەسەرەوە بوو، یەك لەوان هێگێل. دوو نموونەی کارە بەرایەکانی بریتین لە «گیان و فۆرمەکان» (١٩١١) و «تیۆریی ڕۆمان» (١٩٢٠). ساڵی ١٩١٨ چووە ناو ڕیزەکانی حیزبی کۆمۆنیستەوەو لە دەوڵەتی کورت خایەنی کۆماری سۆڤیەتی مەجارستان پلەی بەرپرسی کاروباری پەروەردەی پێ سپێردرا و پاش دارمانی ئەم دەوڵەتە ڕای کرد بۆ ئۆتریش. ساڵی ١٩٢٣ بەرهەمێکی تیۆریی گرنگیی بەناوی « مێژوو و ئاگایی چینایەتی» بڵاو کردەوە کە کۆمینتێرن وەك بەرهەمێکی ئایدیالیستی شەرمەزاری کرد. ئەو کاتەی هیتلێر دەسەڵاتی خستە ژێر ڕکێفی خۆی، لوکاچ ڕووی کردە مۆسکۆ و کاتی خۆی بۆ توێژینەوەی ئەدەبی تەرخان کرد و ئەم دوو کتێبەی بەرهەم هێنا:

Studies in European Realism (London, 1972) and The Historical Novel (London, 1962).

لوکاچ ساڵی ١٩٤٥ گەڕایەوە بۆ مەجەرستان و ساڵی ١٩٥٦ پاش ڕاپەڕینی دژە ڕووسی خەڵکی مەجارستان، بوو بەوەزیری ڕۆشنبیریی حکوومەتی ناگی. ماوەی ساڵێك شاربەدەر کرا و ناردیان بۆ ڕۆمانی، بەڵام پاشان ڕێگایان پێ دا

بگەڕێتەوە. لوکاچ هەروەها ئەم کتێبە:

The Meaning of Contemporary Realism (London, 1963)

و هەندێ بەرهەمی تری لە بارەی لێنین و هێگێل و گۆتە و جوانی ناسی بڵاو کردەوە.

١٠- لە وتارێکدا لە:

New Hungarian Quarterly, vol.xiii, no. 47 (Autumn 1972).

١١- بەتایبەت بڕوانە:

The Hidden God (London, 1964); Towards a Sociology of the Novel (London, 1975); The Human Sciences and PhilosoPhy (London, 1966). Important articles by Goldmann available in English are: 'Criticism and Dogmatism in Literature', in D. Cooper (ed.), The Dialectics of Liberation (Harmondsworth, 1968); 'The Sociology of Literature: Status and Problems of Method' in International Social Science Journal, vol.xix, no.4 (1967); and 'Ideology and Writing', Times Literary Suppllement, September 28, 1967. See also Mariam Glucksmann, 'A Hard Look at Lucien Goldmann', New Left Review no.56 (July/August, 1969), and Raymond Williams, 'From Leavis to Goldmann', New Left Review no.67 (May/June, 1971).

١٢- بڕوانە:

Adrian Mellor, 'The Hidden Method: Lucien Goldmann and the Sociology of Literature', in Birmingham University Working Papers in Cultural Studies no.4 (Spring, 1973).

لێرەدا وردە ئاماژەیەك بەهەندێك لە کەمایەسییەکانی کاری گۆڵدمەن بێ کەڵك نییە. ئەم خاڵانەش هێژای باسکردنن: دژبەرایەتیی نادروستی نێوان «جیهانبینی» و «ئایدیالۆژی» لانەکردەوە لە پرسی بەهای جوانی ناسی، تێڕوانینی نامێژوویی بۆ «پێکهاتە زەینییەکان» و ڕەنگدانەوەی دیدێکی پۆزیتیویستی دیاریکراو لە هەندێك تیۆریی کارەکانیدا.

## فەسڵی (٣)

١– بڕوانە:

A.A. Zhdanov, On Literature, Music and Philosophy (London, 1950).

سەربـاری ئـەوەی ژێدانـۆڤ ڕێگـای ئـەوە بـە نـووسەران دەدات کـە بـۆ دەربـڕینـی ناوەڕۆکی پێش– شۆڕشگێڕی لە فۆرمگەلی پاش– شۆڕشگێڕی کەڵك وەربگرن.

٢– لێکدانەوەگەلێکی بەکەڵك لەم بەرهەمانەدا وە دەست دەکەوێت:

M. Hayward and L. Labetz (eds.), Literature and Revoution in Soviet Russia 1917-62 (London, 1963).

و هەروەتر بڕوانە:

R.A. Maguire, Red Virgin Soil: Soviet Literature in the 1920 (Princeton, 1965).

٣– بڕوانە:

George Stainer, for example, in ‘Marxism and Literature', Language and Silence (London, 1967).

٤– بڕوانە:

Quoted by Henari Arvon, op. cit.

٥– بۆ باسێکی گشتیتر لە بارەی تێڕوانین و چالاکییە کولتوورییەکانی ترۆتسکی بڕوانە:

Isaac Deutscher, The Prophet Unarmed (London, 1959) ch.3.

٦– لەم بەرهەمەدا:

Under Which King, Bezonian?', Scrutiny vol.1, 1932.

٧– لە بابەت وتاری لوکاچ لەسەر ئەوان، بڕوانە:

Studies in European Realism , and H.E. Bowman, Vissarian (1954 Belinsky Harvard),

٨- بڕوانە:

his Letters Without Address and Art and Social Life (London, 1953).

٩- ئەوەی ڕاستی بێت ئەو کاتەی لێنین وتارەکانی خۆی لە سەر تۆلستۆی دەنووسی بیرو بۆچوونەکانی ئێنگێلسی لەمەڕ بالزاك نەخوێندبووەوە.

١٠- من بۆ ئەم خاڵە و خاڵەکانی تر منەتباری زانیارییەکانی مامۆستا S.S.Prawerی زانکۆی ئاکسفۆردم.

١١- لەم بەرهەمەدا:

In The Origin of the Family, Private Property and the state (1884).

١٢- بڕوانە :

Writer and Critic (London, 1970).

تیۆریی لێنین لەم بەرهەمەیدا وە دەست دەکەوێت.

Materialism and Empirio-Criticism (1909).

١٣- بڕوانە:

Cultural Theory Panel attached to the Central Committee of the Hungarian SocialistWorkers Party, 'Of Socialist Realism', in L. Baxandall (ed.), Radical Perspactives in the Ants (Harmondsworth, 1972).

١٤- لەم بەرهەمەدا:

Lukacs (London, 1970).

١٥- بڕوانە:

Culture and Society 1780-1950 (London, 1958), Party3, ch.5: 'Marxism and Culture'.

١٦- بڕوانە:

Illusion and Reality (London, 1937).

١٧- باسەکەی وێست زۆر سەیر لە باسی ژان پۆڵ سارتر دەچێت لەم کتێبەیدا:

سارتر لەسەر ئەم باوەڕەیە کە خوێنەر لە ئاست کەسایەتیی خوڵقێندراوی

نـووسراوە، و هــەر بـۆیـە لـە ئـاست ئـازادیـی نـووسـەردا پـەرچـەكـرداری خـۆی دەنوێنێت. لە حاڵەتی پێچەوانەی ئەو دۆخەدا، نووسەر پشت بەئازادیی خوێنەر دەبەستێت بۆ ئـەوەی لـە بـەرهـەمـهێنـانـی دەقـەكـەیدا پشكداری لـە گـەڵدا بـكـات. كردەی نووسین نـۆژەنكردنـەوەیـەكی گشتیی جیـهـانـی لـە بـەرچـاوە، ئـامـانجی هونەر «باشتر» كردنی جیهانێكی بێ جووڵەیە لە رێگای باسك ڕدنییەوە بەو شێوەیەی كە خۆیەتی بەڵام وەك بڵێی لە ئازادیی مرۆڤدا ڕەگاژۆی كردبێت. بۆچوونەكانی سارتر لە مەڕ «دەروەستی» لە كاری نووسەریشدا، هەرچەندە هەر بەم شێوەیە خاوەن جەوهەرێكی تاكەكەس گەرا و ئیگزیستانسیالیستییە، بەڵام دیسان جێگای باوەڕ و خاوەن ئیعتیبارە.

هـەر وەتر بڕوانـە:

David Caute, The Illusion (London, 1971), ch. 1: ‘On Cammitme.

**فەسڵی (٤)**

١- بێنیامین ساڵی ١٨٩٢ لە بێرلین چاوی بەدنیا پشكووت و كوڕی بنەماڵەیەكی جووی دەوڵەمەند بوو. لە سەروبەندی خوێندكاریدا لە بزووتنەوەگەلی ئەدەبی ڕادیكاڵدا چالاك و هەڵسووڕ بوو، و بڕوانامەی دكتۆرای خۆی لە بارەی ڕیشە و ژێدەرەكانی تراژێدیی سەردەمی باروكی ئەڵمان نووسی كە پاشان وەك یەكێك لە شوێنەوارە گرینگەكانی بڵاو بووەوە. دوای شەڕی جیهانی یەكەم وەك ڕەخنەگر و وتـار نـووس و وەرگێڕ لـە بـێرلین و فـرانـكـفـۆرت كـاری كـرد، و ئـێرنـێست بـلـوخ ماركسیزمی پێ ناساند. ئەو هەروەتر بوو بەیەكێك لە هاوڕێیانی نزیكی بێرتۆلد برێشت. كە نازییەكان دەسەڵاتیان خستە ژێر ركێفی خۆیان، ساڵی ١٩٣٣ هەڵات بۆ پاریس و تا ساڵی ١٩٤٠ لەوێ مایەوە و سەرقاڵی توێژینەوەیەك بوو لەسەر پاریس كە بە«پرۆژەی پاساژەكان» نێوبانگی دەركردووە. پاش ئەوەی نازییەكان فەرانسەیان داگیر كرد لە كاتی ڕاكردنی بۆ ئیسپانیا گیرا و پاشان خۆی كوشت.

٢- وتاری «داهێنەر وەك بەرهەمهێنەر» لەم بەرهەمەی بنیامین-دا دەست دەكەوێت:

Understanding Brecht (London, 1973).

هەڵی سەنگێنە لەگەڵ ئەم گوتەیەی ئانتۆنیۆگرامشی، ماركسیستی ئیتالی:

«شێوازی بوونی ڕۆشنبیریی نوێ چیتر بۆی نییە كورت ببێتەوە لە زمانبازی و

بەلاغەت و فەساحەتدا کە بزوێنەری دەرەکی و کاتیی هەست و سۆز و کەفوکوڵی عاتیفەیە، بەڵکو ئەو شێوازە پێوەندی هەیە بەپشکداری کردنی چالاکانە لە ژیانی کردەیی و ڕۆژانەدا وەك تاکێکی پێکهێنەر و ڕێکخەر، «هاندەرێکی هەمیشەیی» نەك هەر گوتەبێژێکی سادەو ساکار...»

Prison Notbooks (London, 1971).

٣- چاپ بووەتەوە لە:

W. Benjamin, Illuminations (London, 1970).

٤- بۆ کاریگەرێتیی «شۆك» یان «هەژاندن» بڕوانە ئەم کتێبەی بنیامین:

Charles Baudelaire: Lyric Poet in the Age of High Capitatalism (London, 1973).

هەروەتر بڕوانە ئەم وتارەی:

Illuminations on ‘Unpacking My Library',

لەم وتارەدا باسی هەست و سۆزی خۆی دەکات لە بارەی کۆکردنەوە (Collecting) و کۆمەڵە یان کۆلێکسۆن چێکردن. لای بینیامین کۆکردنەوەی شتەکان، بێ ئەوەی بەدوای ئەوە دابێت ئەم شتانە بەشێوەیەکی هارمۆنیدار ڕێکوپێك بکات، جۆرە قبووڵکردنێکی ئاژاوەی ڕابردوو و تاقانەیی و بێ هاوتاییی شتە کۆکراوەکانە، و ئەو ناخوازێت ئەم شتانە بۆ ئاستی پۆلێنکردنیان دابەزێنێت. کۆکردنەوە و کۆمەڵە چێکردن خۆشکردنی ڕێگایەکە بۆ تێکڕووخاندنی دەسەڵاتی ستەمکارانەی ڕابردووە و لەت و کوتەکان لە چنگی دەرباز دەکات.

٥- من خۆم لەو باسە بوارد کە باوەڕی برێشت بەم تێڕوانینە تا کوێ بووەتە هۆی پێداچوونەوەیەکی «هیومانسیتی» لە مارکسیزمدا.

٦- بۆ کۆمەڵێك لە هەندێك بەرهەمی جوانی ناسانەی هەرە گرینگی برێشت، بڕوانە:

See Brecht on Theatre: the Development of an Aesthetic, translated by John Willett (London, 1964).

هەروەتر بڕوانە ئەم بەرهەمانەی:

6. Messingkauf Dialogues (London, 1965);Walter Benjamin, Understanding Brecht; D. Suvin,'The Mirror and the Dynamo', in L. Baxandall, op.cit', and Martin Esslin: A Choice of Evils (London, 1959).

زۆربەی هەرە زۆری شانۆ سەرەکییەکانی برێشت وەدەست دەکەون لە:

two-volume Methuen edition (London, 1960-62).

٧- ئاماژە گەلێکی لاوەکیی ئەم باسە لە بابەت میدیای مۆدێرن بەقەڵەمی: (Hans Magnus Enzenberger) لەم وتارە دا هاتووەتە گۆڕێ:

Constituents of Theory of the Media', New Left Review no.64 (November/Cecember, 1970).

٨- بڕوانە:

Alf Louvre, 'Notes on a Theory of Genre', Working Papers in Cultural Stuties no.4

(University of Birmingham, Spring, 1973).

٩- بڕوانە:

For Marx (English edition, London, 1969).

هەڵی سەنگێنە لەگەڵ ئەم تێبینییەی ئاڵتوسێر لە:

Lenin and Philosophy: Bertolt Breach, 'Against George Luckacs', New Left Review no.84 (March/April, 1974), and H. Aravon, op. cit.

«جوانی ناسیی بەکارهێنان و جوانی ناسیی خوڵقاندن هەر یەك شتن و وەکو یەك وان.»

١٠- ئەوەی ڕاستی بێت، ماشێری لە دوا لێکدانەوەدا دژی سەرلەبەری بیرۆکەی داهێنەرە وەك «سووژەی تاك»، جا چ سووژەی «خولقێنەر» بێت چ سووژەی بەرهەمهێنەر، و دەخوازێت داهێنەر لە پێگەی بالآی خۆی دابەزێنێتە خوارێ. داهێنەر (هونەرمەند) دەق بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو ئەوە دەقە کە لە ڕێگای داهێنەرەوە «خۆی بەرهەم دەهێنێت». بۆچوونگەلێکی هاوشێوەی ئەمە لە لایەن گرووپێکی نیشانە ناسی مارکسیستەوە هاتە ئاراوە کە لە دەوری کۆواری

(Telquel) چـاپـی پـاریس، هـاڵابـوون و لـەسەر دەستی هـەندێ ڕوانگـە کـە لـە مـارکسیـزم و فـرۆیـدیـزم وەریـان گـرتـووە دەقـی ئـەدەبـی بـەچـەشنـێك وزەی بـەرهـەمـهێنـانی بـەردەوام لـە قـەڵـەم دەدەن.

١١- بڕوانە:

Lenin and Philosophy: Bertolt Breach, 'Against George Luckacs', New Left Reviewno.84 (March/April, 1974), and H. Aravon, op. cit.

هـەروەتر بڕوانە:

Helga Gallas, 'George Lukacs and the League of Revolutionary Proletarin Writer', working Papers in Cultural stuties no.4.

١٢- لـێرەدا دەبـێت لـە نـێوان هـەڵـوێستـیـی بـرێشت و هـەڵـوێستـی ڕۆژێ گـارۆدی، مـارکسیستی فـەرەنسەیی، لـەم کتێبەیدا جیاوازی دابنرێت:

D'un realisme sansrivages (Paris, 1963).

گارۆدی-ش دەخوازێت بـازنـەی زاراوەی «ڕیـالیزم» تـا ئـەو نووسـەرانـە بـەرفراوان بکات کە پێشتر لـەم بـازنـەیەی ڕیالیزم دەرکرابوون، بـەو حـاڵـەشەوە، وەکو لوکاچ و بـەپێچەوانەی برێشت هێشتاش بـەهـای جوانی نـاسی و ترادیسیۆنی ڕیـالیستی مـەزن بـەیـەك شت دەهێنێتە ئـەژمـار. ئـەوەندەی هـەیـە لـە بـابـەت سنوور و کـەوشـەنی ڕیالیزم لـە چـاو لوکاچ سنگفراونتر و لیبرالترە.

١٣- بڕوانە:

S. Mitchell, 'Lukacs's Concept of The Beautiful', in G.H.R. Parkinson (ed.), George Lukacs: The Man, His Ideas (London, 1970), for an account of Lukacs aesthatic views.

١٤- بڕوانە بـەتـایبـەتی لـەم وتـارەی:

Negations (London, 1968), An Essay on Liberation (London, 1969).

هـەروەتر ئـەم وتـارەشی:

Art as Form of Reality', New Left Review no.74 (July/August, 1972).

١٥- بڕوانە :

Mezaros's comments on Marxist aesthetics in Marx's Theory of Alienation (London, 1970).

١٦- هەرچەندە هونەر لە زاتی خۆیدا شێوازێکی زانستییانەی گەیشتن بەهەقیقەت نییە، بەو حاڵەشەوە، بۆی هەیە ئەزموونی ناسیارییەکی زانستییانەی لەم چەشنە (واتە شۆڕشگێڕانە) لەمەڕ کۆمەڵگا ڕابگوێزرێت. هەر ئەم ئەزموونەیە کە هونەری شۆڕشگێڕانە دەتوانێت پێشکەشی ئێمەی بکات.

١٧- بڕوانە:

Adrona on Brecht, New Left Review no.81 (September/Octo, 1 973).

## کتێب ناسیی هەڵبژاردە

کتێب ناسیییەکی کامڵ و هەمەلایەنە لە بارەی ڕەخنەی ئەدەبی مارکسیستی لەم کتێبەدا دەست دەکەوێت:

Lee Baxandall's Marxism and Aesthetics (New York, 1968).

لە دەق و پەراوێزەکانی ئەم کتێبەدا ئەو ژێدەرانەی کە لەمەڕ شوێنەواری ڕەخنەگرانەی مارکسیستی خراونەتە بەردەست پێڕستێکی بەربڵاو لە بارەی ئەم بابەتە دەخەنە بەر چاو، بەڵام من لە پێڕستی خوارەوەدا هەندێك دەقی گرینگتر و ئەو چاپانەم هەڵبژاردووە کە هاسانتر دەست دەکەون.

L. Althusser, Lenin and Philpsophy (London, 1971).

کۆمەڵێك وتاری ئاڵتوسێر لە بابەت تیۆریی مارکسیستی، یەك لەوان باسی گرنگی ئەو دەربارەی پێوەندیی نێوان هونەر و ئایدیالۆژی (Letter to Andre Daspre,)

H. Arvon, Marxist Aesthetics (Ithaca, N.Y., 1970).

تاوتوێ کردنێکی پوخت و پاراو و گشتیی ئەم بوارە وێڕای لێکدانەوەیەکی گرینگ لە سەر دەمەتەقەی نێوان برێشت و لوکاچ.

W. Benjamin, Understanding Brecht (London, 1973).

کۆمەڵێك نووسراوی ڕۆژنامەییی بێنیامین لە سەر برێشت، یەك لەوان بەرهەمێکی تیۆریکی گرینگی وەك «داهێنەر وەك بەرهەمهێنەر» و هەروەتر هەندێك پاژی نووسراوەگەلی پرژوبڵاوتر و جۆراوجۆرتر.

T. Bennett, Formalism and Marxism (London, 1979).

ڕاڤـەکـردنـەوەیـەك لـە بـارەی فـۆرمـالـیزمـی ڕووسی و ڕەخـنـەیـەك لـە سـەر ڕێبـازی ئـالتوسێریی ڕەخنەی مـارکسیستی.

B. Breacht, On Theatre (ed.J. Willett, London, 1973).

هـەڵبـژاردەیـەکـی بـەنـرخـی تـێڕوانـیـنـەکـانـی بـرێشت لـە بـارەی لایـەنـگـەلی تیۆریك و پراکتکیی بەرهەمهێنانی شانۆ، وێڕای هەندێك پەڕاوێزی هەڵبژێرکراوی بەکەڵك.

C. Cauewell, Illusion and Reality (London, 1973).

ئـەم بـەرهـەمـە سـەرەکییە تیۆریکەی ڕەخنەی مـارکسیستی لـە بریتـانیا، لـە دەیـەی ۱۹۳۰ هـاتـە ئـاراوە. لـە زۆر ڕێسادا ناپوخت و بێ بنـەمـایـە، بـەڵام مـەبـەستی چێکردنی تیۆرییەکی لەمەڕ سریشتی هونەر و ڕەوتی گەشەسەندنی ئەدەبیاتی ئینگلیسی لە یەکەم قۆناغەکان تا سەدەی نۆزدە.

P. Demetz, Marx, Engels and the Poets (Chicago, 1967).

شیکردنەوەیەکی تێر و تەسەل، بەڵام بەشێوەیەکی ساویلکانە تێکەڵ بەدەمارگرژی، لە سـەر مـارکس و ئێنگێلس وەك ڕەخنەگری ئەدەبی، وێڕای چـەند فـەسڵێك لـە بـارەی گۆڕانکارییە دواترەکانی ڕەخنەی مارکسیستی.

T. Eagleton, Criticism and Ideology (London, 1976).

توێژینەوەیەك لە سەر تیۆریی ڕەخنەی مـارکسیستی، شوێن وەرگر لە کاری ئالتوسێر و مـاشێری، وێڕای فـەسڵێك لـە کۆتـاییدا لـە بـارەی پرسی بـەهـا (Value).

E. Fisher, The Mecessity of Art (Harmondsworth, 1963).

شیکردنەوەیەکی بەرزەفڕانە بەڵام جـاروبـار کـاڵ و بـەرتـەسك خوازانە لە مەڕ ڕیشەو ژێدەرگەلی مێژوویی هونەر، پێوەندیی هونـەر لـەگـەڵ ئـایدیـالۆژی و هـەندێك بـابـەتی سەرەکیی تری ڕەخنەی مـارکسیستی.

L. Goldmann, The Hidden God (London, 1964).

بـەرهـەمـی ڕەخنـەگرانـەی سـەرەکیی گۆڵدمـەن: توێژینـەوەیـەکی مـارکسیستی لـە سـەر پـاسکـال و ڕاسین، وێڕای شیـکـردنـەوەیـەکـی سـەرەتـاییی گرینگ لـە بـارەی تیـۆریی «پێکهاتە خوازیی ڕسکانەی»ی خۆی.

F. Jameson, Marxism and Form (Princeton, 1971).

تێڕامانێکی دژوار بەڵام بەنرخ لە بارەی هەندێك ڕەخنەگری گرینگی مارکسیست (ئادۆرنۆ، بێنیامین، مارکوزێ، بلوخ، لوکاچ، سارتر) وێڕای دوا فەسڵێکی ڕوونکەرەوە لە بارەی مانای ڕەخنەی دیالیکتیکی.

F. Jameson, The Political Unconscious (London, 1981).

توێژینەوەیەکی هەمەڕەنگی زەنگین کە بابەتگەلێکی وەکی ڕاڤەی مێژوویی و تیۆرییەکی مارکسیستی لە بابەت ژانرە ئەدەبییەکان دەگرێتە خۆ.

V. I. Lenin, Articles on Tolstoy (Moscow, 1971).

کۆمەڵە وتارێکی لێنین لەسەر تۆلستۆی وەك «ئاوێنەی شۆڕشی ڕووسیا».

M. Lifshitz, The PhilosoPhy of Art Karl Marx (London, 1973).

توێژینەوەیەکی بەهێز و ڕەسەن کە پێوەندیگەلی نێوان باوەڕە جوانی ناسییەکانی مارکس و تیۆرییە گشتییەکەی شی دەکاتەوە و باسی ئەو لایەنانە لە بەرهەمە جوانی ناسییەکانی مارکس دەکات کە لە بریتانیادا کەمتر ناسراون.

G. Lukacs, Studies in European Realism (London, 1972); The Historical Novel (London, 1962).

دوو بەرهەمی سەرەکیی لوکاچ کە تێیاندا تا ڕادەیەك باسی سەرلەبەری چەمکە ڕەخنەگرانە ئەسڵییەکانی کردووە.

The Meaning of Contemporary Realism (London, 1969).

باسێکە پیشاندەری هەوڵی لوکاچ بۆ سازان و ڕاهاتن لەگەڵ ئەدەبیاتی «مۆدێرنیستی»: کافکا، موزیل، بێکێت و ئەوانی تر.

Writer and Critic (London, 1970).

کۆمەڵێکی ناهاوشێوە پێکهاتووە لە چەند وتارێکی ڕەخنەگرانەی لوکاچ، یەك لەوان بەرگرییەکی گرینگ لە چەمکی «ڕەنگدانەوە خواز» ی هونەر.

P. Macherey, Pour Une Theorie de la Production Litteraire (Paris, 1970).

یەکێکە لە بەکارهێنانە چاونەترس و نوێیەکانی تیۆریی مارکسیستیی ئاڵتوسێر لە ڕەخنەی ئەدەبیدا و لە دابڕانیدا لە ڕەخنەی مارکسیستیی «نوێ هێگێلی» بەڕاستی سەرچڵە.

هەنووکە کراوەتە ئینگلیزیش:

A Theory of Literary Production (London, 1978).

Marx and Engels, On Literature and Art ed. L. Baxandall and S. Morawski (New York, 1973).

پوختەیەکی کامڵی بۆچوونە پرژ و بڵاوەکانی مارکس و ئێنگێلس لە بارەی بابەتی هونەر و ئەدەبیات.

G. Plekhanov, Art and Social Life (London, 1953).

کۆمەڵەیەکی وتارە سەرەکییەکانی پێلخانۆڤ لە مەڕ ئەدەبیات.

J. -P. Sartre, Whate is Literature? (London, 1967).

ئاوێتەیەکی مارکسیزم و ئیگزیستانسیالیزم کە بریتییە لە بۆچوونگەلێکی روونکەرەوە لە بارەی پێوەندیی نێوان نووسەر لەگەڵ زمان و دەروەستیی سیاسی.

L. Trotsky, Literature and Revolution (Ann Arbor, 1971).

بەرهەمێکی کلاسیك لە بواری رەخنەی مارکسیستی و فایلێکی لە خۆگری رووبەروو بوونەوەی نێوان رێبازەکانی رەخنەی مارکسیستی و غەیری مارکسیستی لە رووسیای بولشویکی.

سەرچاوەی ئەم کتێبە:

This is a Kurdish translation of:

Terry Egleton

Marxism and Literary Criticism

First published 1976

by Methuen & Co. Ltd

First published in Routledge classics 2002

Translated into Kurdish by: Abdolkhalegh Yaghoob 2008

## پێڕست


ئاماژەیەکی وەرگێڕ ........ ٧

پێشەکی بۆ چاپی مارکسیزم و ڕەخنەی ئەدەبی لە کۆمەڵە دەقە کلاسیکییەکانی ڕاتلیج ........ ٩

پێشەکی ........ ١٥

١- ئەدەبیات و مێژوو ........ ١٩

مارکس، ئێنگێلس و ڕەخنە ........ ٢١

ژێرخان و سەرخان ........ ٢٤

ئەدەبیات و سەرخان ........ ٣٠

ئەدەبیات و ئایدیالۆژی ........ ٤٠

٢- فۆڕم و ناوەڕۆك ........ ٤٥

مێژوو و فۆڕم ........ ٤٧

فۆڕم و ئایدیالۆژی ........ ٥٢

لوکاچ و فۆڕمی ئەدەبی ........ ٥٥

گۆڵدمەن و پێکهاتە خوازیی ڕسکانەیی ........ ٦١

پییەر ماشێری و فۆڕمی بێ ناوەند ........ ٦٤

٣- نووسەر و دەروەستی ........ ٦٧

هونەرو پرۆلتاریا ........ ٦٩

لێنین، ترۆتسکی و دەروەستی ........ ٧٢

مارکس و ئێنگێلس و دەروەستی ........ ٧٦

تیۆریی نواندنەوە ........ ٨٣

دەروەستیی ئەدەبی و مارکسیزمی ئینگلیزی ........ ٨٩

٤- داهێنەر وەك بەرهەمهێنەر ........ ٩٥

هونەر بە واتای بەرهەمهێنان ........ ٩٧

والتێر بێنیامین ........ ٩٩
بێرتۆلد برێشت و شانۆی حیماسی ........ ١٠٢
فۆرم و بەرهەمهێنان ........ ١٠٦
ڕیالیزم یان مۆدێرنیزم؟ ........ ١١١
ئاگایی و بەرهەمهێنان ........ ١١٣
پەڕاوێزەکان ........ ١١٨